# خەونە نمایشێک



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئۆگۆست ستريندباری

# خەونە نمایشێک

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە:

دلاوەر قەرەداغی



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: خەونە نمایشێک
نووسینی: ئۆگۆست ستریندباری
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی
پێداچوونەوەی: گۆران مەریوانی
پێشەکی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە:٨٥٠
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢١٤ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# خەونە نمایشێک

کۆڕپەی ژانە بەسۆکانی ستریندباری

دانا ڕەئووف

## قەیرانی سێپتێمبەر

پایزی ساڵی ١٩٠١ ستریندباری بەتەنگژەیەکی دەروونی گەلێ ئاڵۆزدا تێ دەپەڕێت و بەپێی نامە و یاداشتەکانی، ئەو قەیرانە گرانترین ساتەکانی ژیانی بووە و پسپۆڕانی بواری سریندباری بە "قەیرانی سێپتێمبەر" ناوزەدیان کردووە. " چل ڕۆژ ئازار و پەژارە، گرانترین ساتەکانی ژیانم" وەک ستریندباری خۆی ئاماژەی بۆ کردووە.

ئەم تەنگژە دەروونییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنە بچووکەکەی، هارییەت بوسە، بەسکی پڕەوە ستریندباری بەجێ دەهێڵێ و بەپێی نامەیەکی هارییەت بوسە کە لە ٢٢ ی مانگی ئۆگۆستی ساڵی ١٩٠١ دا نووسیویەتی "کە چی تر ناگەڕێمەوە بۆ لات". ستریندباریش لە وەڵامێکی ئەو نامەیەدا وتوویەتی: «بەهیچ شێوەیەک ئەم پێوەندییە خێزانییەمانم بۆ لێک نادرێتەوە، خۆشترین و ناشیرینترین ساتەکانی ژیانمە. هەندێ جار تەنیا خۆشەکەیان دێتە پێشەوە، بەمەش دەگریم، دەگریم تا خەوم لێ دەکەوێت، بۆ ئەوەی بەشە ناشیرینەکەیم بیر بچێتەوە.»

لەم ساتانەدا هەست و سۆزێکی بەهێز و هەڵچوو بەهەموو



شێوەیەک شاڵاوی بۆ ستریندباری هێناوە، تەنگی پێ هەڵچەنیوە و بەتەواوەتی تێکی شکاندووە. ستریندباری تووشی ئازارێکی دەروونی دەبێت لە نێوان بیرکردنی ساتەوەختەکانی ژیان لەگەڵ هارییەت بوسە و ڕقێکی گەورە[١].

ژیانی ستریندباری لەم تەنگژە چل ڕۆژییەدا دەبێتە دۆزەخ و بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، هەر لەم کاتەدا سەرقاڵی نووسینی کۆمەڵێ شانۆنامە بووە، یەکێکیان خوڵقاندنی جیهانێکی تایبەتمەند بووە و لەو جیهانەدا وێنەیەکی شکۆداری کریستینا، شاژنی سوێد کە پایە و ڕۆڵێکی گەورە و گرینگی لە مێژووی سوێددا هەبووە و کارەکتەرێکی بەهێز و لێهاتوو بووە دەنەخشێنێ، لە هەمان کاتدا وێنە خەونئامێزەکانی کۆشکە هەڵکشاوەکەی شانۆنامەی "خەونەنمایشێک" ڕۆدەنێت. ستریندباری هەردوو شانۆنامەی "کریستینا" و "خەونەنمایشێک"ی بەتایبەتی بۆ هارییەت بوسە نووسیون.[٢]

کە ستریندباری شانۆنامەکانی نووسیون، کارەکتەرە سەرەکییەکانی لە هارییەتدا بینیون و بۆ ئەوی نووسیون، هارییەتی لەسەر شانۆ و لەو ڕۆڵانەدا بینیون، هەڵسوکەوت و جووڵانەوەکانی، نەبرەی دەنگ و نیگا و زەردەخەنەی سەر لێوی. هارییەت هەمیشە لە بیر و هۆشی ستریندباریدا ژیاوە و لە کارەکتەرەکانیدا گەمەی کردووە، بەمەش ویستوویەتی کار لە هارییەت بکا و بگەڕێتەوە بۆ لای.

هارییەت بوسە خاوەنی جوانییەکی سروشتی و ئەفسووناوی بووە، قژێکی پڕی ڕەش و درێژ، چاوەکانی بادامیی، سیمایەکی پڕ لە نهێنی و بالایەکی بەرزی هەبووە و زیاتر وەک فیگۆرێکی میتۆلۆژی هاتووەتە پێش چاو. ڕۆژی پێنجی ئۆکتۆبەر، دوای چل شەو و چل ڕۆژ هارییەت بوسە دەگەڕێتەوە بۆ لای ستریندباری و شانۆنامەی خەونە

نمایشێکیش، دوای ئەم گەڕانەوەیە، لە خۆشترین ساتەکانی ژیانی ستریندباریدا و تەنیا بەچەند هەفتەیەک و لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٠١ دا نووسراوە[٣].

هارییەت بوسە لە چەندین نامە و بۆنە جیاوازەکاندا دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە ستریندباری ڕۆڵی ئەگنێس، کچی ئیندرای خواوەندی بۆ ئەو نووسیوە. ستریندباری خۆشی لە یەکێک لە نامەکانیدا کە بۆ هارییەتی نووسیوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوازدەی سێپتێمبەری ١٩٠١، نووسیویەتی: «کۆشکە هەڵچووەکان دەنووسم، مەزن، جوان هەروەک خەونێک. بێگومان شانۆنامەکە باسی تۆ دەکات، ئەگنێس کە بەندەکە لە کۆشکەکە ڕزگار دەکەیت.» ستریندباری هەر لە یاداشتەکانی ئەم قۆناخەیدا نووسیویەتی: «خۆشەویستی گوناهە، هەر لەبەرئەوەشە کە بیرکردنەوە لە خۆشەویستی گەورەترین دۆزەخە کە لەسەر زەوی هەیە.»

یەکێک لە مۆتیڤە سەرەکی و گرینگەکانی خەونەنمایشێک مەسەلەی نایەکسانی و ئازار چێژتنە، ئەم مەسەلەیەش بەشێوەیەکی بەهێز لەلای کارەکتەرە پیاوەکان بەرجەستە دەبن، ئەم کارەکتەرانەش هەموویان، بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەزموونی ژیانی ستریندباری خۆیین[٤].

ستریندباری بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە دژی ئافرەت بووە و لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا هێرش دەکاتە سەر ئافرەت و ئافرەت دەکاتە هێماگەلێکی دڕندە، دێوەزمە، گێل، ناپاک و شێت. بەڵام لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا بەتەواوەتی لە ئافرەت خۆش بووە و لەو ڕقە بەهێزەی کە لە ژن هەیبووە، دوورکەوتووەتەوە و شانۆنامەکەی لەو دیدە بەتەواوەتی خاوێن کردووەتەوە و لەبری ئەوە بووەتە لایەنگری



ئەوان و نوێنەری خواوەند و دەنگی مرۆڤایەتی لە کارەکتەری کچەکەی ئیندرا "ئافرەتێک"دا بەرجەستە دەکات و ئەو ڕۆڵ و بەها گەورەیە دەبەخشێتە ئافرەت. ئەگنێس گەشتێکی خواوەندی بە ناوەوە و دەرەوەدا دەکات، لە ئاسمانەوە، لە باوەشی هەورەکانەوە دێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی و زۆر بەقووڵی خۆی دەخزێنێتە نێو ئەزموونەکانی خۆشەویستی، خێزان، دەست لێک بەردان، ڕێکەوتن و ئاشتبوونەوە و تەنانەت مەسەلە کۆمەڵایەتییە جیاواز و هەمە چەشنەکانیشەوە. لە هەمان کاتدا جووڵانەوە و ئاراستەیەکی پێچەوانەش لە ناوەوە بۆ دەرەوە، لەم ئاراستەیەوە ئەگنێس گەورە دەبێت، دەکرێتەوە و لە جیهانە بچووکەکەوە دێتە دەرەوە و ئاوێزانی جیهانە گەورەکە، گەردوون و تێکەڵاوی مرۆڤ دەبێت. لەم گەشتەوە ئەگنێس لە کچی خواوەند دەبێتە مرۆڤ و هەست بە ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ دەکات.

خەونە نمایشێک بەهایەکی گەورەی لەلای ستریندباری هەبووە، ستریندباری زانیویەتی کە داهێنانێکی گەورەی کردووە و لە یەکێک لە نامەکانی ساڵانی ١٩٠٧ دا کە بۆ وەرگێڕە ئەڵمانییەکەی نووسیوە دەڵێت: «خۆشەویستترین دراماکانم، کۆرپەی ئازارە گەورەکەم.» لە خەونە نمایشێکدا تەکنیک باڵادەستە، لە ڕووی مێژووییەوە بێ هاوتایە، لەڕوی مانا و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەند و بێ سنوورە، بەڵام لەڕووی هێڵی گشتی ڕووداوەکانەوە، هەروەک خەونێک پچڕ پچڕە[٥]. خەونە نمایشێک شانۆی شیعرە، شیعرە لە شانۆدا و فانتازیایەکی شیعریی بنەماکانی پێک هێناوە (شیعر چییە؟ واقیع نییە، بەڵام زیاتر لە واقیع، خەون نییە، بەڵام خەونێکی بێ ئاگایە» وەک ستریندباری ئاماژەی بۆ کردووە.

هیچ شانۆنامەیەکی تر لە مێژووی شانۆ و مێژووی ئەدەبدا هێندەی خەونە نمایشێک وێنەی جیاواز و چوونیەک لەخۆ ناگرێت، دیمەن و بەشەکان کە لە شیعرەکاندا بەرجەستە دەبن، خێرا و لە چاوترووکانێکدا لە یادەوەریماندا دەچەسپێن و جێگەیەکی گرینگ و پێگەیەکی بێ وێنەی لەلای شانۆکاران، بینەران و خوێنەران، بەدرێژاییی مێژوو بەدەست هێناوە.

خەونە نمایشێک بەزمانێکی بینراو، بەرجەستەکراو و وێنەیی نووسراوە و خودی دیالۆگەکانیش بەرهەمی وێنە خەونییەکانە، ئەو وێنانەی کە ستریندباری بەوێنەیەک لە ژیان ئاماژەیان بۆ دەکات.

ئەم نووسەرە هەوڵی داوە کە هەموو کارەکتەرە پیاوەکان لە کارەکتەرێکدا کۆ بکاتەوە و هەموو ئافرەتەکانیش لە ئافرەتێکدا. لە سەرەتادا بیری لەوە کردووەتەوە کە هەموو شانۆنامەکە تەنیا دوو کارەکتەر، پیاوێک و ئافرەتێک لەخۆ بگرێت و لە یەکێک لە دەستنووسە کۆنەکانیدا کارەکتەرەکانی لە ژێر دوو ناودا، یان دوو خانەدا: پیاو و ئافرەت کۆ کردووەتەوە. هەر لەو دەستنووسە کۆنانەدا پێشنیازی چەندین ناونیشانی بۆ شانۆنامەکە نووسیوە، بۆ نموونە درامای ڕاڕەوەکە، کۆشکێکی هەڵکشاو، کچی ئیندرا، هەروەها ئەم ناوانەشی بۆ یمەنەکان نووسیوە: پایز، دوای هاوین، زستان و سەرلەنوێ پایز. بەڵام دوایی لەسەر خەونە نمایشێک گیرساوەتەوە.

خەونیش وەک مەسەلەیەکی گرینگ زۆر سەرنجی ستریندباری ڕاکێشاوە و بەردەوام لە بەرهەمەکانیدا سوودی لێ وەرگرتووە، بەکاری هێناوە و گەڕاوەتەوە سەریان. ستریندباری لە ساڵی ١٨٨٧ دا وتوویەتی: «من وا هەست دەکەم بەدەم خەونەوە دەڕۆم، هەروەک ئەوەی



ژیان و شیعر تێکەڵاو بووبێت.» ئەم وێنەیەش بەشێوەیەکی گشتی لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە بەشێکی گرینگی ڕووداوەکان، بەتایبەتی ناوەندێکی گرینگی ئەم دیمەنەیە:

**شاعیر:**

کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

**کچەکە:**

یان خەون!

**شاعیر:**

یان شیعر

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

بێگومان ستریندباری سوودی لە وێنە میتافۆرییە ورد و پارچە پارچەکانی خەونەکانی خۆیشی وەرگرتووە و لە دەروازەکانی بەکارهێنانێکی تری زمانەوە، ژیانێکی تری کردووە بە بەردا. هەر ئەم خەونانە بوونەتە وێنە و وێنەی مەجازی و دیمەنەکانی خەونە نمایشێکی لەسەر بنیات ناوە[٦].

## خەونە نمایشێک باسی چی دەکات

کچی ئیندرای خواوەند لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە تا لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی ژیانی مرۆڤایەتی بکات و گوێ لە ئازار و پەژارە و خەمەکانیان بگرێت. ئەم کچەی ئیندرا لە گیانی ئاگنێسدا بەرجەستە دەبێت و لە سەرەتای گەشتەکەیدا لەسەر زەوی و لە بەردەمی کۆشکێکدا کە بەردەوام گەورە دەبێت قسە لەگەڵ وەستایەکی شووشەدا دەکات[٧]. دوای ئەوە دەچنە کۆشکەکەوە تا ئەو ئەفسەرە

ڕزگار بكەن كە لە كۆشكەكەدا بەند كراوە. ديمەنەكە هەر زوو گۆڕانكارى بەسەردا دێت و دواتر ئەفسەرەكە لە ماڵى خانەوادەكەيدا دەبينين و دواتريش لە بەردەم دەرگەى ئۆپێراكەدا، هەر خێراش لەوە دەگەين كە ئەفسەرەكە ساڵ دواى ساڵ لە بەردەم ئەو دەرگەيەدا لە چاوەڕوانى ڤيكتۆرياى خۆشەويستيدايە.

دەرگەيەكى پڕ لە ڕاز و نهێنى ئەفسەرەكە تووشى دڵەڕاوكێ دەكات و پۆليس ڕێگەى پێ نادات كە ئەو دەرگەيە بكاتەوە، بەڵام ئەفسەرەكە كۆڵ نادات و دەچێتە لاى پارێزەر تا مەسەلەكەى بۆ بگەيەنێتە دادگا. پارێزەرەكە ئەگنێس دەبينێت و هەر لەوێدا ئەوەى بۆ دەگێڕێتەوە كە هەر ئێستا بڕوانامەى دوكتۆراى لەبوارى ياسادا پێ دەبەخشرێت، لە ديمەنێكى تردا، لە كڵێساكەدا سەما و ئاهەنگى بڕوانامە بەخشينەوەيە، بەڵام پارێزەرەكە بڕوانامەكە وەرناگرێت، لەبەرئەوەى بەرگرى لە ئازارەكانى مرۆڤ كردووە. ديمەنەكە لە كڵێساكەوە دەبێتە ئەشكەوتى فينگال و لە هەمان كاتدا پارێزەرەكە و ئەگنێس بڕيارى ئەوە دەدەن كە ژيانى هاوسەرى پێكەوە بنێن. ژيانى ژن و مێردايەتى كچەكە و پارێزەر بەئاژاوە و ناخۆشى كۆتايى دێت و ئەفسەرەكە دێت تا كچەكە لەو دۆزەخە ڕزگار بكات، بەڕزگاربوونى كچەكە دەچينە ناو ديمەنەكانى سكامسيوند و فاگێرڤيك. كە كچەكە لە دواى ئەم ديمەنانەوە دەگەڕێتەوە شاعيرێك دەبينێ، كچەكە دان بەوەدا دەنێت كە ژيانى سەر زەوى بێزارى كردووە و بڕيارى داوە بۆ ئاسمان بگەڕێتەوە.

ديمەنەكە دەگۆڕدرێت بۆ ڕاڕەوى شانۆكە و دواتريش دەرگەكە دەكرێتەوە، هەموو لەو بڕوايەدان كە لە پشت دەرگەكەوە نهێنى مەتەڵەكانى گەردوون خۆى حەشارداوە و ئەوانەشى كە لەوێدا



كۆبوونەتەوە و چاوەڕوانى كردنەوەى دەرگەكەيان دەكرد، دەيانەوێت لە نهێنييەكان بگەن. وەستاى شووشە دەرگەكە دەكاتەوە، بەڵام دواجار هيچ شتێك لە پشت ئەو دەرگەيەوە نييە.

لە دوا ديمەندا كە سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە بۆ بەردەم كۆشكەكە، هەر وەك ديمەنى يەكەم، كچەكە لە ساتەكانى ماڵئاواييدايە و كۆشكەكەش دەسووتێت، كچەكە دەچێتە كۆشكەكەوە، بەو شێوەيەش لە دەروازەى ئاگرەكەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان و خونچە گوڵێكيش لەسەر سەربانى كۆشكە سووتاوەكە دەپشكوێ و دەبێتە گوڵە بەيبوونێكى گەورە.

## سێينەيەكى گرينگى خەونە نمايشێك

سێ مەسەلەى سەرەكى لەم شانۆنامەيەدا بەڕوونى، وەك سێينەيەكى پێكەوە بەستراو ديارە، يەكەميان: " مرۆڤ شايانى بەزەييە ". ژيان بەشێوەيەكى گشتى لەسەر زەوى ئازار و ژانە، خواوەندەكانيش پێويستە كە ئەم ڕاستييە بزانن. دووەميان:" خۆشەويستى بەسەر هەموو شتێكدا سەردەكەوێت"، لەوانەيە خۆشەويستى بتوانێت كە ڕێگەيەك لە نێو ئەم ئازار و ژانەدا بدۆزێتەوە. سێيەميشيان:" هەڵهێنانى مەتەڵى جيهان". ئەوەى لە پشت ئەو دەرگە ئەفسووناوييەوە پێويستە ئاشكرا بكرێت كە بنەماى ئازارەكانى مرۆڤى لەسەر بنيات نراوە، يان ماناكانى، ڕێگەيەك بۆ كۆتاييهێنان بەو دەرگەيەوە بەندە.

## سەرچاوە میتۆلۆژی و فەلسەفییەکانی خەونە نمایشێک

ستریندباری بۆ نووسینی شانۆنامەی خەونە نمایشێک پەنای بردووەتە بەر چەندین سەرچاوەی فیکری، میتۆلۆژی و ئاینە کۆنەکان و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودی لێ وەرگرتوون و بەشێوەیەکی سەرکەوتووش بەکاری هێناون.

هەروەها ستریندباری کە ئاوڕی لە بەکارهێنانی میتۆلۆژیا جۆراوجۆرەکان داوەتەوە، بیری لەوە کردووەتەوە کە دەبێت بەشێوەیەکی ڕاستگۆ و بێ شێواندن لە چاوگە ڕوحییەکان بڕوانێت و بەشێوەیەکی قووڵ پابەند بێت بەژیانی ڕاستی و واقیعی ژیانەوە. هەموو هێماگەلێکی میتۆلۆژیی، روحی یان ئەفسانەیی، دەبێت لە پشت چوارچێوەیەکی پڕ لە وردەکاریی ڕاستیدا خۆیان حەشار دابێت. میتۆلۆژیا و ئاینی هیندی و فەلسەفەی شۆپینهاوەر هەر لە سەرەتاوە جێگەی سەرنجی ستریندباری بوون و لە زۆر لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

ئاینی هیندییش لە ڕێگەی بوودیزمەوە سەرنجی ستریندباری ڕادەکێشێت، لە یەکێک لە نامەکانیدا کە لە ساڵی ١٨٩٦ دا نووسیویەتی، ئاماژەی ئەوە دەکات کە تازە لە خوێندنەوەی کتێبێکی سەفەرنامە، بۆ هیندستان بووەتەوە. لە هەمان نامەدا باسی ئەوەی کردووە کە کتێبەکە زۆر بەوردیی ئاینی هیندیشی ڕوون کردووەتەوە و لەو ڕوونکردنەوەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە چۆن باڵاترین ئاستی بەرەو پێشەوەچوون و گەشەکردنی مرۆڤ بریتییە لە خۆ ڕزگارکردن لە خود، هەروەک وەهمێک، بەمەش بەدەستهێنانی هەستکردن و هەستی بەزەیی بەئازارەکانی ئەوانی تر گەشە دەکات. ئەم مەسەلەیەش



ناوەندێکی گرینگی بیرو بۆچوونەکانی ستریندبارییە لە خودی شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا.

ستریندباری لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا تەنیا سوودی لە میتۆلۆژیای هیندی وەرنەگرتووە، بەڵکو بەشێوەیەکی دەوڵەمەند، چڕ و لە دیدی داهێنانێکی گەورەوە، چەندین دیانەت، میتۆلۆژیا و فانتازیا تێکەڵاو دەکات و میتۆلۆژیایەکی تایبەتمەندی شانۆیی دەخوڵقێنێت. لەم کارەیدا جگە لە دیانەت و میتۆلۆژیای هیندی، میتۆلۆژیای گرێکی و ڕایەڵە ئەفسووناوییەکانی ئینجیل، بوودیزم، سوودی لە چیرۆکی ترادیسونی سوارچاکەکان و هەروەها چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە وەرگرتووە.

بەکارهێنانی ئەم هەموو زنجیرە، میناتۆر و وێنە جیاوازانە پێکدا دەچن و لە بەرئەنجامدا یەک وێنەی سەراپاگیر و یەکگرتوویان پێکهێناوە. ئیندرای خواوەند لە میتۆلۆژیای هیندیدا هیچ کچێکی نەبووە و ستریندباری ئەو مەسەلەیە وەک هێما و مەجاز بەکار دەهێنێ.

ئەگنێسیش نزیکە لە "ئاگنی" خواوەند ئاگری هیندی، ئەم خواوەندە کارەکانی تایبەتمەند بووە بەگەیاندنی پەیام یان ناوبژیکردنی نێوان خواوەند و جیهانی مرۆڤ. ستریندباری لە یەکێک لە یاداشتەکانی ئەو دەمەیدا کە خەریکی نووسینی شانۆنامەی خەونە نمایشێک بووە، دەڵێت: «ئاینی هیندی زۆر شتی لە خەونە نمایشێکدا بۆ چارەسەر و ڕوون کردوومەتەوە، بەتایبەتی مانای کچی ئیندا، نەینی دەرگەکە=عەدەم. هەموو ڕۆژەکە خەریکی خوێندنەوەی بوودیزم بووم[٨].»

لە پاڵ بوودیزم و میتۆلۆژیای هیندیدا، خەون بابەتێکی گرینگ بووە

له ژیانی تایبەتی و له بەرهەمەکانی ستریندباریدا خەونه ڕۆژانەکانی و ئەو خەونانەشی کە دەیبینین، زۆر جار ئەو خەونانەی کە دەیبینین دواتر تۆماری کردوون و لە کاتی نووسیندا گەڕاوەتەوە سەریان و بەکاری هێناون. ستریندباری لە کتێبی "تەنیایی"دا کە لە ساڵی ١٩٠٣ دا نووسیویەتی، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە خەون بەشێوەیەکی لۆجیکی و زانیاری لێک داوەتەوە.

چەندین کتێبی لێکدانەوەی خەون و زانیاری و ئەدەبی سەبارەت بەخەون لە کتێبخانە تایبەتمەندەکەی ستریندباریدا دۆزراوەتەوە. لە ڕاستیشدا گەڕان و لێکۆڵینەوە زانیارییەکانی خەونیش لە ناوەڕاستی ١٨٠٠ەکانەوە دەرکەوتووە. فرۆید لێکۆڵینەوە و کتێبە گرینگەکانی خۆی سەبارەت بەلێکدانەوەی خەونەکان لە ساڵانی ١٩٠٠ و ١٩٠١ دا بڵاو کردووەتەوە. بێگومان تا ئێستا شانۆنامەی خەونە نمایشێک تاکە بەرهەم و گەورەترین شاکارە کە لە تەکنیک و جیهانی خەونەکان نزیک بووبێتەوە. هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ستریندباری کتێبەکەی فرۆید سەبارەت بەخەونی بەردەست کەوتووە و خوێندوویەتییەوە.

هەندێ لێکۆڵەرەوەی تر دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هەرچەندە فرۆید و شۆپینهاوەر وایان لە مرۆڤ کردووە بەچاوێکی نوێوە بڕوانێتە خۆی، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک لە بەردەستدا نییە دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە ستریندباری فرۆیدی خوێندبێتەوە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ستریندباری لە سۆنگەی خەونەکانەوە، توانیویەتی کارەکتەری زیندوو، ئەتمۆسفێری فانتازیئامێز، ڕووداوی بێ سنوور لە پانتاییەکی جیاوازی دوور لە کات و شوێنە تەقلیدییەکانەوە دەستەبەر بکات.



ستریندباری دەیەوێت بەم شانۆنامەیە دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە ژیان پەژارەیە. بنەمای ئەم بیرۆکەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە دەڵێن لە ڕوانگەی ئازار و ژانەوە دەگەینە دیدێکی ڕوون و ئاشکرا. لە پشت وتەی کچەکەشەوە کە دەڵێت:"مرۆڤ شایانی بەزەییە" فەلسەفەی شۆپینهاوەر خۆی حەشار داوە، بەتایبەتی بەهای ئازارەکانی مرۆڤ، بەرزترین ئاستەکانی پاکییە. ستریندباری کاریگەری کتێبەکەی شۆپینهاوەر "جیهان وەک ئیرادە و بیر" ی بەسەرەوە بووە و بیرۆکە فەلسەفییەکەی ئەو کتێبەش «گرینگی ئیرادەی ژیان زیاتر بوونێکە لە ناوەوەیە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەوە تەنیا بەرەو هەستکردن بەنەبوونمان دەبات، بۆیە پێویستە نەفی ئەو بوونە بکرێت.» ئەم کاریگەرییەش تەنیا لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو بەر لە خەونە نمایشێک لە سێینەی بەرەو دیمەشق و سۆناتای تارماییدا ناوەندێکی گرینگە.

## تەکنیک و تەکنیکی خەون لە خەونە نمایشێکدا

ستریندباری ئاگای لە ڕەوتی شانۆی جیهانی بووە و پێوەندییەکی بەردەوامی بەشانۆی ئەوروپییەوە هەبووە، گۆڕدن گریکی ناسیوە و سەردانی شانۆکانی پاریس و بەرلینی کردووە. بۆ نموونە لە ساڵەکانی ١٨٠٠ەکاندا کە لە پاریس دەبێت، بەردەوام سەردانی شانۆی Chat Noir دەکات و ئەم شانۆیەش وەک گازینۆیەکی هونەری وابووە و لە نمایشەکانیاندا وشە، وێنە و مۆسیقا لە یەکەیەکی هونەریدا یەکیان گرتووە و ستریندباریش چەندین جار دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە خەون بەشانۆیەکی ئاوهاوە دەبینێت.

خەونە نمایشێکیش بۆ ستریندباری شیکردنەوەی وزە و ئێستاتیکای شانۆ بووە، بوارەکانی کردە و دیدی شانۆی تاقی کردووەتەوە و تا ئەودیو و ناوەوەی شتەکانی بەکار هێناوە، دید و بوارە نابابەتییەکانی پێکەوە گرێداون و سەرلەنوێ بەرجەستەی کردوونەتەوە. ستریندباری لەم شانۆنامەیەدا، بەهەمان شێوە لە شانۆنامە گوزارشتئامێزەکانیدا، یاساکانی تەماشاکردن و گەوهەری بنیاتنانی وێنەکان بەتەواوەتی دەگۆڕێت، بەتایبەتیش هەر لە ڕێگەی بەدەستهێنان و خولڨاندنی دنیایەکی بینراو یان ژوورێکی شیعرئامێزی بینراوەوە، ژوورێک بۆ بینین، نەک بۆ دانیشتن و گفتوگۆ، ئەمەش تەواو پێچەوانەی سەدەی هەژدە و تەوژمەکانی شانۆی ریالیزم و ناتورالیزم بووە[٩].

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کە لە بەشێکی زۆری سەدەی بیستیشدا، شانۆنامەی خەونە نمایشێک بەشێوەیەکی ناتورالیستی پێشکێش کراوە و زۆر کەم لە ڕێژیسۆر و گرووپە شانۆییەکان توانیویانە ئەو جیهانە وێنە خەونییانەی شانۆنامەکە بدۆزنەوە و بەرجەستەی بکەن.[١٠] بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا کە شانۆیەکی ئەزموونگەری، ئەفانتگەر و پۆست مۆردێنیست دەروازەی شانۆکانیان کردەوە، شانۆنامەی خەونە نمایشێکی ستریندباری دەبێتە شانۆنامەیەکی گرینگی ئەم ڕێبازانە و نمایشەکانیشیان لە دید و خەونەکانی ستریندباری نزیک دەبێتەوە.[١١]

بەدرێژایی مێژوو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم شانۆنامەیە بەهەمان شێوەی کۆشکەکەی ناو شانۆنامەکە چ لەلای هونەرمەند، یان بینەران و پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانی شانۆوە لە هەڵچوون و داچوون و گۆڕانکاریدا بووە. زۆر وردەکاری و میناتۆری شانۆنامەکە





زەمینەیەکی واقیعی هەیە و ستریندباری ڕاستەوخۆ لە ژیانی خۆی و دەوروبەرەکەیەوە وەری گرتووە (دوایی زیاتر دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم خاڵە) بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە ستریندباری چۆن توانیویەتی ئەو مۆتیڤە واقیعییانە تێهەڵکێشی خەون بکات و واقیع و خەیاڵ لە تەکنیکی بەرزی خەوندا بەرجەستە بکات.[١٢]

ستریندباری لە پێشەکییەکی کورتی شانۆنامەکەیدا چەند دێرێک سەبارەت بەخەونە نمایشێک و تەکنیکی خەون دەنووسێت[١٣]، لەو پێشەکییەدا بەپێی ڕوونکردنەوەیەکی گیونار ئۆللێن کە پسپۆڕ و پشکنەری بواری شانۆی ستریندبارییە دەڵێت: «ستریندباری لەم نواندنە خەونەیدا کە بە نواندنە خەونەکەی پێشووی "بەرەو دیمەشق"ەوە ڕایەڵە، هەوڵی داوە لاسایی پێکەوە گرێنەدراویی بەڵام ساختەیی فۆرمە لۆگیکییەکەی خەون بکاتەوە. دەکرێ هەموو شتێک لە خەوندا ڕوو بدات، هەموو شتێک لە خەوندا شیاو و لواوە، زەمەن و شوێن بوونیان نییە، لەسەر بناخەیەکی نادیار و واقیعییانە وەهم دەڕێسێ و نەخشەگەلی نوێ دەچنێ: تێکەڵەیەک لە زەین، ئەزموون، هۆنینەوەی ئازاد، ناماقووڵییەت و ڕاگوزەری.

کەسایەتییەکان لەت دەبن، دووبەرابەر دەبن، دووبارە دەکرێنەوە، دەبنە هەڵم. دەئاخنرێن، ڕەوان دەڕۆن، گرد دەکرێنەوە، بەڵام ئاگاییەک چاوەڕێی هەمووان دەکات، ئەویش ئاگایی ئەو کەسەیە کە خەونەکە دەبینێت، چونکە چ نهێنیگەلێک، چ ناکۆکییەک، چ بیرێکی ویژدانیی و چ یاسایەک نیین. ئەو کەسەی خەونەکە دەبینێ داوەری ناکات، ڕاشکاوانە نادوێ، تەنێ دەگێڕێتەوە، بەوەی کە خەونەکە زیاتر دەردهاوەرە، بۆیە کەمتر شادمانانەیە، تۆنێکی لە خەم تێدایە،

لەمیانەی ئەو چیرۆکە پارسەنگ تێکچووەدا هەڵگری هاودەردییە لەگەڵ هەموو شتێکی زیندوودا. خەون، ڕزگارکەر، بەزۆری شەرماوەر وەدیار دەکەوێت، بەڵام کاتێ کە ئازارەکە دەجەڕێت، ئیتر خۆی بێداربوو دەبینێتەوە و کەسی ئازارچەشتوو لەگەڵ واقیعدا ئاشت دەکاتەوە، کە هەرچەندێک پڕ لە پەژارە بێت، بەبەراورد لەگەڵ خەونە ئازاراوییەکەدا، ئەو پەژارەیە لەم ساتەدا دەبێتە جۆرە لەزەتێک».

ئەم پێشەکییەش دووپاتکردنەوەیەکی ئاشکرای ئەم نووسەرەیە کە چ ئاگەدارییەکی سەبارەت بەلێکۆڵینەوە زانیارییەکانی بواری لێکدانەوەی خەونەوە هەبووە. ستریندباری لەوێدا ئاماژەی ئەوە دەکات کە چۆن لە خەوندا کات و شوێن و کەسی خەونبینەکەش بوونیان نامێنێ و هەموو سنوور و یاسایەک لادەبرێت.

ستریندباری لە خەونێکی بەئاگادا دەسوورێتەوە، هەروەها ستریندباری بۆ ئەوەی بینەرانی شانۆنامەکە لە نێو جیهانە بێ سنوور و نالۆجیکییەکەی خەوندا ون نەبن و بزانن چی دەبینن، بیرۆکەیەکی سەرەکی لە چەند دیمەنێکدا بە درێژاییی شانۆنامەکە لە هێڵێکی لۆجیکیدا بەرجەستە کردووە، هەر لەم دەروازەیەشەوە هەندێک جار لە سنووری خەونەکان دێتە دەرەوە.

خەونەکان هەمیشە بێ ڕەنگن، ڕەش و سپی دەنوێنن، بەڵام ستریندباری لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا ڕەنگ دەبەخشێت بەدیمەن و ڕووداوەکان، زۆر جار یان بەشێوەیەکی گشتی خەونەکان بەبێدەنگی تێ دەپەڕن و دەنگیان تێدا نییە، بەڵام ستریندباری خەونەکەی بە دەنگ و ڕەنگ و ئەتمۆسفێر دەوڵەمەند کردووە. شاعیرەکە بە کچەکە دەڵێت: "شیعر چییە؟" کچەکەش بەم شێوەیە



وەڵامی شاعیرەکە دەداتەوە: «واقیع نییە، بەڵام لە واقیع زیاترە، خەون نییە، بەڵام خەونە کە بە بێداریی دەبینرێ...) شوێن و کات بوونیان نییە، هەر لەبەرئەوەشە لە بەرچاوی هەمووانەوە ڕاڕەوە شانۆییەکە دەگۆڕێت و دەبێتە ژووری پارێزەرەکە، ژووری پارێزەرەکە دەبێتە کەنیسە، هەر لە چاوترووکانێکدا هاوین دەبێتە پاییز... هتد.

شانۆنامەکە سەرەتا لە ئاسمانەوە، لە باوەشی هەور و ئەستێرەکانەوە دەست پێ دەکات. کچەکەی ئیندرا لە ئاسمانەوە بۆ ناو تاریکی و پیسیی سەر زەوی دێتە خوارەوە، سەرەتا بۆ بەردەم کۆشکە هەڵچووەکە و دواتریش بۆ ناو کۆشکەکە، بۆ ناو ماڵەکە، بۆ ناو شارەکە. هەروەک فیلم سەرەتا لە دوورەوە، لە ئاسمانەوە وێنەی سەر زەوی دەگرێت، دوای ئەوە لە ڕوانگەی قووڵبوونەوە و هاتنەخوارەوە و لە وێنەیەکی وردەکاری و سەراپاگیرییەوە. شانۆنامەکەش بە شێوەیەکی وا ڕۆنراوە کە هیچ جۆرە گرژی و ململانێیەک، بەشێوە تەقلیدییەکە لەخۆ ناگرێت، بەڵکو لە ڕەوتی دیمەنە یەک لە دوای یەکەکانییەوە تیشک دەخاتە سەر گەشتەکەی کچەکە لەسەر زەوی. ستریندباری بەوپەڕی وریاییەوە ئەم گۆڕانکارییانەی بەشێوەیەکی ساکار و خێرا و بەبێ ڕتووش و هاتوهەرا ئەنجام داوە، بەشێوەیەک کە هەستی پێ نەکرێت و ئەمەش بەشێکی گرینگی سترکتوری شانۆنامەکەیە: ستریندباری بەهۆی ئەم تەکنیکە خەونئامێزەوە، ژیان لە کۆمەڵێ وێنەی پاش و پێشدا، لە میتافۆر و لە فۆرمێکی سەربەستدا شانۆ لە ڕێسا تەقلیدییەکانی، شوێن، کات و یەکەی ڕووداو ڕزگار دەکات. خەونبینەکە دەنگمانە کە هەرگیز گوێمان لێی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا و بەهۆی ستریندبارییەوە هەموو گەمەکان پێشکێش دەکات.

کارەکتەر و مرۆڤەکانی خەونە نمایشێک بوونیان هەیە، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت، هەروەها پێگە و ڕەوتی ژیانیشیان، کە ناتوانێ کاریگەرییان بەسەریانەوە هەبێت. زوربەی کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە و ڕەفتارەکانیان ناکرێت بەهیچ شێوەیەک لە ڕوانگەی پرۆسێسێکی سیکۆلۆجییەوە شرۆڤە بکرێن، هەر لەبەرئەوەش کە ئەوانە لە هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوەچووندا نین. ئەم کارەکتەرانە تەنیا لە پێکەوەگرێدراویی، یان ڕیزبەنیی ڕووداوەکاندا بوونیان هەیە. لەم جیهانە پڕ لە گۆڕانکارییەدا کەسانێکی زۆر دێن و دەچن، هەندێکیان هەروەک خەونێک لە هیچەوە دەردەکەون و لەبەرچاو ون دەبن، گوزارشت لە ئازار و ژانەکانی ژیان دەکەن. هەندێ لە کارەکتەرەکان پابەندی هێڵی سەرەکی دراماکەن، هەندێکی تریان بەسەربەستی بەنێو دیمەن و ڕووداوەکاندا دەبزوێن، بەڵام هەموویان لەبەردەم کۆشکەکەدا کۆدەبنەوە. هەندێ جار پێکەوە دەدوێن، یان ڕوو دەکەنە بینەران و هەندێ جاریش بە گلەیی و داخ و ئازارەوە ڕوو دەکەنە خودی خواوەند خۆی. خەونە نمایشێک شانۆنامەیەکی گەورەیە سەبارەت بەژیان کە هەروەک خەونێک وایە.

لەم تەوژمی خەونەدا چەندین خەون و خەونبین وەدیار دەکەون، هەر بۆ نموونە: ئەگنێس و ئەفسەرەکە، ئەگنێس و پارێزەر، ئەگنێس و شاعیرەکە. هەموو خەونەکانیش بەتەنیا و دواتریش لەگەڵ ئەوانی تردا دەردەکەون و گەشە دەکەن. هەندێ جار خەونی یەکێکیان دەبێتە بەشێک لە خەونی ئەوانی تر و بەمەش کاریگەرییەکی بەهێزیان بەسەر یەکترەوە دەبێت. دیمەنەکان تروسکە ئاسا دەچنە ناو یەکەوە، تێکەڵاو دەبن و کارەکتەرەکان دەچنە دیوارەکانەوە، بە دیوارەکاندا ڕەت دەبن و ڕووداوەکان لە جیهانێکی تارمایی ئاسادا دەجووڵێنەوە، لەگەڵ



ئەوەشدا هەمیشە هەست دەکەین کە زۆر نزیکین لە ڕاستی ژیان و واقیعەوە.

ستریندباری لەم خەونە نمایشەدا هیچ دیمەن و بەشێکی شانۆنامەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیاری نەکردووە، بەڵکو هەوڵ دەدات حاڵەتەکان، ڕووداوەکان و وێنەکان لە خەوندا بەرجەستە بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بە ئاسانی سێ بەش لە سترکتوری شانۆنامەکەدا جیا بکرێتەوە، ئەم بەشانەش بە دابڕانێکی کتوپڕی، یان وەدەرکەوتنی کەسێکی گرینگ یان پچڕاندنی ڕووداوەکان لە زنجیرەی دیمەنەکاندا، کارەکتەرەکانیش ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەژین، لە وێنەیەکی گشتگیردا دانراون و بە هێنانە دەرەوەیان دەمرن، شانۆنامەکەش بریتییە لە کۆمەڵێ وێنە، وێنەی هەڵوێستە و ڕەوشەکانی مرۆڤ، بەبێ دەروازە و دابەشکردن و جیاکردنەوەی دیمەنەکان.

## هێڵە گرینگەکانی خەونە نمایشێک

ستریندباری لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا میتۆلۆژیایەکی تایبەتمەندی داهێناوە، هێما و وێنە مەجازی و خەونەکان دەکاتە دەروازە و بنەمایەکی گرینگی ئەو میتۆلۆژیا مۆدێرنەی شانۆ.

ستریندباری کچێک بۆ ئیندرای خواوەند[١٤] دروست دەکات و دەینێرێتە سەر زەوی تا لە نزیکەوە لە گوزەران و بارودۆخی مرۆڤ بڕوانێ[١٥]. ستریندباری ئەم خواوەندە هیندییە تێکەڵاو و ئاوێتەی ئایینی مەسیحی و بوودیزم دەکات، لەم دەروازەیەوە ژیانی لاوێتی خۆی، پێوەندییەکانی بە ئاین بەشێوەیەکی گشتی و مەسیحییەت بەشێوەیەکی تایبەتی و قۆناخە ڕەشبینەکانی ژیانی و کاریگەری

فەلسەفەی شۆپینهاوەر و هاوتمانەوە.

ڕۆڵی کچەکەی ئیندراش لەسەر زەوی تەنیا دڵنەوایی و خەم ڕەواندنەوەی مرۆڤە مۆدێرنە کلۆڵەکان نییە، بەڵکو ئەو بۆیە هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، تا ئەویش شتەکان بەچاوی خۆی ببینێ. کچەکەی ئیندرا لە شانۆنامەکەدا ڕۆڵێکی دووفاقی هەیە، لەیەک کاتدا دەور بینە و لە هەمان کاتدا بێ دەسەڵاتە لە بەردەم سروشت و فۆرمی خەونبینەکەدا. کچەکە وەک ڕۆژنامەنووسێک وایە و ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بەباری مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە.

خوێندنەوەی خەونە نمایشێک لەیەک کاتدا ئاسان و گرانیشە، بەڵام هەموو خوێنەرێک، بینەرێک و هونەرمەندێک دەتوانێت شتێکی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، هەموو کەسێک بەشێوازی تایبەتمەندی خۆی، لە خەونە نمایشێکدا ڕووبەڕووی ستریندباری دەبێتەوە.

شانۆنامەکە سەفەرنامەیە، باسی ڕەوش و هەڵوێستەی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی دەکات، میناتۆر، مۆسایک، وێنەکان، مرۆڤەکان، ئەتمۆسفێر و جیهانی دەرەوە و ناوەوە، لە سترکتورێکی خەونەئامێزدا کۆ دەکرێنەوە و بەرجەستە دەکرێن. هەروەها شانۆنامەکە باسی زۆر شتی تر دەکات، هەر بۆ نموونە داواکاری ژیانێکی یەکسانی، نایەکسانی و نادادپەروەرییەکانی ژیان، هەستکردن بە ئازاری ویژدان، یان هەست نەکردنی، نهێنییەکانی ژیان، شەڕخوازی و خێرخوازی لەلای مرۆڤ و ماناکانی ئازار و ژان.

خەونە نمایشێک دەکرێت بەچەندین شێوە بخوێنرێتەوە، لێک بدرێتەوە و ڕاڤە بکرێت و هێماگەلی جیاواز و هەمە چەشنەی تێدا بدۆزرێتەوە. لەوانەیە لەلای ستریندباری خۆی "مرۆڤ شایانی



بەزەییە"، ئازارەکانی مرۆڤ و ئەو پرسیارەی کە بۆچی لە جیهاندا هێندە خەم و ئازار زۆرە، بەشێک بووبێت لە ناوەڕۆکە گرینگ و سەرەکییەکان. چاوەڕوانییش مۆتیڤێکی گرینگە لەم شانۆنامەیەدا، مرۆڤ دەبێت خۆی بە کاتەوە ببەستێتەوە، مەرگیش ڕزگارکەرە، هەروەها شانۆنامەکە بەرجەستەیەکی چڕ، قووڵ و بەربڵاوی بیر و هۆشی ستریندبارییە سەبارەت بە گومان و باوەڕ.

هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ستریندباری لەم شانۆنامەیەدا شتەکان لە ڕێگەی کارەکتەرە پیاوەکانەوە دەردەخات، دوای ئەوە کارەکتەرە ئافرەتەکان و لە بەرئەنجامیشدا هەموو شتەکان لە تەنیا یەک مرۆڤدا، بۆ ئەم مەبەستەش کارەکتەرە پیاو و ژنەکانی بەشێوەیەکی یەکسان دابەش کردوون، بەڵام ستریندباری بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کارەکتەری کچەکەوە هەموو کارەکتەرەکانی تر و ڕووداوەکان لە یەکەیەکی یەکگرتوودا کۆ دەکاتەوە.

ئەفسەر، پارێزەر و شاعیرەکە هێماگەلێکی هێزی ڕیتمی جووڵانەوەکانی ژیانن، هەروەها هەرسێکیان پێکەوە ئاماژە و هێماگەلی هێزی پیاون، هەروەک چۆن ئەگنێس هێماگەلی هێزی ئافرەتە و ئەوەی کە لە شانۆنامەکەشدا گرینگە، ئەو پێکداچوون و لێبووردەیی و لەیەک خۆشبوونەیە لە نێوان پیاو و ژندا. لە بەرئەنجامیشدا ئەو ئاشتبوونەوەیە تای تەرازووی نێوان هەموو هێزە گەورە و دژ بەیەکەکانە: ئافرەت و پیاو، ئاسمان و زەوی، خێر و شەڕ.

خەونە نمایشێک لە سێ بەش پێک هاتووە، لە بەشی یەکەمدا ئەفسەرەکە، لە بەشی دووەمدا پارێزەرەکە و لە بەشی سێیەمیشدا شاعیرەکە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. بەشی یەکەم لە بەردەم کۆشکەکەدا دەست پێ دەکات و لە ئەشکەوتی فینگال دا تەواو دەبێت، لەوێدا

کچەکە و پارێزەرەکە بەیەک دەگەن. بەشی دووەم لە ماڵی کچەکە و پارێزەرەکەدا دەست پێ دەکات و بە بڕیاری گەڕانەوەی کچەکە بەرەو ئاسمان کۆتایی دێت، بەشی سێیەمیش لە ئەشکەوتەکەدا دەست پێ دەکات، لێرەدا کچەکە شاعیر دەبینێ و دیمەنەکەش لە بەردەم کۆشکەکەدا کۆتایی پێ دێت. لە بەشی سێیەمدا ستریندباری چەند دیمەنێک لە بەشی یەکەم دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە: ئەشکەوتی فینگال، ڕاڕەوەکە و کۆشکەکە.

ستریندباری لە شانۆنامەی "بەرەو دیمەشق" دا کە ئەویش شانۆنامەیەکی گوزارشتئامێز و خەونە نمایشە، لە کەسایەتی "نەناسراو"ەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام لە خەونە نمایشێکدا لەهەر سێ کارەکتەرە سەرەکییەکەدا: ئەفسەر، پارێزەر و شاعیرەکەدا دەردەکەوێت.

ئەم سێ کارەکتەرە هەرسێکیان ڕووبەڕووی ئەگنێس، کچەکەی ئیندرا دەبنەوە و ئەگنێس دەبێتە ناوەندی شانۆنامەکە و هەموو لق و پۆپ و کارەکتەر و ڕووداوەکان کۆ دەکاتەوە. ئەفسەرەکە خەونبینێکی بەهیوایە، بەردەوام لە چاوەڕوانی ڤیکتۆریاکەی خۆیدایە، لە واقیع ڕادەکات و هەمیشە هیوا و خەونەکانیشی پشتی تێ دەکەن، پارێزەرەکەش پیاوی ڕاستی و واقیعە، بە دەست ئەرکە جێبەجێ نەکراوەکانییەوە لەسەر زەوی گیری خواردووە، بەندی ڕاستییە و لە پرۆسە دوورودرێژ و دۆزەخی ژیانی هاوسەریدا نێژراوە[١٦]، تەنیا شاعیرەکە دەتوانێت هاوسەنگییەک بدۆزێتەوە و چەند هەنگاوێک بەرەو ئاستە بەرزەکان، لەگەڵ کچەکەی ئیندرا دا بڕوات.

شاعیرەکە کارەکەی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە داواکانی مرۆڤ و ئازار و شکاتەکانیان بەرێت بۆ لای هێزە نەمرەکان. کەواتە ئەم سێ



کارەکتەرە خەون و ڕاستی پێکەوە دەبەستنەوە و لە بەرئەنجامدا شیعرێکی بەرز دەخوڵقێنن. خەونی ئەفسەر و پارێزەرەکە بۆ چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە و ئامادەبوونێکی زیاتریان لە خەونەکاندا هەیە، بەڵام شاعیرەکە زیاتر لە بەشی کۆتاییدا دەردەکەوێت.

شانۆنامەکە چەندین هێڵی ئەفسوونی و میتۆلۆژی لەخۆ دەگرێت و کارەکتەر و دیمەنەکان گۆڕانکاری خێرایان بەسەردا دێت، بۆ نموونە کچەکە گۆڕانکارییەکی بەردەوامی بەسەردا دێت و لە یەک کاتدا چەندین ڕۆڵی جیاواز دەبینێ: دەبێتە دایکی ئەفسەرەکە، خێزانی پارێزەرەکە و بەشێوەیەک لە شێوەکان خوشکی شاعیرەکە.

**کچەکە:**

چی لە مندا دەبینیت؟

کچەکەی ئیندرا ئەم پرسیارە لە ئەفسەرەکە دەکات، ئەو کارەکتەرە پیاوەی کە هەمیشە چاوەڕوانە و تووشی ڕووداوی نایەکسانی یەک لە دوای یەک دەبێتەوە، بەڵام ئەفسەرەکە لە وەڵامدا دەڵێت:

**ئەفسەرەکە:**

ئەو جوانییەی کە هارمۆنییەتە لە گەردووندا، هێڵگەلێک لە قەڵافەتتدایە کە من تەنیا لە خولگەکانی سیستمی خۆردا دەیبینمەوە، لە دەنگی خۆشی ژێدا، لە لەرینەوەکانی ڕووناکیدا، تۆ منداڵێکی ئاسمانیت..

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

کە کچەکە دێتە خوارەوە تا لە مرۆڤ بڕوانێ و ژیانیان بەسەر بکاتەوە، خۆیشی دەکەوێتە ژێر ڕوانین و تەماشاکردنەوە، ئەویش

دەبێتە بەشێک لەو ژوورە بینراوە، کچەکە لە هەمان کاتدا دەکەوێتە ژێر ڕوانین و تەماشاکردنی کارەکتەر و بینەرانیشەوە.

هەر سێ کارەکتەرە پیاوەکە لە بنەڕەتدا بەشێوەیەک لە شێوەکان پابەندن بە ژیانی ئەگنێسەوە و هەندێ لە شرۆڤەکارانیش ئاماژەی ئەوەیان کردووە کە لە خواوەندەکانی ئاینی هیندی دەچن: ئەفسەرەکە نوێنەری شەڕ دەکات، بەشێوەیەکی کاریگەر و چڕ ئامادەکاری بۆ شتەکان دەکات، پارێزەرەکە یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت، سنوورەکانی کار و فەرمانەکانی نێوان مرۆڤ دەستنیشان دەکات کە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخات، شاعیرەکەش وەک هونەرمەندێکی ئەفرێنەر لەو بنەما خولقێنەرانە دەچێت کە سەرەتاکانی گەردوونیان ڕاگرتووە.

ئەفسەرەکە لەگەڵ ڕۆیشتنی زەمەندا، چەپکە گوڵەکەی دەستی سیس دەبێت و خۆیشی دەچێتە تەمەنەوە و پیر دەبێت و ڤیکتۆریاش هەر نایەت. لە واقیعدا ستریندباری ئەم وێنەیەی لە ژیانی تایبەتی خۆیەوە وەرگرتووە. ستریندباری لە سەرەتای ژیانیدا کە "سیری فۆن ئێسن" خێزانی بووە، لە شانۆی پادشایەتی کاری کردووە و ستریندباری لەبەر دەرگەی شانۆکەدا چاوەڕوانی کردووە، کە پیریش دەبێت و بە تەواوەتی سەر و ڕیشی سپیین، بەهەمان شێوە و لە بەردەم هەمان دەرگەدا چاوەڕوانی کردووە، ئەمجارەیان چاوەڕوانی هارییەت بوسە، ژنە گەنجەکەی کردووە کە لە هەمان شانۆدا کاری کردووە و ستریندباری بۆ چەندین جار و لە وەرزە جیاوازەکانی ساڵدا، لە ناو دەرگەی شانۆکەدا چاوەڕوانی کردووە(١٧).

ستریندباری بەدیقەت و سەلیقەیەکی هونەری گەورەوە



شانۆنامەکەی نووسیوە، دیمەن بەدیمەن، بەوردیی داڕێژراوە و هەموو گۆڕانکارییەکان دەخاتە ڕوو، ئەتمۆسفێرەکان، دیمەنە وێنەییەکان، ژوورە جیاواز و فۆرمەکانیان دەنەخشێنێ و بەوردی هەموو شتەکانی دیاری کردوون.

«ئێستا دەنگگەلێک لەودیو پەردەی دوای شانۆوە دەبیسترێت کە یەکسەر دوا بەدوای ئەوە پەردەکە لادەچێت. ئەفسەرەکە و کچەکە لەوێ دەنۆڕن، پاشان چ بەقڵافەت و چ بەڕوخسار وشک هەڵدەگەڕێن. لەسەر مێزێک دایکەکە، ناتەندروستانە دانیشتووە، لە بەردەمیدا مۆمێکی پیو دەسووتێ کە جار جار بە مقەستی مۆم خاوێنی دەکاتەوە. لەسەر مێزەکە کراسی تازە دوراو کەڵەکە کراوە کە بە مەرەکەب و پەڕی قاز ئیشارەتیان لێ دەدات، دۆڵابێکی جلک لای چەپەوەیە. باوکەکە کەوایەکی ئاوریشم دادەنێت.»

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

ئەم ڕێنوێنییانەی ستریندباری یاریدەدرێکی باشی ڕێژیسۆر و لە هەمان کاتدا بینەرانیشە کە هەموو شتەکان بە وردی و کۆنکرێتی بەرجەستە کراوە. ستریندباری دەستنیشانی یەکە بەیەکە گۆڕانکاری، فۆند و کالوسەکانی کردووە کە چین و چۆن بن و چۆن گۆڕانکارییەکانیان بەسەردا دێت. بۆ نموونە بەشی دووەم لە ژوورێکی ماڵی پارێزەرەکە دەست پێ دەکات و ستریندباری لەم دیمەنەدا درامایەکی بچووکی مینیاتری ژن و مێردایەتی لە ناو خەونەکەدا دروست دەکات. ئەفسەرەکە دێت و ئەگنێس لەم دۆزەخە ڕزگار دەکات، هەرچۆن ئەگنێس لە سەرەتای شانۆنامەکەدا ئەفسەرەکە لە بەندایەتی

ڕزگار دەکات. لە هەمان کاتدا کە ئەفسەرەکە کچەکە دەباتە دەرەوە تا چێژ لە ژیان وەربگرێت، ژوورەکەش دەگۆڕێت و دەبێتە سکام سوند و ڤاگەرڤیک. جیهانە بچووکەکە بەڕووی جیهانێکی تری گەورە و فراواندا دەکرێتەوە[١٨].

## خەون و واقیع

کچەکە زیاتر پەی بەشتەکان دەبات و زیاتر لە مرۆڤ دەزانێت کە چارەنووس، ڕێچکەی ڕووداوەکان چ ئاراستەیەک وەردەگرێت، هەر زوو لەوە دەگات کە ژیان خۆی خەونە، وەهمێکە سەبارەت بەخۆشەویستی و بەختیاری. لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، کە کچەکە و شاعیرەکە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، شاعیرەکە فێر دەکات کە شیعر، هەر وەک خەون " زیاتر ڕاستییە". لەم چاووتروکانەدا، تێکەڵاوێکە لە خەون، لە شیعر، ڕاستی و واقیع.

**شاعیر:**

وا بزانم پێشتر ئەوەم بینیوە.

**کچەکە:**

منیش.

**شاعیر:**

ڕەنگبێ لە خەوندا بینیبێتم؟

**کچەکە:**

یان ڕەنگ بێ بەشیعر نووسرابێ؟

**شاعیر:**

یان بە شیعر نووسرابێ!



**کچەکە:**

کەواتە تۆ دەزانیت شیعر چییە!

**شاعیر:**

کەواتە دەزانم خەون چییە!

**کچەکە:**

وا بزانم پێشتر لە جێگەیەک یەکترمان بینیوە و ئەم قسانەمان کردووە!

**شاعیر:**

کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

**کچەکە:**

یان خەون!

**شاعیر:**

یان شیعر!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

لەم دیمەنەدا خەونەکان بەرگێکی شیعریی لەخۆ دەگرن و لە هەمان کاتدا لە سەرچاوەکانی ژیانەوە نزیک دەبنەوە، شیعر، خەون، ژیان و ئەفسانە تێکەڵاو دەبن. ئەگنێس و شاعیرەکە هەروەک ستریندباری لە یاداشتەکانی ئەو سەردەمەیدا، لە چەندین شوێن و بەبۆچوونی جیاوازەوە، دووپاتی کردووەتەوە " ژیان وەهمە "، شاعیرەکەش لێرەدا بەندی ئەو خەونە ڕاستییەیە کە خۆی دەیبینێت.

هەموو شتێک لە واقیعی ژیانی ئاگاوە هاتووە، ڕاستی واقیعێکە کە وەک خەونێک بەرجەستە دەکرێت و شیعر خەونێکی بەئاگایە. لە پشت

دنیادیدە و شیعرەکانی ستریندبارییەوە، بۆچوونە خەونەئامێزەکانی سەبارەت بەواقیع بەرجەستە دەبێت.

## کارەکتەرە سەرەکییەکان

**کچەکە/ ئەگنێس**

کچەکەی ئیندرا ناوەندی کارەکتەر و ڕووداوەکانە، ئیندرا خواوەندێکی بەدەسەڵاتە و کچەکەی دەنێرێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی تا لە نزیکەوە، بەچاوی خۆی ببینی کە چۆن دەژین[١٩].

کچەکە لە ناو هەموو ڕۆڵ و کارەکتەرەکاندا، تەنیا کەسایەتییەکە کە مرۆڤ لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە دەبینێت، تەنیا ئەوە کە دەبینێت مرۆڤ وەک کەسێکی شەڕانی لەدایک نەبووە، بەڵکو لە ژیاندا دەبێتە کەسێکی شەڕانگێز. کچەکە دەبینێت کە مرۆڤ چەندە بێ دەسەڵاتە و ناتوانێت لە بەرامبەر دروستکردن و خولقاندنی مێژووی خۆیدا هیچ بکات، هەر لێرەوە، جار لە دوای جار دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە:"مرۆڤ شایانی بەزەییە!" بەتایبەتیش لەو کاتانەدا کە دەبینێت مرۆڤ بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، کە تەقەلاکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو عەدەم دەچێت.

ئەگنێس ناچاری بینینی ئەو هەموو ئازار و پەژارەیە دەبێت، دەبینێ مرۆڤەکان دووچاری ئازار بوون و بەڵام توانای هیچی نییە بیکات و ناتوانی یارمەتییان بدات.

کچەکەی ئیندرا لەسەر زەوی تێکەڵاوی مرۆڤ دەبێت، ئەو لەیەک کاتدا مرۆڤە و خواوەندیشە، ئەمەش سنوورێکی ئاشکرای لە نێوان مرۆڤ و ڕەوش و ئەتمۆسفێرەکاندا بۆ دەستەبەر دەکات، هەر



لەبەرئەوەشی کە ئەو خەڵکی سەر زەوی نییە، زۆر بەباشی گوێی لە شتەکانە، دەبیستێ و دەبینێ. کچەکە هەوڵ دەدات ئەفسەرەکە لە بەندیخانە ڕزگار بکات، دەرگەوانەکە لە کارەکەی خۆی دوور بخاتەوە، تا ئەو لەبری دەرگەوانەکە گوێ بۆ ژان و ئازارەکانی خەڵکی شل بکات، لە ڕێگەی ئەوەوەی کە ببێتە ژنی پارێزەرەکە، دەیەوێت ئازارەکانی پارێزەرەکەش کەم بکاتەوە.

کچەکە لەو بڕوایەدایە کە ئەو بەهۆی ئەو هێزە خواوەندانەیەوە کە هەیەتی، بتوانێ بەرگەی هەست و سۆزەکانی، دژایەتی و ناکۆکییەکانی پێوەندییە خێزانییەکان ببێتەوە، بەڵام پێوەندییە ژن و مێردایەتییەکەی لەگەڵ پارێزەرەکەدا زۆر ناخایەنێ و هەڵدەوەشێتەوە. کچەکە وەک میوانێک لەلای مرۆڤ چەندین ڕۆڵ دەبینێت تا مرۆڤ ئاسوودە و ئازاد بکات، بەڵام خۆی وەک کەسایەتییەکی زۆرجار نادیار و گران دەبێت، هەندێ جار مرۆڤە و هەندێ جاریش کچی خواوەند و لە دەرەوەی کات و شوێنەوە چاودێری ژیان و ڕاستییەکان دەکات، لە ڕوانگەیەکەوە کە کەسانی ئاسایی ئەو توانایەیان نییە.

کچەکە کات بەپێوانەی ئاسمان، بەپێوانەی کچی خواوەند سەیر دەکات و یەک ساڵ بۆ ئەو یەک چرکەیە، دەرگەوانەکە کە کارێکی سەخت و گرانی بەسەر شانەوەیە و بەردەوام دڵی بۆ ئازاری خەڵکی کردووەتەوە، یەک چرکە هێندە درێژە، هەروەک ئەوەی ساڵێک بێت وەهایە.

(توند تاریک دادێت)

**ژنە دەرگەوان:**

(چراکە دادەگیرسێنێ)

ئەمڕۆ زوو ئێوارە داهات!

**کچەکە:**

یەک ساڵ بۆ خوا وەک دەقیقەیەک وایە!

**ژنە دەرگەوان:**

بۆ خەڵکیش دەکرێ یەک دەقیقە هێندەی ساڵێک درێژ بێت!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

دەرگەوانەکە باوەش بۆ ئازارەکانی ئەوانی تر دەکاتەوە، بەڵام ڕێگە بەکەسیش نادات کە بێتە ژوورەوە، دەرگەوانەکە وێنەیەکی تری کچەکەیە، وەک کچەکە وایە بە پیری و ئەو ئەزموونەی کە کچەکە دەیەوێت لەسەر زەوی کۆی کاتەوە، ئەو هەیەتی، هەر لەبەرئەوەشە کە شاڵەکەی خۆی پێشکێش دەکات.

لە کاتێکدا کە پارێزەرەکە باسی ئەرک و بەرپرسیاریەتی خۆی دەکات، کچەکە ئاماژەی ئەوە دەکات کە ئەو دوو ئەرکی هەیە و لەم نێوانەدا تووشی ئازار دەبێت. کچەکە دەبێت لە یەک کاتدا مرۆڤ و خواوەندیش بێت، ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بە منداڵی پارێزەرەکە، هەروەها بەرپرسیاریشە بەرامبەر بە خوا. کچەکە دەیەوێت بمرێت، نەک بگەڕێتەوە بۆ دۆزەخی ژن و مێردایەتی. مردن زۆر باشترە لەوەی کە تەنیا " ببمە مرۆڤ ".

کچەکە لە دیمەنەکانی سەر زەویدا و لەگەڵ پێوەندییەکانی بە سێ کارەکتەرە پیاوەکانەوە، ئەفسەرەکە، پارێزەر و شاعیرەکە گەشە دەکات و زیاتر دەگاتە ئەو ڕایەش کە مرۆڤ شایانی بەزەیییە و هەر بەم بیروبۆچوونەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان.



کچەکە لەلای ئەفسەرەکە یادەوەرییەکانی دایکی زیندوو دەکاتەوە، لەلای پارێزەرەکە دەبێتە پێوەندییەکی سێکسی بە بەروبووم و لەلای شاعیرەکەش دەبێتە ڕوحێکی ئاگراویی و بەرزترین ئاستەکانی پێوەندییەکی ڕوحی بەرجەستە دەکەن.

ئەرکی سەرشانی ئەگنێس ئەوەیە بە دوو ئاراستەدا پەیامەکانی بگەیەنێ، ڕاستییەکانی خواوەند سەبارەت بەسروشتی مەرگ و ڕاستییەکانی مرۆڤیش سەبارەت بەسروشتە خواوەندییەکان.

کچەکە لەگەڵ دەروازەی بەرەوپێشەوەچوونی ڕووداوەکاندا خەونەکەی و پێوەندییەکانی بەخەڵکی سەر زەوییەوە فراوان دەبێتەوە، لە بەشی دووەمدا دەگاتە ئاستە قووڵ و ناواخنەکانی ژیانەوە، لە بەشی سێیەمیشەوە زیاتر بەئاگا دێتەوە و خۆی بۆ گەڕانەوە بەرەو ئاسمان ئامادە دەکات.

**ئەفسەرەکە/ کچەکە**

کچەکەی ئیندرا لە سەرەوە، لە ئاسمانەوە دێت، بەسەر باڵی هەورەکانەوە دەفڕێت و وەک نوێنەری خواوەند دێتە سەر زەوی. کچی خووەندا لە بەرگی ئەگنێسدا لەسەر زەوی دەگەڕێت و هەر لە سەرەتاوە ئەفسەرەکە لە کۆشکەکەدا دەبینێت و ئامادەیی خۆیشی دەردەبڕێت تا لەو بەندیخانەیە ڕزگاری بکات.

**کچەکە:**

تۆ لە ژوورەکانتا زیندانیت، من هاتووم ڕزگارت بکەم!

**ئەفسەرەکە:**

هەڵبەت من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، بەڵام هیچ دڵنیا نەبووم کە تۆ دەتەوێ ڕزگارم بکەیت.

**کچەکە:**

کۆشکەکە قاییمە. حەوت دیواری هەیە، بەڵام دەبێت دەرەقەت بێین، دەتەوێ یان ناتەوێ؟

**ئەفسەرەکە:**

ڕاستیت دەوێ نازانم، لەبەرئەوەی لە هەموو حاڵەتێکدا من ئازارم پێ دەگات! هەموو شادمانییەک لە ژیاندا دەبێ بە دوو بەرامبەر خەم بەهاکەی بدەین. لێرە کە دانیشتووم زەحمەتە، بەڵام ئەگەر ئەو ڕزگاربوونە خۆشەش بکڕم ئەوا دەبێ سێ ئەوەندەی ئەوە ئازار بچێژم، ئاگنێس، من پێم باشترە لێرە بمێنمەوە، تەنیا بۆم هەبێ بتبینم!

**کچەکە:**

چی لە مندا دەبینیت؟

**ئەفسەرەکە:**

ئەو جوانییەی کە هارمۆنییەتە لە گەردووندا، هێڵگەلێک لە قەڵافەتتدایە کە من تەنیا لە خولگەکانی سیستمی خۆردا دەیبینمەوە، لە دەنگی خۆشی ژێدا، لە لەرینەوەکانی ڕووناکیدا، تۆ منداڵێکی ئاسمانیت.

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

ئەفسەرەکە بەندە و دەبێت بە بەندیش بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی نرخی ئازادی گرانە و هەروەها بەئاسانی دەست ناکەوێت، هەر لەبەرئەوەشە خۆشەویستییەکی نادیار و دووراودوور دەبێتە چارەنووسی ئەفسەرەکە. ئەوەشی کە وا لەم ئەفسەرە دەکات کە لەیەک کاتدا



نەتوانێت سەربەست و ڕازی بێت ئەوەیە کە ژیان بەرامبەر ئەو زۆر نایەکسان بووە، لە وەڵامی کچەکەدا دەڵێت: (ئا! نادادوەرانە) خۆشەویستەکەی ڤیکتۆریایە و هەڵوێستەکان زۆر بەخێرایی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەفسەرەکە بە ڕاڕەوەی شانۆکەدا دێت و دەچێت و چاوەڕوانی ڤیکتۆریا دەکات، بەجلی مەدەنییەوە دێتە پێشەوە و شمشێرەکەی دەستی بووەتە چەپکە گوڵێک. ئەفسەرەکە لە چاوەڕوانی ئەوەدایە کە ڤیکتۆریا ببینێ، ڤیکتۆریا ش دەبێتە کەسێکی نەبینراو، بەڵام ڤیکتۆریا لە ئەندێشەی ئەودا بوونی هەیە و بەتەنیشتییەوە ڕێ دەکات. ڤیکتۆریا تەنیا کەسێکە کە مانایەکی بۆ ئەم کەسایەتییە هەبێت. ئەفسەرەکە هیچ پێوەندییەکی فیزیکی بەو کەسانەوە نییە کە لە ڕاڕەوی شانۆکەدا دەردەکەون، لە جیهانەکەی ئەودا تەنیا ڤیکتۆریا هەیە و تەنیا ڤیکتۆریاش بوونی بۆ ئەو هەیە. کات دەڕوات و ڤیکتۆریا هەرگیز نایەت، بەڵام کات لەلای ئەفسەرەکە وەستاوە و ناڕوات، پیر دەبێت و چەپکە گوڵەکەی دەستیشی وشک و سیس دەبێت. چاوەڕوانیی ڤیکتۆریا هاوسەنگییەکی ناوەکی و وزەیەکی هێمنی پێ دەبەخشێ و لە هەمان کاتدا هارمۆنی دەداتێ. ئەو سێ دیمەنەی کە لە کۆشکەکەدا دەست پێ دەکات و لە کوڵانەکەدا تەواو دەبێت، دەستنیشانی هەموو پرۆسێسی گەشەکردنی خەونەکانی ئەفسەرەکە دەکات. ئەفسەرەکە سێ جار ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێت کە لە پەیامەکەی ئەگنێس بگات: یەکەمیان کە بڕوای بەو کچە هەبێت وەک ڕزگارکەرێک، دووەمیشیان کە بتوانێت خۆی لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی دایکی ڕزگار بکات، سێیەمیشیان کە خۆی بتوانێت کچەکە ڕزگار بکات. لە بۆچوونێکی ترەوە خەونەکەی ئەفسەرەکە لەو دیمەنە کاریگەر، خۆش و لە هەمان کاتدا زیندەخەونەدا: دیمەنی قوتابخانەکە

دووباره دەبێتەوە. لەم دیمەنەدا ئەفسەرەکە، وەک کەسێکی گەورە لە پۆلێکی سەرەتاییدا، لەگەڵ منداڵەکان لەسەر کورسی قوتابخانە دانیشتووە و ڕووبەڕووی هەمان مامەڵەی گران و بەزەبری مامۆستاکەی دەبێتەوە کە بەمنداڵی دووچاری هاتووە. کە لەم هەڵوێستەش ڕادەمێنێ و دەیەوێت ناڕەزایی دەرببڕێت لەوەی کە وەک منداڵێکی قۆناخی سەرەتایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لە کاتێکدا ئەو بڕوانامەی دوکتۆرای پێ بەخشراوە، مامۆستاکەی ئەو وانەیەی بیردەخاتەوە هەرگیز فێری نەبووە: (دەبێت کامڵ بیت)

**مامۆستا:**

بەڕاست! تۆ سەعیت نەکردووە!

**ئەفسەرەکە:**

(شەرمەزار)

با، کردوومە، بەڵام دەزانم چۆنە، بەڵام ناتوانم بیڵێم.

**مامۆستا:**

تۆ نیازتە شانی پیاکەیت! دەزانیت بەڵام ناتوانیت بیڵێیت، ڕەنگە من بتوانم یارمەتیت بدەم!

(قژی ئەفسەر ڕادەکێشێت)

**ئەفسەرەکە:**

ئاه، ناجۆرە، ناخۆشە!

**مامۆستا:**

بەڵێ ناخۆشە کە کوڕێکی ئاوها زل، بەهیمەت نەبێت.

**ئەفسەرەکە:**

(بە ئازارەوە)



کوڕێکی زل، ئا، من زلم، زۆر زلتر لەوانی ئەوێوە، من تەواو کامڵم، من قوتابخانەم تەواو کردووە. (وەک ئەوەی وەئاگا بووبێتەوە) من دوکتۆرام پێ بەخشراوە، باشە بۆچی لێرە دانیشتووم؟ ئەدی من دوکتۆرام پێ نەبەخشراوە؟

**مامۆستا:**

بەڵێ وایە، بەڵام تۆ دەبێ دانیشیت و خۆت کامڵ بکەیت، دەبێ کامڵ بیت، وا نییە؟

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

ئەفسەرەکە لە کۆتایی دیمەنەکەدا داوا لە لێپرسراوانی قەرەنتینە دەکات کە لە دەست مامۆستاکەی ڕزگار بکات: (ڕزگارمکە! لە چاوەکانیم ڕزگار کە!) ئەفسەرەکە دەچێتە تەمەنەوە و پیر دەبێت، بەڵام هەرگیز گەورە نابێت و هەرگیز ڤیکتۆریاکەشی نابینێت.

خەونی ئەفسەرەکە پابەندە بەکۆشکەکەوە، کچەکەش هەر لەم کۆشکەوە سەفەرەکەی سەر زەوی دەست پێ دەکات و دەچێتە کۆشکەکەوە تا ئەفسەرەکە ڕزگار بکات. دوای ئەوە چەندین جار بەدرێژاییی شانۆنامەکە وێنەکانی کۆشکەکە، میتافۆر و هێماگەلییەکانی دەردەکەوێتەوە و لە کۆتاییشدا ئەو کۆشکە دەبێتە وێنەیەکی سەراپاگیریی گەورە «کاتێ کۆشکەکە دەسووتێ، خونچەی گوڵەکە لەسەر سەربانەکە دەپشکوێ و دەبێتە گوڵەبەیبوونێکی زەبەلاح»

**کارەکتەری دایک و باوک**

کەسایەتی دایک لە شانۆنامەکەدا ڕۆڵێکی گرینگ و پایەیەکی دیاری

هەیە، هەرچەندە زۆر کەم و بەتایبەتی لە سەرەتای شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت:

**باوکەکە:**

(بە نەرمی)

ئەمەت ناوێت؟

**دایکەکە:**

کەوای ئاوریشم بۆ من، هاوڕێی ئازیز، ئاخر ئەوە سوودی چییە کە من بەم زووانە بمرم!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

دایکەکە دەزانێت کە ئەو بەو زووانە دەمرێت، لە ژیان دوور دەکەوێتەوە و بەتەواوەتی لە مەرزەکانی مەرگەوە نزیکە، هەروەها باوکەکەش ئەم ڕاستییە دەزانێت. هەر لەبەرئەوەشە کە باوکەکە دەیەوێت دایک بدوێنێت، بەڵام ئەو زیاتر هۆشی لەلای منداڵەکانییەتی.

**دایکەکە:**

خۆ ئەوە ژیانی منە! ڕەوای خۆمە، شادمانی و خەممە.

**باوکەکە:**

کریستینا لێم ببوورە، لە هەموو شتێک!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

ئەم کۆتایی هێنانە زۆر شت سەبارەت بەژیانی ئەم دوو کارەکتەرە دەڵێت:

**باوکەکە:**

(سەر دەکێشێتە ژوورەوە)



دەتەوێ دیارییەکەم بدەیتە کارەکەرەکە؟

**دایکەکە:**

وا مەڵێ، بیرت بێ کە منیش کارەکەر بووم، بۆچی تۆ هەستی بێ تاوانێک بریندار دەکەیت؟

**باوکەکە:**

ئەی بۆچی تۆ... من، مێردەکەت بریندار دەکەیت.

**دایکەکە:**

ئۆهـ لەم ژیانە! کاتێ مرۆڤ جوان مامەڵە دەکات هەمیشە کەسێک هەیە کە بە ناشیرینی تێ دەگا، مرۆڤ باشەیەک دەکا، لەولاشەوە خەراپەیەک دەکا. ئۆف لەم ژیانە!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

دایک گەورەیە و بەرئەنجامەکان دەزانێ چییە و هەروەها لە ژیانیش گەیشتووە "ئۆف لەم ژیانە!" دواتر دایک لە شانۆنامەکەدا دەمرێت و هیچ ئامادەبوونێکی فیزیکی نامێنێت. هەروەها باوکیش دیارنامێنێ. لە پێوەندییەکەشیاندا لە ئازاردانی یەکتر بەولاوە هیچ شتێکی تریان نەکردووە، بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی[٢٠].

لە خەونە نمایشێکدا چەندین کارەکتەر ئەو پرسیارە دووبارە دەکەنەوە کە بۆچی هێندە ئازار و ژان لە دنیادا هەن، بۆچی مرۆڤ یەکتر دەچەوسێننەوە، دایک و باوکەکە هیچ وەڵامێک و لێکدانەوەیەکیان بۆ (بۆچی) پرسیارەکانی خۆیان وەرناگرن و نییە، نەک هەر ئەوە بگرە دایک دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە پرسیارەکان ژیان زیاتر ئاڵۆز دەکەن. باوک و دایک لە شانۆنامەکەدا هێماگەلی

وەچە پیرەکە، وەچە کۆنەکەن و بەرێگەی مەرگەوەن، ئەوان دەمرن و لە بەرچاو ون دەبن، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان لەلای هەندێ لە کارەکتەرەکان دەمێننەوە و جارناجارێک وەبیر دەهێنرێنەوە.

هەر لەم ڕووەوە هەستی قەرزارباری لە ڕابردوودا و هەروەها لە ئێستاشدا، مەسەلەیەکی گرینگە. لەوانەیە شانۆنامەکە بۆ خودی ستریندباری باسی ئەو دایکە بکات کە لە سەرەمەرگدایە، یان بەتەواوەتی مردووە و بەردەوام دەسەڵاتی لە ترۆپکدایە و هەستی قەرزارباری خۆی وەک چەکێک دژی منداڵەکانی بەکار دەهێنێ.

**دەرگەوان/ پارێزەر**

هەردوو کارەکتەری دەرگەوانەکە و پارێزەر هێماگەلێکی بەهێز و ڕاستەوخۆی ئازارچێشتنن، خەم و ژان و ئازار لە سیمایاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم دوو کارەکتەرە باسی کڵۆڵی و خەمەکانی خۆیان دەکەن و بەمەش لە پێوەندییەکی بەردەوامدان بە کەسایەتییەکانی ترەوە. دەرگەوانەکە لە ماوەی سی ساڵدا جێگەی متمانەی کەسە کڵۆڵەکان بووە و ئەو کەسانە گلەیی بەختی خۆیان لای ئەو کردووە، ڕاڕەوی شانۆکەش شوێنی کارەکەی ئەوە. مرۆڤە بەدبەختەکان خەڵکانی سەر شانۆکەن، ئەو شانۆیەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرگەوانەکە سەمازانێکی بلیمەت و ناودار بووە، ئێستاش کاری ئەوە کە گوێ لە پەژارەکانی خەڵکی بگرێت. دەرگەوانەکە دەڵێت: «خەم شتێکی ناپەسەند نییە، ئەوە شتێکە، بەهەرحاڵ شتێک باشترە لە هیچ.»

بەر لە سی ساڵ دەرگەوانەکە پێوەندی بە خودی خۆیەوە لە دەست دەدات، لەگەڵ (ئەو، من) ی خۆیدا دادەبڕێت، هەر بەم شێوەیەش توانای سەماکردن لەدەست دەدات و ترووسکەی سەما لە جەستەیدا



نامێنێ و لەبری ئەوە دەبێتە دەرگەوان. دەرگەوانەکە ناتوانێت دەستبەرداری ئەو خەڵکە دڵشکاو و غەمگینانە بێت و دەبێت شەو و ڕۆژ بە بەردەوامی کار بکات، بەکچەکە دەڵێت: «بەڵام مرۆڤ نابێت لە کاتی ئیشدا بنوێت، هەرگیز نابێ بنوێت، نە بەشەو و نە بەڕۆژ» کچەکەش لە دەرگەوانەکە نزیک دەبێتەوە و جێگەکەشی دەگرێتەوە و شاڵەکەشی دەدات بە شانیدا، ئەو شاڵەی کە چەندەها ساڵە ئازار و ژانی خەڵکی هەڵمژیوە.

**کچەکە:**

(بۆ ژنە دەرگەوان)

ئێستا شاڵەکەم بدەرێ، دەتوانم لێرەدا دانیشم و لە عەبدەکانی خوا بنۆڕم! بەڵام تۆ لە دواوە ڕاوەستە و قسەم بۆ بکە!

(شاڵەکە بەخۆیدا دەدا و لای دەروازەکەوە دادەنیشێت)

**ژنە دەرگەوان:**

ئەمڕۆ دوایەمین ڕۆژە و ئۆپێراکە دادەخرێت، ئەمڕۆ ئەوان دەزانن کە ئاخۆ دادەمەزرێن.

**کچەکە:**

ئەی ئەوانەی کە دانامەزرێن... چی؟

**ژنە دەرگەوان:**

ئا، ئەی حەزرەتی مەسیح، دەبینین، من شاڵەکە دەدەم بە سەرمدا، من...

**کچەکە:**

ئای مرۆڤی داماو!

**ژنە دەرگەوان:**

بنۆڕە وا یەکێک هات، ئەو هەڵنەبژێردراوە، بنۆڕە چۆن دەگری.

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

پارێزەرەکەش بەهۆی کارەکەیەوە ناتوانێت دوورەپەرێز بێت لە مرۆڤ و گیروگرفتەکانییەوە. مرۆڤەکان خۆیان دەخزێننە ژیانییەوە، ئەوان بەشکایەت و نارەزایی و گیروگرفتەکانیانەوە، بە کێشە و ئاژاوەکانیانەوە ڕوو دەکەنە پارێزەرەکە، خەڵکی هەست دەکەن کە بەنارەوایی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و هەر لەبەرئەوەشە دێنە لای پارێزەرەکە تا داواکانیان بگەیەنێتە دادگە. پارێزەرەکە خۆی لە یەکسانیدا دەبینێتەوە و دژی دووبارەبوونەوەیە، بەڵام ژیانی خۆی لە دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامدایە، نە دەتوانێ واز بهێنێت و نە دەشتوانێ شتێک لە هەڵویستەکانی ژیانی بگۆڕێت. دەبێت بەردەوام بێت وەک پارێزەرێک، دووبارەبوونەوەیەکی هەتاهەتایی. پارێزەرەکە و ئەو مرۆڤانەی کە گلەییان هەیە پێویستییان بەیەکتر هەیە و یەکتری تەواو دەکەن.

**شاعیرەکە/ کچەکە**

هەردوو کارەکتەری کچەکە و شاعیرەکە ڕۆڵێکی تایبەتمەندیان هەیە، دیالۆژەکانی نێوانیان زۆر جیاوازترە لە دیالۆژەکانی تری هەموو کارەکتەرەکانی تر، هەر بۆ نموونە زمانە چڕ و لیریک ئامێزەکەیان، ئەو بابەتانەی کە ستریندباری لە دەروازەکانی ڕۆڵی کچەکە و شاعیرەکەوە دەیانخاتە ڕوو، قەرزارباری، ویژدانێکی بێ ئازار و ئاسوودە، باوەڕ و گومان، ئازارەکانی مرۆڤ... هتد لە ڕوانگەیەکی گەلێ هۆشیارییەوە، بەبەراورد لەگەڵ بابەتەکانی تری شانۆنامەکە و



کارەکتەرەکانی تریش، مامەڵەی لەگەڵ کردوون. ئەم دوو کارەکتەرە ڕۆڵ و کەسایەتییەکانی یەکتر دەوڵەمەند دەکەن، یەکتر تەواو دەکەن و ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەبەن. لە دیالۆژەکانیاندا زۆر نزیکن لە یەکترەوە، هەردووکیان باسی خەون، شیعر، ڕاستی و واقیع دەکەن.

**شاعیر:**

من کەرەتێک ئەوەم کردووەتە شیعر!

**کچەکە:**

کەواتە تۆ دەزانیت شیعر چییە.

**شاعیر:**

کەواتە دەزانم خەون چییە، ئەدی شیعر چییە؟

**کچەکە:**

واقیع نییە، بەڵام لە واقیع زیاترە، خەون نییە، بەڵام خەونێکە بەبێداریی دەبینرێ.

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

کچەکە وەک میوانێکی سەر زەوی زوربەی کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە دەبینێ و نوێنەری ئەو ڕووداوە، کردارەیە لە شانۆنامەکەدا کە بوونی بۆ نییە. بەڵام شاعیرەکە زیاتر لە بەشی کۆتاییی شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت، خێرا چەندین هێڵی هاوبەش لەگەڵ کچەکەدا دەدۆزێتەوە.

کچەکە و شاعیرەکە هەروەک ئەوە وایە کە پێناسی یەکتر ئاڵوگۆڕ بکەن، لە چاوتروکانێکدا کچەکە دەبێتە وێنەیەکی، ئاوێنەیەکی ئەو، لە چاوتروکانێکی تریشدا شاعیرەکە دەبێتە هی ئەو. بەڵام دواتر ئەم پێکداچوونە دەوەستێت و کچەکە لەپڕ هەست بەوە دەکات کە بوونی بە

مرۆڤ و دەسەڵاتی ئینکەرناشونی ئەو لەسەر زەوی چی لەخۆ دەگرێت.

**کچەکە:**

تۆ حەقی خۆتە سەرزەنشتم بکەیت، من لەم خوارەوە زۆرم پێ
چوو، وەک تۆ لە گەرماوی قوڕدا خۆم شت.
ئیدی ئەندێشەکانم نافڕن، باڵەکانم قوڕاوین.
پێ و پلم خۆڵاویین ، منیش خۆم... (باسکەکانی بڵند دەکات)
من غەرق دەبم، غەرق دەبم، باوکە ئەدی خوای ئاسمان
یارمەتیم بدە! (بێدەنگی) من ئیتر وەڵامی نابیستم! ئیتر
ئەتمۆسفار دەنگ لە لێوی ئەوەوە ناگەیەنێتە سەدەفی گوێچکەی
من، ئیتر داوی زیویین پچڕا، بێچارە خۆم، من بەئەرزەوە
بەستراوم.

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

کێ بەرپرسیارە لەوەی کە ژیان ئاسوودە نییە؟ ئایا مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە یان هێزە ئاسمانییەکان؟ شاعیرەکە هەندێ جار مرۆڤ تاوانبار دەکات و هەندێ جاری تر ئاماژەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ بەتەواوەتی بێ تاوانە. هەروەها شاعیرەکە هانی کچەکە دەدات کە هەموو ئاخ و داخی مرۆڤ وەربگێڕێتە سەر زمانێک کە (نەمرەکان) تێی بگەن.

شاعیرەکە ئەو نایەکسانییانە دەبینێت کە لێپرسراوی قەرەنتینە، بەهۆی پابەندبوونییەوە بە دەسەڵاتەوە ناتوانێت بیانبینێت.

لێپرسراوی قەرەنتینە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە لە ناخۆشی و پەژارەکانی خۆی، شاعیرەکەش دژی ئەم دیدە دەبێتەوە. شاعیرەکە هەندێ جار لە گومان و دانایی و بڕواوە



دەڕوانێتە بوونی خوا، زۆر جار هەست و هۆشێکی قووڵ و تێفکرینێکی بەرزی هەیە، بەڵام دوای چەند ساتێک ون دەبێت، هەروەک خۆی دەڵێت: « نەء! من زۆر جار خاوەن دڵنیایی بووم، بەڵام دوای سەردەمێک ئەو دڵنیاییە نەما، وەک خەونێک کاتێک کە مرۆڤ بێدار دەبێتەوە.»

کچەکەش دەکرێت وەک هاووێنەیەکی، هاوشێوەیەکی بەسەرهاتەکانی هەزار و یەک شەوە بخوێنرێتەوە، ستریندباری خۆیشی لەم شرۆڤەیە نزیک بووەتەوە و لە دیمەنە خەونێکدا ئەو لێکچوونە دەخاتە ڕوو: هارونە ڕەشید، خەلیفەی بەغدا کە لە بەرگی کەسێکی ئاساییدا خۆی دەگۆڕێت و دەچێتە ناو خەڵکییەوە تا بزانێت چۆنچۆنی پەیڕەوی یاساکانی دەکەن. لە هەمان کاتدا شاعیرەکە داوای لێ دەکات کە باسی ئەو نایەکسانییانەی بۆ بکات کە لە سەفەرەکەیدا بینیویەتی.

**کچەکە:**

وەڵامدانەوەی پرسیارەکانتان زۆر قورسە، چونکە چەندان شت
هەن کە پێشبینی ناکرێن.

**شاعیر:**

خەلیفە هارونە ڕەشید(*)یش هەر وای دەبینی! بێ جووڵە
لەسەر عەرشەکەی دادەنیشت و قەت لەو سەرەوە تەماشای

---

(*) Kalifen, Harun Den Rättra°dige خەلیفە هارون ڕەشید ٧٦٦ – ٨٠٩، لە ساڵی ٧٨٦دا بووەتە خەلیفەی بەغدا، لە حەکایەتگەلی "هەزار و یەک شەو"دا، باس لەم خەلیفەیە دەکرێت کە چۆن لە قلافەتی بازرگانێکدا خۆی دەگۆڕێ و دەچێتە ناو خەڵکی بەغدا تا لە ژیان و گوزەرانیان ئاگەدار بێ.

نەدەکرد کە لە خوارەوە چ باسە! دواجار دادوبێدادی خەڵک گەییە گوێ بەرزەکانی. ئەوسا لە ڕۆژێکی خۆشدا هاتە خوارەوە، بەشێوەیەک کە نەناسرێتەوە، خۆی گۆڕی و بێ سرتە خۆی کرد بەنێو حەشاماتی خەڵکدا تا بزانێ وەزعی عەدالەت چۆنە.

**کچەکە:**

هەڵبەت خۆ پێتان وانییە کە من هارونە ڕەشید بم؟

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

کچەکە چارەسەری مەتەڵە گەورەکە، نهێنییەکانی ژیان دەکات: ژیان وێنەیەکی خەونە (خەونە وێنەیەکە). شاعیرەکەش دەیەوێت کچەکە وەڵامی نهێنییەکانی ژیانی بداتەوە، دەیەوێت بەهۆی پرسیارێکی ڕاستەوخۆ و کۆنکرێتییەوە لە کچەکە بگات، شاعیرەکە دەیەوێت بزانێت کە کچەکە لەسەر زەوی زیاتر بەچی ئازاری چەشتووە، کچەکەش دەڵێت ئەوەی کە هەبم، واتە بوونی ئەو لەسەر زەوی و لە ناو مرۆڤدا ئازاراوی بووە:" من هەموو عەزابەکانی ئێوەم چەشتووە".

**شاعیر:**

کەواتە بەرلەوەی بڕۆیت، پێم بڵێ: لە خوارەوە، چ شتێک لە هەموو شتەکانی تر زیاتر ئازاری دایت؟

**کچەکە:**

شتێکی وەک ئەوەی کە هەبم، ئەوەی کە هەست بکەم چاوێک ڕوانینمی لاواز کردووە، کە گوێیەک بیستنمی تەمبەڵ کردووە، ئەوەی کە ئەندێشەم، ئەندێشە بەرئاوەڵە و ڕووناکەکەم لە پێچاوپێچی چەورایی ئەقڵدا شەتەک بدرێ. هەڵبەت تۆ



مێشکێکت بینیوە.. چ ڕێگەگەلێکی پێچاوپێچ، چ ڕێگەگەلێکی خشۆکیی.

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا کچەکە ئامادەییی خۆی دەردەبڕێت کە پەیامی شاعیرەکە لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ ئیندرای خواوەند، بەڵام بەرلەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان، پێڵاوەکانی دادەکەنێ و فڕێی دەداتە نێو ئاگرەکەوە، کچەکە دەیەوێت بەمە هەموو وەهمەکانی سەر زەوی بسووتێنێ و بەم شێوەیەش هەموو پێوەندییەکانی بە جیهانی سەر زەوییەوە نەمێنێ. دوای ئەوە و لە هەمان کات و بەپێی هەمان ڕێتواڵ کارەکتەرەکانی تریش شتە تایبەتمەندەکانی خۆیان: ژنە دەرگەوانەکە شاڵەکەی، ئەفسەر گوڵەکانی دەستی، پۆستەر هەڵواسەرەکە پۆستەرەکانی، وەستای شووشە ئەڵماسەکەی، پارێزەر پرۆتۆکۆڵی دادگاییەکەی... هتد بەم شێوەیەش کارەکتەرەکان وەهمەکانی خۆیان، وەهمە زەمینییەکانیان فڕێ دەدەنە نێو ئەو ئاگرەوە کە ئەگنێس، کچەکەی خواوەند خۆی پێدەگەڕێنێتەوە بۆ ئاسمان. کە کچەکە دەچێتە کۆشکەکەوە، هێماگەلێکە بۆ ڕزگاربوون لە وەهمەکان و ئەمەش یەکێکە لە وانە گرینگەکان و پەیامە سەرەکییەکەی دیانەتی هیندیش.

**کچەکە:**

ماڵئاواییمان بەڕێوەیە و کۆتایی نزیک دەبێتەوە
خواحافیز ئەی زارۆکی ئینسان، ئەی خەونبین
خواحافیز تۆ ئەی شاعیر کە باشترین ژیان دەژی
بە باڵی شکاوەوە بەسەر ئەرزدا دەسووڕێتەوە
جار بەجار لە خۆڵدا غەرق دەبێ

تا ئەوەی کە بە ئەسپایی بەری کەوتووە، پێیەوە نەنووسێت

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

## ئەفسوون و هێماگەلی "دەرگە"

لە خەونە نمایشێکدا چەندین هێماگەلی بەهێز هەن و ئەم هێمایانەش یەکتر تەواو دەکەن و پێکەوە وێنەیەکی گشتگیر و سەراپاگیر لە سترکتوری شانۆنامەکەدا دەخوڵقێنن: کۆشک، شانۆ، ئەشکەوت و دەرگە داخراوەکە بەشێکن لەو هێماگەلانە. لێرەدا هەوڵ ئەدەم بەشێک لە نهێنییەکانی هیماگەلی دەرگەکە بکەینەوە.

یەکێک لە ناوەندە گرینگ و هێما ئاشکراکانی خەونە نمایشێک، بوونی دەرگەیەکی داخراوە، ئەم دەرگەیەش بە درێژاییی شانۆنامەکە دەبێتە جێگەی سەرنج و هەموو کەسایەتییەکان لە تێڕامانێکی بەردەوامدان کە چ شتێک لە پشتی ئەو دەرگەیەوەیە.

لە پشت ئەو دەرگەیەوە چارەسەری گەردوون خۆی شاردووەتەوە، وەڵامی نهێنییەکانی ژیان. دەرگەکە بکرێتەوە یان نەکرێتەوە، لەوانەیە لەپشت دەرگەکەوە ڕاستییە دڵتەزێنەکان، خەتەرناکەکان، جیهانە نادیار و شاراوەکان، شتە قەدەخەکراوەکان و نائاگاکان خۆیان شاردبێتەوە، لەبەرئەوە ڕەنگە هەموو کەسێک نەیەوێت کە ئەو دەرگەیە بکرێتەوە.

چی لە پشت دەرگەکەوەیە؟ چاوەڕوانییەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا گەورە دەبێت، بەشێوەیەک لە بەرئەنجامدا ئەو چاوەڕوانییانە دەگاتە ئاستێکی بەرز و لە هەمان کاتدا جیاواز و



نامۆ. کردنەوەی دەرگەکە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی گەردوونە و وەڵامیش بۆ ئاشکراکردنی نهێنی و هەڵهێنانی مەتەڵێکی وەها گەورە تەنیا یەک شتە: عەدەم[٢١]. ستریندباری لە یەکی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٠١ دا، کە ئەو کاتە بەتەواوەتی شانۆنامەکەی نووسیبوو، لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی کە ڕوونکردنەوەیەکی گرینگی سەبارەت بەخەونە نمایشەکەی لە کتێبێکدا سەبارەت بەئاینی هیندی دۆزیوەتەوە: ''نەهێنی دەرگەکە، هیچ، عەدەمە.'' مەتەڵی جیهان لە هیچدا دەدۆزێتەوە، ئەمەش خوێندنەوە و بۆچوونی تر و جیاواز دەخوڵقێنێ. خەونبینەکان دەستنیشانی ئەوە دەکەن کە دەرگەکە بەرەو کوێمان دەبات و نهێنییەکانیش لە چاوی ئەو کەسانەدایە کە چاودێری شتەکان دەکەن. کاتێک ئەفسەرەکە خەون بەمنداڵی خۆیەوە دەبینێت، دەرگەکە لە دۆڵابێکدایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبێکی دڕاوی تێدا شاردووەتەوە، لە دوای ساتێکی تر خەبەری دەبێتەوە کە لە چاوەڕوانی ژنێکدایە کە هەرگیز نایەت، دەرگەکەشی دوو هەزار و پێنج سەد و پەنجاو پێنج جار دیوە، بەبێ ئەوەی لەوە بگات کە چ نهێنییەکی لەخۆیدا حەشار دابێت.

**ئەفسەرەکە:**

حەوت ساڵە من بێرەدا دێم و دەچم! حەوت زەربی سێ سەد و شەست و پێنج دەکاتە دوو هەزار و پێنج سەد و پێنج! (ڕادەوەستێ و پەنجە دەخاتە سەر دەرگەکە کە گوڵە چوار پەڕەکەی پێوەیە) دوو هەزار و پێنج سەد و پەنجا و پێنج کەڕەت تەماشای ئەم دەرگەیەم کردووە بەبێ ئەوەی توانیبێتم حاڵی بم لەوەی کە ئاخۆ دەچێتەوە سەر کوێ! ئەم گوڵە چوار

پەڕەیش کە بۆ ڕووناکی دەکەوێتە سەر پشت، ئەدی دەبێ بۆ کێ، ڕێگە بداتە ڕووناکی بێتە ژووریٚ؟ ئاخۆ کەسێک هەیە لە ناوەوە؟ ئاخۆ کەسێک لەوێ دەژی؟

**ژنە دەرگەوان:**

نازانم! من قەت نەمدیوە بکرێتەوە.

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

دەرگەکە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر دەگۆڕێت، ماناکانی، ناواخنەکەی و تەنانەت شێوازەکانیشی، دەبێتە دەرگەی ژووری جلوبەرگ، بۆ ئەوانەشی کە لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا بەندکراون، دەبێتە قوفڵی بەندیخانە، بۆ پارێزەرەکەش دەبێتە ئەو دەرگەیەی کە شکاتەکانی لە پشتەوە شاردووەتەوە، بەڵام لەلای کچەکە پاڵەوانێک لە پشت ئەو دەرگەیەوە بەندکراوە و پێویستە لە پشت دەروازەی دەرگەی کۆشکەکەوە ئازاد بکرێت. خەونە نمایشێک لە یەک کاتدا و لەسەر چەندین ئاستی جیاواز، ڕاستی و واقیع و شیعرێکی خەیاڵئامێزە، ئەو کۆشکەی کە گەورە دەبێت و هەڵدەکشێت، ئەو گەشتەی کە لە ئاسمانەوە دەست پێ دەکات و شوێن و کات تێکەڵاو دەکات، وەک ڕاستییەکی ڕەها دەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا ژیانی ڕۆژانە و ڕاستی و واقیع مەودا و سۆنگەیەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی لەخۆ دەگرێت.

بینەران و ڕووداوەکان لە یەک کاتدا وەک خەون، فەنتازیا و واقیع دەبینێت. خەونە نمایشێک گەمەی وێنەکانە، دەرگەکەش بینەران لە یەکەم وێنەی ئەو گەشتەوە دەبات تا دوا وێنەکان. دەرگەکە دەرگەیە، سینۆگرافیایەکی کۆنکرێتییە، لەهەمان کاتدا وێنەیەکی میتافۆریشە، دەرگەکە بەڕووی بێ ئاگایی، جیهانە تاریک و نادیارەکاندا دادەخرێت،



بەخەبەرهاتنەوەش مەرگە!

لە کۆتاییشدا کە دەرگەکە دەکرێتەوە، هیچ شتێک لە پشت ئەو دەرگەیەوە لە عەدەم – لە هیچ زیاتر نابینین، سەرلەنوێ لێرەدا، دەرگەکە دەبێتەوە بە هێماگەلێکی نوێ، ئەمەش گوزارشتێکە لە بیروبۆچوونە بوودیست و ڕەشبینییە فەلسەفییەکانی ستریندباری. لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکیشە بۆ خوێنەر و بینەران تا خۆیان بەدوای فەلسەفە نادیار و شاراوەکانی پشت ئەو دەرگەیەدا بگەڕێن[٢٢]. لە بەرئەنجامدا دەگەڕێنەوە بەردەمی ڕاڕەوی شانۆ و خەڵکەکە کۆ دەبنەوە و چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگەکەن، چونکە چارەسەری مەتەڵی جیهان لە پشت دەرگەکەوەیە، بەڵام کەس دڵخۆش نییە کە دەرگەکە دەکرێتەوە و وەڵامی مەتەڵەکەش بریتییە لە: هیچ.

ئایینناسەکە بەم بەرەنجامە تووشی هیچ حەپەسانێک نابێت و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە:" هیچ! ئەمە هەڵهێنانی مەتەڵی جیهانە! خوا لە سەرەتادا لە هیچە ئاسمان و ئەرزی خوڵقاند."

ڕاست بیرکەوەرەکان، مافناس، پزیشک و وەزیری داد هەموو مەسەلەکە بە هەڵخەڵەتاندن ناوزەد دەکەن و وەزیری داد داوای ڕوونکردنەوەیەک دەکات.

**وەزیری داد:**

کچەکە حەز دەکا بفەرمووی پێمان بڵێ مەبەستی لەم دەرگە کردنەوەیە چی بوو؟

**کچەکە:**

نەء، هاوڕێیانی میهرەبان! ئەگەر بیڵێم باوەڕم پێ ناکەن!

**پزیشک:**

هەڵبەت هیچە!

**کچەکە:**

تۆ زانیت! بەڵام تێی نەگەیشتوویت!



ئەگنێس لەم دەروازەیەوە دەگاتە ئاستێکی تری ڕاستییەکان لەسەر زەوی و بە چاوێکی ترەوە مەتەڵەکەی گەردوون دەبینێ: لە سەرەتادا هەر زوو لەوە حاڵی دەبێت کە مرۆڤ شایانی بەزەییە، وەک هاوسۆزی و هاوخەمییەک لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتی، بە دەرگەکردنەوەکەش دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە گەردوونیش هیچە، بەتاڵە یان بۆشە.

لەم ڕەوشە هەمەچەشنە پڕ لە جیاوازییەدا، تەنیا شاعیرەکە دەیەوێت گوێ لە کچەکە بگرێت. دیمەنەکە دەگۆڕێت بۆ بەردەمی کۆشکەکە، هەموو شتێکیش هەر لێرەوە دەستی پێ کرد، ئەگنێس/ کچەکە بەیارمەتی ئاگر دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان.

**شاعیر:**

باوەڕ بە تۆ دەکەم، چونکە دەزانم تۆ کێیت!

**کچەکە:**

ئێ باشە، پێت دەڵێم!

لە بەراییی دنیادا بەرلەوەی هەتاو بکەوێت، براما، هێزی مەزنی خوایی، ڕۆیشت تا مایای دایکی دنیا بۆ زاوزێ فریو بدا. ئەم بەریەککەوتنەی توخمە خوایی لەگەڵ توخمی ئەرزیدا، گوناهی مەزن بوو، بەم شێوەیە دنیا و ژیان و خەڵک تەنیا تارماییەکن، سەرابێکن، خەونە وێنەیەکن.



پەراوێزەکان:

١- یاداشتەکانی ستریندباری لە کۆتاییی مانگی ئۆگۆستییەوە تا گەڕانەوەی هارییەت بوسە لە شەشی ئۆکتۆبەردا، بریتییە لە خەم و پەژارەیەکی قووڵ و هەر لەم ماوەیەشدا بیر لەوە دەکاتەوە کە کۆتاییی بە ژیانی خۆی بهێنێت، هەر بۆ نموونە لە یەکێک لەو یاداشتانەدا دەڵێت: هەست دەکەم کە چۆن ئەم ئافرەتە بەجوانترین بەشەکانی ڕوحی منەوە هاتوچۆ دەکات و بانگهێشتم دەکات بۆ هاودەمی و پێکەوەبوون. من هەست دەکەم بەهۆی ئەوەوە پیس بووم. پیاوی نامۆ بەتێڕوانینە ناپاکەکانیان ئەو پیس دەکەن و بەو شێوەیە منیش پیس دەکەن. بەهۆی ئەم ئافرەتەوە ڕۆدەچمە خوارەوە بەنێو چڵپاودا، هەرچەندە ئێمە جیابووینەتەوە،بەڵام هەمیشە لە دوورەوە دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

٢- ستریندباری لە ساڵی ١٩٠١ دا حەوت شانۆنامەی نووسیوە، هەر بۆ نموونە: بەشی دووەمی بەرەو دیمەشق، کارڵی چواردە، بەشی سێیەمی بەرەو دیمەشق، کریستینا و خەونە نمایشێک.

٣- شانۆنامەی خەونە نمایشێک بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی سویدی لە ١٧ ی ئەپرێلی ساڵی ١٩٠٧ دا نەمایش کراوە. دوای نەمایشەکە بینەران قایل نەبوون بچنە دەرەوە تا خودی ستریندباری نەبینن، بۆ ئەم مەبەستەش دوای چەپڵەڕێزان و بە یەکەوە بەپێ کێشاویانە بە زەوییەکەدا، تا لە بەرەنجامدا بەڕێوەبەری شانۆکە ناچار دەبێت کە بێتە دەرەوە و پەیمانیان بداتێ کە بەتەلەفۆن پێوەندی بکات بە ستریندبارییەوە و ئەم داوا و کاردانەوە بەهێزەی بینەرانی بۆ بگێڕێتەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە هارییەت بوسە لەم نەمایشەدا ڕۆڵی کچەکەی بینیوە.

٤- ستریندباری لە یاداشتەکانی ساڵی ١٩٠٧ دا نووسیویەتی: ئەم شانۆنامەیە دوای چل ڕۆژی پڕ لە ژان و ئازار نووسراوە.

٥- ستریندباری زۆر باسی ئاگەداری تەکنیک و بەرەوپێشەوەچوونی شانۆیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن بووە، خەونە نمایشێک بۆ ئەو شانۆ مۆدێرنە نووسراوە. ستریندباری پلانی هەبووە کە خەونە نمایشێک لە شانۆی ئەنتیم نەمایش بکات و پرۆجێکتەر و تەکنیکێکی ساکاری جیاواز بۆ دیمەنی هەڵکشانی

کۆشکەکە بەکار بهێنێ و سەما و گۆرانی بخاتە نێو بەش و دیمەنەکانی نەمایشەکەوە.

٦- پێنج ساڵ دوای نووسینی شانۆنامەکە، ستریندباری دیمەنێک وەک دەروازە و دەسپێک بەناوی "دەسپێکە نواندن بۆ خەونە نمایشێک" دەنووسێت. وا پێدەچێ کە ئەم دیمەنەی لە ساڵی ١٩٠٦ دا نووسیبێت و کچەکەی ئیندرا و ئیندرای خواوەند کۆ دەکاتەوە. ئەو دیمەنە سیمایەکی میتۆلۆژی، چڕ و پاکژ لەخۆ دەگرێت، لە ئاسماندا ڕوو دەدات و دەبێتە سەرەتایەک بۆ هەموو شانۆنامەکە.

٧- وەستای شووشە بە باوکی کچەکە لەسەر زەوی دادەنرێت و کە کچەکە دەڵێت ئەم کۆشکە بەردەوام لە زەوییەوە گەورە دەبێت، بە گومان و حەپەسانەوە وەڵامی ئەو پرسیارەی کچەکە دەداتەوە و دوویاتی ئەوە دەکاتەوە هەرگیز نەیبینیوە کە کۆشکێک گەورە ببێت، بەڵام خێرا قسە دەگۆڕێت و دەڵێت وایە کۆشکەکە گەورە بووە.

٨- ستریندباری هێندە بوودییەت سەرنجی ڕاکێشاوە و کتێبی جۆراوجۆری لەبارەوە خوێندووەتەوە، لە ئەنجامدا خۆیشی کتێبێکی لەسەر بوودییەت نووسیوە.

٩- دروستکردنی سینۆگرافیایەکی واقیعی هیچ هونەرێکی تێدا نییە، بەڵام چۆن بتوانین ئەو واقیعە وا بەرجەستە بکەین کە وا لە بینەران بگەیەنێ ئەوەی دەیبینن واقیعێکی ئاشکرای ژیان نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا خەون و شیعریشە.

١٠- خەونە نمایشێک لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١ دا لەسەر شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم و لە ڕیزی ڕیژیسۆری گەورەی ئەو دەمە "ماکس ڕاینهارت" نەمایش دەکرێت. ماکس ڕاینهارت لەو سەردەمەدا کۆمەڵێ لە شانۆنامەکانی ستریندباری پێشکێش دەکات، هەر بۆ نموونە سەمای مەرگ ١٩١٥، سۆناتای تارمایی ١٩١٧، کەڵک و باوبۆران ١٩٢٠ و زوربەشیان بەگەشتی هونەری سەردانی سوێد دەکرێن و لە شارە گەورەکاندا نمایش دەکرێنەوە.

١١- ڕێژیسۆری کەنەدی ڕۆبێرت لێپاک لە ساڵی ١٩٩٤ دا، لەسەر شانۆی



پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم خەونە نمایشێک پێشکێش دەکات، لێپاک ڕۆڵی ئەفسەرەکە دابەش دەکات بەسەر سێ ئەکتەری پیاوی بە تەمەن جیاوازدا.
بەڵام ڕێژیسۆری ئەمەریکی ڕۆبەرت یۆڵسۆن کە لە ساڵی ١٩٩٨ دا لەسەر شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم خەونە نمایشێک پێشکەش دەکات، وێنەیەکی ئەبستراکت و شانۆیەکی پۆست مۆدێرنیزمی باڵا لە خەونەکانی ستریندبارییدا دەدۆزێتەوە.

١٢- ئینگمار بێرگمان بۆ یەکەم جار شانۆنامەی خەونە نمایشێک لە ساڵی ١٩٧٠ دا لەسەر شانۆی پادشایەتی نەمایش دەکات. بێرگمان ڕۆڵی کچەکەی لە نێوان دوو کارەکتەری ئافرەتدا دابەش کردووە، کچەکەی ئیندرا ی خواوەند و کچێکی مرۆڤ و ئاسایش لەسەر زەوی. ئینگمار بێرگمان سەرلەنوێ و لە ساڵی ١٩٨١ دا خەونە نمایشێک نمایش دەکاتەوە، ئەمجارەشیان ڕۆڵی کچەکە دابەش دەکات بەسەر سێ بەشدا، لە دیمەنی یەکەمدا لەلایەن کچێکی گەنجەوە، لە دیمەنی دووەمدا کچێکی تەمەن مامناوەندی و لە دواییشدا لەلایەن ئافرەتێکی بە تەمەنەوە.

١٣- ستریندباری پێشەکییەکی گرینگی بۆ شانۆنامەی خەونە نمایشێک نووسیوە و ئەو پێشەکییە دادەنرێت بە ڕاپۆرتێکی گرینگی دیدێکی قووڵی شانۆیی. ستریندباری لە ساڵی ١٨٨٨یشدا کە شانۆنامەی خاتوو ژۆلیا دەنووسێت، پێشەکییەکی تایبەتیش بۆ شانۆنامەکە دەنووسێ. لەو پێشەکییەدا نموونەیەکی باڵای شانۆیەکی ناتورالیست دەخاتە ڕوو، دواجار ئەو پێشەکییە نەک تەنیا بووە مانیفێستێکی گرینگ بۆ بزووتنەوەی ناتورالیزم لە ئەورووپادا، بەڵکو بووە دۆکیومێنتێکی گرینگ لە مێژووی شانۆ و درامای هاوچەرخدا.

١٤- ئیندرا خواوەندێکی هیندییە و لە میتۆلۆژیا دێرینەکانی هیندستاندا مانای هەور و تریشقە و باران دەگەیەنێت. ئەمە جگە لەوەی هێماگەلێک بووە بۆ "خوای جەنگ". ئیندرای خواوەند بەوە ناسراوە کە هێز و توانای شەیتانەکانی تێک شکاندووە. چەکی بەکارهێنانی ئیندرا "تریشقە" بووە، سەرچاوە میتۆلۆژییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ئیندرا لەکاتی جەنگدا خۆی بەهێز و وزەی هەور و تریشقەی ئاسمانی بەهێز کردووە.

١٥- ئیندرای خواوەند هیچ کچێکی نەبووە و ستریندباری لە فەنتازیا و داهێنانی

خۆیەوە ئەم کچە خواوەندییەی خوڵقاندووە.

١٦- هەندێ لێکۆڵینەوە ئاماژەی ئەوە دەکەن کە کارەکتەری پارێزەرەکە بەرجەستەیەکی ڕاستەوخۆ، قووڵ و ئاشکرای حەزرەتی مەسیحە، ئەم کارەکتەرە شیکایەت و ژان و ئازار و نایەکسانییەکانی مرۆڤایەتی بەسەر شانییەوەیەتی، بەڵام ناتوانێ هیچ بکات و ڕزگارکەر نییە.

١٧- ستریندباری زۆر بەوردی ئەتمۆسفێر و دیمەنی شانۆنامەکەی لە ستۆکهۆڵمەوە هێناوە، کۆشکەکە، کەنیسە، بەندەر، پاپۆڕ و زۆر شتی تر، ئەو شوێن و شتانەی کە ستریندباری هەموو ڕۆژێک لە پیاسەی بەیانیاندا بینیونی، یان لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە لە ناوچەی کالاپلان تەماشای کردوون.

١٨- خوێندنەوە و خستنە سەر شانۆی خەونە نمایشێک هەمیشە جۆراوجۆر بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندیی پیسەکە و ڕەخسینی خوێندنەوەی جیاواز. بۆ نموونە هەندێک وەک وێنەیەکی ڕاستی ژیان، یان خەونێک و هەندێکیش وەک شیعرێک بەرجەستەیان کردووە. بەڵام بۆ خودی ستریندباری ئەو سێ دیدە یەک شت بوون و ویستوویەتی ئێمەیش زۆر بە ساکاری و وریایی بەنێو ئەو سێ دیدەدا گوزەر بکەین. ستریندباری خۆی لە ڕوانگەی ئەم دیالۆژەی نێوان شاعیر و کچەکەوە دووپاتی ماناکانی شانۆنامەکە دەکاتەوە:

**شاعیر:**

کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

**کچەکە:**

یان خەون!

**شاعیر:**

یان شیعر!

١٩- ئیندرای خواوەند وەک خوایەک ناتوانێ لە خوارەوە، لەسەر زەوی هەناسە بدات، هەر لەبەرئەوەشە لەبری خۆی کچەکەی دەنێرێتە خوارەوە.

٢٠- هەندێ سەرچاوە ئاماژەی ئەوەیان کردووە کە ئەم دیمەنە گەڕانەوەیەکی ستریندبارییە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی و دایکی و باوکی. دایکی کارەکەر بووە لەلای باوکی و، دایکی چەندین منداڵی بووە و دواجار باوکی ناچار بووە کە



مارەی بکات.

٢١- ئێمە لەلای ستریندباری هەر لە سەرەتاوە لە خەونداین، دەرگە داخراوەکەش کە لە کۆتاییدا دەکرێتەوە، خەونەکەش تەواو دەبێت.

٢٢- دەرگەکە مۆتیڤێکی واقیعی هەبووە و یەکێک بووە لە دەرگەکانی نێو ڕاڕەوەکانی شانۆی پادشایەتی و ستریندباری زۆر جار بە ڕامانەوە لێی ڕوانیوە و پرسیاری کردووە کە ئاخۆ ئەو دەرگەیە دەچێتەوە سەر کوێ.

## سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە چەندین سەرچاوەم خوێندووەتەوە، بەدوای چەندین کتێبی کۆندا گەڕاوم و بۆ چەندین جار خودی شانۆنامەکەم خوێندووەتەوە، لاپەڕەکانیم هەڵداوەتەوە و لەگەڵ کارەکتەرەکاندا دواوم. بەڵام گرینگترین ئەو سەرچاوانەی کە سوودم لێ وەرگرتوون بریتین لە مانەی خوارەوە:


1. Strindbergs drömspelsteknik i drama och teater, av Richard Bark, 1981
2. Strindbergs inre landskap, av Sara Rydin, 1999
3. Det gäckande könet, strindberg och genusteori, av Anna Cavallin och Anna Westersthl stenport (red), 2006
4. Svensk litteratur 1870-1970, av Cunnar Brandell, 1974
5. Strindbergs dramatik, av Gunnar Ollen, 1982
6. August Strindberg, svenska folkets litteratur historia, av Sven Stople. 1978
7. Strindberg och myterna, av Harry G .Carlson, 1979
8. Strindberg- ett författarliv, av Gunnar Brandell. Fjärde delen, 1979
9. Tv Drömspel, frn strindbergs modernism till potters television, av Staffan Ericson, 2004
10. Ett drömspel av August Strindberg, nationalupplagan, 1988

## یاداشت

ستریندباری لەم خەونە نمایشەیدا کە پێوەستە بەنمایشە خەونەکەی پێشووی "بەرەو دیمەشق"ەوە، هەوڵی داوە لاسایی پێکەوە گرێنەدراویی بەڵام فۆرمە بە ڕواڵەت لۆگیکییەکەی خەون بکاتەوە. دەکرێ هەموو شتێک لە خەوندا ڕوو بدا، هەموو شتێک لە خەوندا شیاو و لواوە. زەمەن و شوێن بوونیان نییە، لەسەر بناخەیەکی نادیار و واقیعییانە وەهم دەڕێسێ و نەخشگەلی نوێ دەچنێ: تێکەڵەیەک لە زەین، موعاشەرە، هۆنینەوەی ئازاد، ناماقووڵییەت و ڕاگوزاریی.

کەسایەتییەکان لەت دەبن، دوو بەرابەر دەبن، زێدە دەبن، دەبنە هەڵم، شوێن جێ دێڵن، گرد دەکرێنەوە. بەڵام هۆشیارییەک هەیە باڵادەستە، ئەویش هۆشیاریی خەونبینەرە، چونکە هیچ نهێنییەک، هیچ ناکۆکییەکی ناوەکی، هیچ وەسوەسەیەک و هیچ یاسایەک نییە. خەونبینەر داوەری ناکات، ڕاشکاوانە نادوێ، تەنێ دەگێڕێتەوە، بەوەی کە خەونەکە زیاتر دەردهاوەرە، بۆیە کەمتر شادمانانەیە، تۆنێکی لە غەم تێدایە، لەمیانەی ئەو چیرۆکە پارسەنگ تێکچووەدا هەڵگری هاودەردییە لەگەڵ هەموو شتێکی زیندوودا. خەون، ڕزگارکار، بەزۆریی شەرماوەر وەدیار دەکەوێ، بەڵام کاتێ کە ئازارەکە دەجەڕێ، ئیتر خۆی بێداربوو دەبینێتەوە و کەسی ئازارچەشتوو لەگەڵ واقیعدا ئاشت دەکاتەوە، کە هەرچەندێک پڕ لە پەژارە بێت، بەبەراورد لەگەڵ خەونە ئازاراوییەکەدا، ئەو پەژارەیە لەم ساتەدا دەبێتە جۆرە چێژێک.

گیونار ئۆللێن



پاشینەی شانۆ دارستانێک لە گوڵەهێرۆی پشکوتووی زۆر گەورە بەرجەستە دەکات، سپی، ئاڵ، سووری وەنەوشەییباو، زەردی گۆگردییباو و مۆری کاڵ، بە ترۆپکەوە ساپیتەیەکی بە درەوشەی کۆشکێک بەشکۆفەی گوڵێکەوە بەسەری سەرەوە کە لە تاج دەچێت، دەبینرێت. لەبەر بناخەی شوورای کۆشکەکەدا برە پووشوپەڵاش دەبینرێت کە بڵاو بووەتەوە و ئەو پەیینەیان داپۆشیوە کە بۆ دەرەوە توورڕدراوە.

کۆلیسەکانی لاتەنیشت، کە بەدرێژاییی نمایشەکە جێگیرن، وەک نیگاری سەر دیوارەکان بەرجەستە دەبن و لەیەک کاتدا، ژوور، ئارشیتێکتوور و دیمەنن.

وەستای شووشە و کچەکەی دێنە سەر شانۆ

**کچەکە:**

بەردەوام کۆشکەکە لە نێو ئەرزەوە گەشە دەکا، دەبینیت لە ساڵی پارەوە چەندێک گەشەی کردووە؟

**وەستای شووشە:**

(لەبەر خۆیەوە)

من هەرگیز لەمەوبەر ئەم کۆشکەم نەبینیوە، قەتیش نەمبیستووە کۆشکێک گەشە بکات، بەڵام (بۆ کچەکەی، بە قەناعەتێکی چەسپاوەوە) ئا، دوو ئالن[(١)] گەشەی کردووە، بەڵام ئەمە لەبەرئەوەیە کە پەیینیان کردووە، خۆ ئەگەر تۆ سەرنج بدەیت ئەوا دەبینیت بینایەکی لاوەکی[(٢)] لەو دیوەیدا دەرهاتووە کە ڕووەو خۆرە.

**کچەکە:**

دەبوو بەم زووانە گوڵی کردبا، چونکە ئێمە هەرئێستا لە ناوەڕاستی هاوین تێ دەپەڕین؟

**وەستای شووشە:**

ئەدی چ گوڵێک لەو سەرەوە نابینیت؟

**کچەکە:**

با، دەبینم. (دەست بەیەکدا دەماڵێ) باوکە پێم بڵێ بۆچی گوڵەکان لە نێو پیسییەوە گەشە دەکەن؟

**وەستای شووشە:**

(خواپەرستانە)

لەبەرئەوەی ئەوانە پیسییان پێ خۆش نییە، پەلەیانە هەرچی

---

(١) aln پێوانەیەکی کۆنە و دەکاتە نزیکەی دوو پێ یان شەست سانتیمەتر.

(٢) flygel لێرەدا مەبەست لە بینای لاتەنیشتی کۆشک یان خانوویەکی گەورەیە کە بەگۆشەیەکی وەستاو بەرامبەرییەتی. و. کوردی



زووتر بتوانن سەر لە ڕووناکییەوە بێننە دەرێ، تا بپشکوون و بمرن!

**کچەکە:**

دەزانیت کێ لەو کۆشکەدا دەژی؟

**وەستای شووشە:**

دەمزانی، بەڵام بیرم نییە.

**کچەکە:**

وا بزانم زیندانییەکی لێیە، کە بە دڵنیاییەوە چاوەڕێیە من ڕزگاری بکەم.

**وەستای شووشە:**

بەڵام بەرامبەر چی؟

**کچەکە:**

مرۆڤ سەودا و مامەڵەی هەموو ئەو شتانە ناکات کە پێویستە بیانکات. دەی با بچینە ژوورەوە.

**وەستای شووشە:**

ئا، دەی با بچین!

(بەرەو پاشینەی شانۆ دەچن کە بەکاوەخۆ بە ئاراستەی لاتەنیشتەکان دەکرێتەوە. دیمەنەکە ئێستا ژوورێکی سادە و ڕووتوقووتە بە مێزێک و چەند کورسییەکەوە. ئەفسەرێک لەسەر کورسییەک بەجلکێکی سەربازیی بەشێوەیەکی نائاسایی ئەم سەردەمییانەوە دانیشتووە. لەسەر کورسییەکە جۆلانە دەکا و بەشمشێرەکە لە مێزەکە دەدات).

**کچەکە:**

(دەچێتە بەردەم ئەفسەرەکە و بە ئەسپایی شمشێرەکەی لە دەست دەردەهێنێ).

ئاوها نا! ئاوها نا!

**ئەفسەرەکە:**

ئاگنێس[۳] تکایە، لێگەڕێ با شمشێرەکەم پێبێ!

**کچەکە:**

نا، مێزەکە دەشکێنیت! (ڕوو لە باوکی) ئێستا بچۆ خوارەوە بۆ ژووری ڕەشمەکان و شووشەکە بخەرە پەنجەرەکە، پاشان یەکتر دەبینینەوە!

(وەستای شووشە دەڕوا)

*

**کچەکە:**

تۆ لە ژوورەکانتا زیندانیت، من هاتووم ڕزگارت بکەم!

**ئەفسەرەکە:**

هەڵبەت من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، بەڵام هیچ دڵنیا نەبووم کە تۆ دەتەوێ ڕزگارم بکەیت.

**کچەکە:**

کۆشکەکە قاییمە. حەوت دیواری هەیە، بەڵام دەبێت دەرەقەت

---

(۳) agnes ناوێک کە ڕەچەڵکێکی گریکی هەیە. واتە پاقژ و خۆ لە سێکس بەدوورگر. ئاگنێس ناوی قەدیسێکی کاتۆلیکییە کە لە تەمەنی دوازدەساڵیدا لە دەوروبەری ساڵی ۳۰۰ز دا، شەهید بوو. ئەم قەدیسە لە وێنەکاندا هەمیشە بەرخێکی لە تەنیشتەوەیە.



بێین، دەتەوێ یان ناتەوێ؟

**ئەفسەرەکە:**

ڕاستیت دەوێ نازانم، لەبەرئەوەی لە هەموو حاڵەتێکدا من ئازارم پێ دەگات! هەموو شادمانییەک لە ژیاندا دەبێ بە دوو بەرامبەر خەم بەهاکەی بدەین. لێرە کە دانیشتووم زەحمەتە، بەڵام ئەگەر ئەو ڕزگاربوونە خۆشەش بکرم ئەوا دەبێ سێ ئەوەندەی ئەوە ئازار بچێژم، ئاگنێس، من پێم باشترە لێرە بمێنمەوە، تەنیا بۆم هەبێ بتبینم.

**کچەکە:**

چی لە مندا دەبینیت؟

**ئەفسەرەکە:**

ئەو جوانییەی کە هارمۆنییەتە لە گەردووندا. هێڵگەلێک لە قەڵافەتتدایە من تەنیا لە خولگەکانی سیستمی خۆردا دەیبینمەوە، لە دەنگی خۆشی ژێدا، لە لەرینەوەکانی ڕووناکییدا، تۆ منداڵێکی ئاسمانیت.

**کچەکە:**

تۆیش هەروایت!

**ئەفسەرەکە:**

ئەی کەواتە بۆچی دەبێ من مەیتەری ئەسپەکان بم؟ گەورەکان پاککەمەوە و پووش و پەڵاش بەرمە دەرێ؟

**کچەکە:**

بۆ ئەوەی پەرۆشی دەرەوە بیت!

**ئەفسەرەکە:**

پەرۆشم، بەڵام زۆر دژوارە لێرە دەربازت بێت!

**کچەکە:**

بەڵام ئەوە ئەرکی سەرشانتە کە لە رووناکیدا بەدوای ئازادیدا بگەڕێیت!

**ئەفسەرەکە:**

ئەرک؟ بەڵام هەرگیز ژیان دانی بە چ ئەرکگەلێکدا بۆ من نەناوە!

**کچەکە:**

تۆ هەست دەکەیت ژیان غەدری لێ کردبێت؟

**ئەفسەرەکە:**

ئا! نادادوەرانە غەدری لێ کردووم.

ئێستا دەنگگەلێک لەودیو پەردەی دوای شانۆوە دەبیسترێت کە یەکسەر دوا بەدوای ئەوە پەردەکە لادەچێت. ئەفسەرەکە و کچەکە لەوێ دەنۆڕن، پاشان چ بەقلافەت و چ بەڕوخسار وشک هەڵدەگەڕێن.

لەسەر مێزێک دایکەکە، ناتەندروستانە دانیشتووە، لە بەردەمیدا مۆمێکی پیو دەسووتێ کە جار جار بەمقەستێکی مۆم خاوێنی دەکاتەوە. لەسەر مێزەکە کراسی تازە دوراو کەڵەکە کراوە کە بەمەرەکەب و پەڕی قاز ئیشارەتیان لێ دەدات. دۆلابێکی قاوەیی جلک لای چەپەوەیە.

باوکەکە کەوایەکی ئاوریشم دادەنێ.



**باوکەکە:**

(بە نەرمی)

ئەمەت ناوێت؟

**دایکەکە:**

کەوای ئاوریشم بۆ من، هاوڕێی ئازیز، ئاخر ئەوە سوودی چییە کە من بەم زووانە بمرم!

**باوکەکە:**

باوەڕ بەقسەی دوکتۆرەکە دەکەیت؟

**دایکەکە:**

ئەوەی ئەویش بیڵێ، بەڵام من زیاتر باوەڕم بەو دەنگە هەیە کە لە ناوەوەمڕا دەدوێت.

**باوکەکە:**

(بە خەمەوە)

کەواتە مەسەلەکە بەڕاستییە؟ ئەوەڵ و ئەخیر، بیر لە منداڵەکانت دەکەیتەوە!

**دایکەکە:**

خۆ ئەوە ژیانی من بوو! ڕەوای خۆمە، شادمانیی و خەممە.

**باوکەکە:**

کریستینا لێم ببوورە، لە هەموو شتێک!

**دایکەکە:**

ئا چی؟ ئازیزم لێم ببوورە، ئێمە ئازاری یەکمان دا، بۆچی؟ نازانین بۆچی! ئاخر نەماندەتوانی شتی تر بکەین، بەهەرحاڵ،

ئەمە ئاوەڵکراسی تازەی منداڵەکانە، ئاگات لێ بێ هەفتەی دوو جار خۆیان بگۆڕن، چوارشەمان و یەک شەمان، لوڤیسا بیانشوات، هەموو لەشیان، دەچیتە دەرێ؟

**باوکەکە:**

من دەبێ سەعات یازدە لە ئەنجوومەنی بەڕێوەبەران بم.

**دایکەکە:**

بەر لەوەی بڕۆیت، بە ئەلفرێد بڵێ بێت!

**باوکەکە:**

(ئاماژە بۆ ئەفسەرەکە دەکات)

خۆ ئەو لێرەیە، ئازیزی دڵەکەم!

**دایکەکە:**

بزانە کە من خەریکە باشیش نابینم، ئا، وا تاریک دەکات، (مۆمەکە خاوێن دەکاتەوە) ئالفرێد! وەرە!

*

**باوکەکە:**

(لە ناوەڕاستی دیوارەکەوە دەچێتە دەرێ و سەری خواحافیزیی دەلەقێنێ)

*

**ئەفسەرەکە:**

(دەچێت بۆ لای دایک)

**دایکەکە:**

ئا ئەو کچە کێیە؟



**ئەفسەرەکە:**

(بە چرپە)

ئاگنێس!

**دایکەکە:**

ئۆهـ، ئاگنێسە؟ دەزانی خەڵک دەڵێن چی؟ دەڵێن ئەو کچەکەی ئیندرا[٤]ی خواوەندە کە لە باوکی پاڕاوەتەوە ڕێگەی بدات بۆ سەر ئەرز دابەزێ تا بزانێ گوزەرانی خەڵک چۆنە، بەڵام هیچ ناڵێ.

**ئەفسەرەکە:**

ئەو زارۆکی خواوەندە!

**دایکەکە:**

(بە دەنگی بەرز)

ئەلفرێدەکەم، من بەم زووانە دەبێ لە تۆ و لە خوشک و براکانت جیا ببمەوە، لێگەڕێ با وەسێتێکت بۆ بکەم!

**ئەفسەرەکە:**

(غەمبارانە)

بڵێ دایکە!

**دایکەکە:**

تەنیا وەسێتێک قەت گلەیی لە خوا مەکە!

**ئەفسەرەکە:**

دایکە، مەبەستت چییە؟

(٤) لە میتۆلۆژیای دێرینی هیندیدا باس لەوە ناکرێ کە ئینداری خواوەندی هەوا و گومەزی ئاسمان و هەور و برووسکە هیچ کچێکی هەبووبێت.

**دایکەکە:**

نابێ وا هەست بکەیت ژیان غەدری لێ کردوویت.

**ئەفسەرەکە:**

بەڵام ئەی کاتێک خەڵک ناهەقیم بەرامبەر دەکەن.

**دایکەکە:**

تۆ مەبەستت ئەو جارەیە کە بە ناهەق سزا درایت لەبەرئەوەی گوایە عانەیەکت بردبوو کەچی دوایی دۆزرایەوە!

**ئەفسەرەکە:**

ئا! ئەو ناحەقییەی کە دواتر ئاراستەیەکی چەوتی بەخشییە هەموو ژیانم.

**دایکەکە:**

وایە! بەڵام ئێستا بڕۆ بۆ لای دۆڵابەکەی ئەوێوە.

**ئەفسەرەکە:**

(بە شەرمەوە)

کەواتە دەزانیت! ئەوە...

**دایکەکە:**

ئەو ڕۆبینسۆنە سویسراییە[٥]ی... کە...

(٥) Den Schweiziske Robinson مەبەست لە کتێبی "ڕۆبینسۆنە سویسراییەکە"یە کە ساڵی ١٨٥٥ وەرگێڕانە سویدییەکەی بە ناونیشانی "ڕۆبینسۆنێکی نوێ یان نوقوومبوونی کەشتیی خێزانێکی سویسری و چارەنووسیان" دەرچوو. نووسەری ئەم کتێبە قەشەی سویسری "یۆهان دایڤید ویس ١٧٤٣–١٨١٨"ە و دەسنووسی کتێبەکە لەلایەن کوڕەکەیەوە "یۆهان ڕۆدۆلف ویس" کە پرۆفیسۆر بوو لە بێرن، بەچوار بەش لە ساڵانی ١٨١٢– ١٨٢٧ دەرچوو.



**ئەفسەرەکە:**

لەوە زیاتر مەڵێ!

**دایکەکە:**

ئەوەی براکەتی لە سەر سزا درا، ئەوەی پارچەپارچەت کرد و حەشارت دا!

**ئەفسەرەکە:**

مەزەندە بکە ئەو دۆڵابە دوای بیست ساڵ هەر لەوێدا بێ، خۆ ئێمە زۆر کەڕەت گواستوومانەتەوە، دایکیشم دە ساڵ لەمەوبەر مردووە!

**دایکەکە:**

ئەوە جا چییە؟ خۆ تۆ پرسیار لەبارەی هەموو شتێکەوە دەکەیت و بەو جۆرە ژیان لە خۆت تاڵ دەکەیت، لەوێ بنۆڕە.. ئەوە لینایە!

*

**لینا:**

(دێتە ژوورەوە)

خانم تکایە، زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام من ناتوانم بۆ ڕێورەسمی (کریستنین)[٦] مکە بچم.

**دایکەکە:**

بۆچی ڕۆڵە؟

(٦) kristning باپتیزم، کەس و ناو پیرۆزکردنی ئاینی لای مەسیحییەکان، غوسڵی تەعمید.

**لینا:**

هیچم نییە لەبەری بکەم.

**دایکەکە:**

ئەو کەوایەی من بخوازە!

**لینا:**

نا ئازیز، شتی وا نابێ!

**دایکەکە:**

من لێت تێناگەم! خۆ من ئیتر قەت بۆ داوەت ناچم.

*

**ئەفسەرەکە:**

دەبێ باوکم بڵێ چی؟ خۆ ئەوە دیاری ئەوە.

**دایکەکە:**

تەماشا چ بەرچاو تەنگە.

*

**باوکەکە:**

(سەر دەکێشێتە ژوورەوە)

دەتەوێ دیارییەکەم بدەیتە کارەکەرەکە؟

**دایکەکە:**

وا مەڵێ، بیرتبێ کە منیش کارەکەر بووم، بۆچی تۆ هەستی بێ تاوانێک بریندار دەکەیت؟

**باوکەکە:**

ئەی بۆچی تۆ... من، مێردەکەت بریندار دەکەیت.



**دایکەکە:**

ئۆه لەم ژیانە! کاتێ مرۆڤ جوان مامەڵە دەکات هەمیشە کەسێک هەیە بە ناشیرینی تێ دەگا، مرۆڤ باشەیەک دەکا، لەولاشەوە خەراپەیەک دەکا. ئۆف لەم ژیانە!

(مۆمەکە خاوێن دەکاتەوە کە ئیتر دەکوژێتەوە. شانۆ تاریک دەبێ و پەردەکە دادەدرێتەوە.)

*

**کچەکە:**

ئینسان گوناحە!

**ئەفسەرەکە:**

وای دەبینیت!

**کچەکە:**

ئا، ژیان زەحمەتە، بەڵام خۆشەویستی بەسەر هەموو شتێکدا سەردەکەوێ[٧] ! وەرە و تەماشا بکە!

(بەرەو پاشینەی شانۆ دەچن)

*

(٧) دەربڕینێکی ناسراوی لاتینییە: "Amor omnia vincit"

پاشینەی شانۆ بەرز دەکرێتەوە، ئێستا پاشینەیەکی نوێ دەبینرێت کە شوورایەکی ناجۆری سووتاو بەرجەستە دەکات. لە ناوەڕاستی شووراکەدا دەروازەیەک هەیە بەسەر توولەڕێیەکدا دەکرێتەوە کە بە جێگەیەکی ڕووناکی سەوز کۆتایی دێت کە بڕێکی ئێجگار زۆر ڕووەکی گورگ خنکێن[٨] ی شینی لێ دەبینرێت. لای چەپی دەروازەکەوە ژنە دەرگەوان دانیشتووە و شاڵێکی بە سەر و شانیدا داوە و خەریکی چنینی لێفەیەکی ئەستێرەیە. لای ڕاستەوە تابلۆیەکی پۆستەر هەیە کە پۆستەرچییەکە خەریکی خاوێنکردنەوەیەتی، لە نزیکییەوە دارە تۆڕێک بەدەسکێکی سەوزەوە دانراوە. دوورتر بەلای ڕاستدا دەرگەیەک هەیە بە کونە هەواوە لە شێوەی گوڵە چوارپەڕە[٩] یەکدا. لای چەپی دەروازەکەوە زەیزەفونێکی باریک هەیە بە قەدی ڕەش و چەند گەڵایەکی سەوزی ڕووناکەوە، لە پاڵیدا قەڵەشی ژێرزەمینێک هەیە.

**کچەکە:**

(دەچێتە پێشەوە بۆ لای ژنە دەرگەوانەکە)

هێشتا لێفە ئەستێرەکە تەواو نەبووە؟

---

(٨) Stormhatt یان Aconitum بەگوێرەی فەرهەنگی کەمالنامەکەی مامۆستا کەمال جەلال غەریب، کە بەڕووەکی گورگ خنکێن ناوی بردووە، ڕووەکێکی تەمەن درێژ و ژەهرینە، لە ناوچە شاخاوییەکان دەڕوێ، مادەیەکی ژەهری کوشندەی تێدایە کە بۆ مەبەستی پزیشکی و دژی کۆڵنج بەکار دەبرێ. و.کوردی.

(٩) Fyrväppling گوڵەسێپەڕە، کە لە بڕی سێ پەڕ چوار پەڕی هەیە و خەڵک پێیان وایە کە بەخت دەهێنێ. و.کوردی.



**ژنە دەرگەوان:**

نا، هاوڕێی بچکۆلە، بیست و شەش ساڵ بۆ کارێکی ئاوها هەر بە وەختیش حیساب نییە.

**کچەکە:**

ئەی شووەکەت قەت جارێکی تر نەهاتەوە؟

**ژنە دەرگەوان:**

نا، بەڵام خەتای ئەو نەبوو. ئەو داماوە دەبوو سەری خۆی هەڵگرێ، ئەوە بەر لە سی ساڵ لەمەوبەر بوو!

**کچەکە:**

(بۆ پۆستەرچییەکە)

ئەرێ ئەوە ئەم نەبوو لە بالێتەکە؟ لە سەرەوە لە ئۆپراکە؟

**پۆستەرچی:**

ئەم پلە یەک بوو، بەڵام کاتێ شووەکەی ڕۆیشت، وەک بڵێی سەماکەی ئەمی لەگەڵ خۆیدا بردبێ، ئیدی لەوە بەدوا چ ڕۆڵێکی وەرنەگرت.

**کچەکە:**

هەمووان دادوبێدادیانە، لانی کەم بە چاو، بە دەنگ.

**پۆستەرچی:**

من ئەوەندە دادوبێداد ناکەم، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دارەتۆڕێک و بەلەمێکی سەوزم وەرگرت!

**کچەکە:**

ئەوە بەختەوەرت دەکا؟

**پۆستەرچی:**

ئا، زۆر بەختەوەر، زۆر، ئەوە خەونی جحێڵیمە، ئەوا ئێستاش هاتە دی، هەڵبەت دیارە من بەڕاستی تەمەنم بووەتە پەنجا ساڵ.

**کچەکە:**

پەنجا ساڵ بۆ دارەتۆڕێک و بەلەمێکی.

**پۆستەرچی:**

بەلەمێکی سەوز، بەلەمێکی...

*

**کچەکە:**

(بۆ ژنە دەرگەوان)

ئێستا شاڵەکەم بدەرێ، دەتوانم لێرەدا دانیشم و لە عەبدەکانی خوا بنۆڕم! بەڵام تۆ لە دواوە ڕاوەستە و قسەم بۆ بکە!

(شاڵەکە بەخۆیدا دەدا و لای دەروازەکەوە دادەنیشێت)

**ژنە دەرگەوان:**

ئەمڕۆ دوایەمین ڕۆژە و ئۆپێراکە دادەخرێت، ئەمڕۆ ئەوان دەزانن کە ئاخۆ دادەمەزرێن.

**کچەکە:**

ئەی ئەوانەی کە دانامەزرێن، چی؟

**ژنە دەرگەوان:**

ئا، ئەی حەزرەتی مەسیح، دەبینین، من شاڵەکە دەدەم بە سەرمدا، من.



**کچەکە:**

ئای مرۆڤی داماو!

**ژنە دەرگەوان:**

بنۆڕە وا یەکێک هات، ئەو هەڵنەبژێردراوە.. بنۆڕە چۆن دەگری.

*

ژنە گۆرانیبێژ

(لەلای ڕاستەوە و لە دەروازەکەوە هەڵدێت بۆ دەرەوە و دەسەسڕێکی بە چاوییەوە گرتووە. بۆ ساتێک لە تووڵەڕێی ئەودیو دەروازەکەدا ڕادەوەستێ و سەر بە دیوارەکەوە دەنێ، پاشان بە پەلە دەچێتە دەرەوە).

**کچەکە:**

ئینسان گوناحە!

**ژنە دەرگەوان:**

بەڵام، بنۆڕە، ئەو کەسە لە بەختەوەر دەچێت!

*

**ئەفسەرەکە:**

(لە باریکەڕێی دەروازەکەوە دێتە ژوورەوە، پاڵتۆیەکی درێژی تا سەر ئەژنۆ(۱۰)ی لەبەردایە و کڵاوێکی بەرزی قووچەکیی لە سەردایە و چەپکێک گوڵی بە دەستەوەیە. شاگەشکە و سەرحاڵە).

(۱۰) redingot پاڵتۆیەکی درێژی دوو قۆپچەیی پیاوانەیە و لە سەدەی نۆزدەمدا بۆ دیدەنی پێوەکردن لەبەر کراوە.

**ژنە دەرگەوان:**

ئەو بەتەمایە هاوسەرگیریی لەگەڵ خاتوو ڤیکتۆریادا بکا!

**ئەفسەرەکە:**

(لەخوار تەختەی شانۆوە، لە سەرەوە دەنۆڕێ، گۆرانی دەڵێ)

ڤیکتۆریا!

**ژنە دەرگەوان:**

هەر ئێستا خانم دێت!

**ئەفسەرەکە:**

چاکە! گالیسکە[١١] کە چاوەڕێیە، مێزەکە ئامادەیە، شەمپانیا خراوەتە سەهۆڵەوە، خانمەکان، ئەرێ دەتوانم لە ئامێزتان بگرم!

(کچەکە و ژنە دەرگەوان لە ئامێز دەگرێ. گۆرانی دەڵێ)

ڤیکتۆریا!

**دەنگێکی ژنانە لە دەرەوە:**

(گۆرانی دەڵێ)

من لێرەم!

**ئەفسەرەکە:**

(دەکەوێتە ڕۆیشتن)

ئێ باشە! من چاوەڕێم!

*

(١١) Kalesch واگۆنێکی سووکەڵە و چوارپێچکەییە بە دوو کورسییەوە بەرامبەر یەک.



**کچەکە:**

تۆ دەمناسیت؟

**ئەفسەرەکە:**

نا، من تەنیا یەک ژن دەناسم، ڤیکتۆریا[١٢] ! حەوت ساڵە من بۆ ئێرە دێم و چاوەڕێی ئەو دەکەم. نیوەڕوان کاتێ خۆر دەگاتە گوڵخەن [١٣] ەکان و ئێوارانیش کاتێ تاریک دادێت، بنۆڕە ئێرە، سەر قیرەکە، دەتوانن جێگەپێی ئەو عاشقە بەوەفایە ببینن! هوورا! ئەو هی خۆمە! (گۆرانی دەچڕێ) ڤیکتۆریا!

(چ وەڵامێک وەرناگرێ)

ئێ، ئێستا ئەو خۆی دەگۆڕێ!

(بۆ پۆستەرچی)

دارتۆڕ دەبینم! هەمووان لە ئۆپراکە دڵیان بۆ دارتۆڕ لێ دەدا، یان ڕاستتر بۆ ماسی! بۆ ماسییە لاڵەکان، لەبەرئەوەی ناتوانن گۆرانی بڵێن، شتێکی ئاوها بەچەندە؟

**پۆستەرچی:**

تا ڕادەیەک گرانە!

**ئەفسەرەکە:**

(گۆرانی دەڵێ)

(١٢) victoria ناوی ژن و مانایەکی سیمبۆلیکیی هەیە. بەلاتینی واتە: سەرکەوتن. خواوەندی سەرکەوتن.

(١٣) گوڵخەن: دوکەڵکێش... حەمدی شاعیر دەڵێ: ڕەبی مووی لێ بێ زمانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ... هەر کەسێ گوڵشەن بەچەشنی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ. و. کوردی.

ڤیکتۆریا! (زەیزەفونەکە ڕادەتەکێنێ) بنۆڕە وا هەمدیس چرۆ دەکا! بۆ هەشتەمین کەڕەت! (گۆرانی دەڵێ) ڤیکتۆریا! ئێستا کاکۆڵی شانە دەکا! (بۆ کچەکە:) گوێت لە خانمە، لێگەڕێ بچمە سەرێ و بووکێم بێنم!

**ژنە دەرگەوان:**

ڕێگە بەکەس نادرێ بچێتە سەرەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ!

**ئەفسەرەکە:**

حەوت ساڵە من بێرەدا دێم و دەچم! حەوت زەربی سێ سەد و شەست و پێنج دەکاتە دوو هەزار و پێنج سەد و پێنج! (ڕادەوەستێ و پەنجە دەخاتە سەر دەرگەکە کە گوڵە چوار پەڕەکەی پێوەیە) دوو هەزار و پێنج سەد و پەنجا و پێنج کەڕەت تەماشای ئەم دەرگەیەم کردووە بەبێ ئەوەی توانیبێتم حاڵی بم لەوەی ئاخۆ دەچێتەوە سەر کوێ! ئەم گوڵە چوار پەڕەیش کە بۆ ڕووناکی دەکەوێتە سەر پشت، ئەدی دەبێ بۆ کێ، ڕێگە بداتە ڕووناکی بێتە ژووری؟ ئاخۆ کەسێک هەیە لە ناوەوە؟ ئاخۆ کەسێک لەوێ دەژی؟

**ژنە دەرگەوان:**

نازانم! من قەت نەمدیوە بکرێتەوە.

**ئەفسەرەکە:**

لە دەرگەی دۆلابێکی خواردەمەنی دەچێت کاتێک تەمەنم چوار ساڵان بوو بینیومە، کاتێک کە لە پاش نیوەڕۆی یەکشەمەیەکدا لەگەڵ پاقیژەدا بۆ دوور ڕۆیشتم! دوور بۆ لای خێزانەکان و پاقیژەکانی تر، بەڵام من قەت لە موبەقەکان ئەولاوەتر نەچووم،



لە نێوان بەرمیلی ئاو و سندووقی خوێ[١٤] دا دانیشتووم، من لە ژیانمدا زۆر موبەقم بینیون، دۆلابی خواردەمەنییەکان هەمیشە لە دالاندا بوون بەکونی خڕ و گوڵە چوار پەڕێکەوە! بەڵام ئۆپێراکە چ دۆلابێکی خواردەمەنی نییە لەبەرئەوەی چ موبەقێکی تێدا نییە! (گۆرانی دەڵێ) ڤیکتۆریا! خانم گوێ بگرە، هەڵبەت ئەو جگە لەم ڕێگەیە لە چ ڕێگەیەکی ترەوە نایەتە دەرێ؟

**ژنە دەرگەوان:**

نا، چ ڕێگەیەکی تر نییە!

**ئەفسەرەکە:**

چاکە، چ ڕێگەیەکی تر نییە!

(خەڵکانی شانۆ هوروژم دێننە دەرەوە، ئەفسەرەکە دیقەتیان دەدا)

*

**ئەفسەرەکە:**

ئەو دەبێ هەر ئێستا لێرە بێت، خانم! ئەو کلاوە ڕووەکە[١٥] ی

(١٤) بەرلەوەی سیستەمی ئاو دابەشکردن لە دەیەی ١٨٦٠دا لە ستۆکهۆڵم جێبەجێ بکرێت، ئەم شێوازی ئاو دابەشکردنە بەکار هاتووە کە بەرمیلە ئاو بەپاڵ دەرگەی موبەقەوە دانراوە. سنووقە خوێش، سنووقێک بوو بەسەرقاپێکەوە کە خوێی تێدا هەڵدەگیرا و بەگشتی لە نزیک تەباخەوە دادەنرا.

(١٥) stormhatt ئەمە هەمان ئەو ڕووەکەیە کە پێشتر لەم تێکستەدا و بەگەڕانەوە بۆ فەرهەنگی کەمالنامە، بەڕووەکی گورگ خنکێن وەرم گێڕاوە. ئەم ڕووەکە گەڵای بەرزی لە شێوەی کلاو (خودە)دا هەیە. و.کوردی

دەرەوە، کە منداڵ بووم بینیومە، ئایا ئەوە هەمان ڕووەکە؟
بیرمە لە باخچەی ماڵی قەشەیەکدا بینیومە کاتێک تەمەنم حەوت ساڵان بوو، دوو کۆتر هەڵنیشتبوون، دوو کۆترە شینکە لە ژێر ئەو کڵاو[١٦] ەدا، بەڵام ئەو جارە هەنگێک هات و چووە نێو کڵاوی گوڵەکەوە، ئیتر لەبەرخۆمەوە گوتم: هەر ئێستا دەتگرم! ئینجا گوڵەکەم لە مشتمدا گیر کرد، بەڵام هەنگەکە پێوەی دام و گریام، پاشان قەشەژن هات و گڵی تەڕی خستە سەر[١٧] پاشان بۆ ئێوارە توو فەرەنگیی کێویی و شیرمان خوارد! پێم وایە تاریکی کردووە! ئەرێ پۆستەرچی بۆ کوێ چوو؟

**پۆستەرچی:**

دەچمەوە ماڵەوە و شێو دەکەم!

**ئەفسەرەکە:**

(دەست لە چاوی دەدا)

شێو؟ بۆ ئێوارەیە؟ ئێستا گوێ بگرە! دەتوانم بچمە ژوورێ و بۆ تاوێ تەلەفۆن بۆ ‹ئەو کۆشکە گەشەکردووە› بکەم؟

**کچەکە:**

کارت بەوێ چییە؟

---

(١٦) کڵاو ڕووەک یان گورگ خنکێن بەگوڵی شینی تۆخەوە، کۆترەشینکەشی پێ دەگوترێت.

(١٧) خۆڵی تەڕ وەک چارەسەرێک بۆ هێورکردنەوەی برژانەوە لە کاتی مێروو پێوەداندا بەکار دەهێنرێت.





**ئەفسەرەکە:**

دەبێ بە وەستای شووشە بڵێم پەنجەرەی دوانەیی دانێت، لەبەرئەوەی هاکا زستان هات و منیش زۆر ترسناکانە هەڵدەلەرزم.

(دەچێتە ژوورەوە بۆ لای ژنە دەرگەوان)

*

**کچەکە:**

خاتوو ڤیکتۆریا کێیە؟

**ژنە دەرگەوان:**

عاشقی ئەوە!

**کچەکە:**

وەڵامێکی تەواو بوو! چ پێی مەبەست نییە ئەو خانمە بەلای ئێمە و خەڵکی ترەوە چییە! تەنیا ئەوی پێ مەبەستە، تەنیا ئەو!

(توند تاریک دادێت)

**ژنە دەرگەوان:**

(چراکە دادەگیرسێنێ)

ئەمڕۆ زوو ئێوارە داهات!

**کچەکە:**

یەک ساڵ بۆ خوا وەک دەقیقەیەک وایە!

**ژنە دەرگەوان:**

بۆ خەڵکیش دەکرێ یەک دەقیقە هێندەی ساڵێک درێژ بێت!

*

**ئەفسەرەکە:**

(دیسان دێتە دەرەوە. تەپوتۆزاوی دیارە، گوڵەکان ژاکاون)

هێشتا خانم نەهاتووە؟

**ژنە دەرگەوان:**

نەء!

**ئەفسەرەکە:**

هەڵبەت دێت! هەڵبەت دێت! (پیاسە دەکا) بەڵام ڕاستە، ڕەنگبێ ئاقڵانەتر بێ بچم نانی نیوەڕۆکە لەغۆ بکەم! لەبەرئەوەی ئێستا شەوە، ئێ ئێ، دەبێ وا بکەم! (دەچێتە ژوورەوە و تەلەفۆن دەکا)

*

**ژنە دەرگەوان:**

(بۆ کچەکە)

دەکرێ ئێستا شاڵەکەم بدەیتێ؟

**کچەکە:**

نەء، هاوڕێم، ئێستا تۆ ئازاد بە، من کاری تۆ دەکەم، چونکە دەمەوێ خەڵک و ژیان بناسم، تا حاڵی بم ئاخۆ وەک دەڵێن ژیان هێندە قورسە.

**ژنە دەرگەوان:**

بەڵام مرۆڤ نابێ لە کاتی ئیشدا بنوێت، هەرگیز نابێ بنوێت، نە بەشەو و نە بەڕۆژ.

**کچەکە:**

بە شەویش نەخەویت؟



**ژنە دەرکەوان**

با، گەر مرۆڤ بتوانێت، کاتژمێرێکی زەنگداری لە مەچەکدا بێت، چونکە حەسحەسەکانی شەو لە شانۆن، هەر سێ سەعات جارێک و جێگەی یەک دەگرنەوە.

**کچەکە:**

ئینجا خۆ ئەوە ئەشکەنجەیە.

**ژنە دەرگەوان:**

ئێوە وای دەبینن، ئەگینا ئێمە بە جێگەیەکی ئاوها دڵشادین، ئای ئەگەر دەزانیت چ ئیرەیییەکم پێ دەبرێت.

**کچەکە:**

ئیرەیی؟ مرۆڤ ئیرەیی بەئەشکەنجەدراو دەبات؟

**ژنە دەرگەوان:**

ئا! بەڵام دەبینیت، قورستر لە حەسحەسی و ڕەنجدان، قورستر لە هەوای سارد و سەرما و شێ، ئەوەیە کە من جێگەمتمانەی بەدبەختیی هەموو ئەو کەسانەی سەرەوەم، ئەوانە دێن بۆ لام، بۆچی؟ ڕەنگە لە چرچولۆچی ڕوخسارمدا ئەو نووسینی سەر بەرد ئاسایە لەبارەی عەزابەوە بخوێننەوە کە بۆ ئەو متمانەپێکردنە بانگێشتیان دەکا، لەم شاڵەدا هاوڕێم، خەم و کەسەری سی ساڵی خۆم و خەڵکی تر حەشاردراوە!

**کچەکە:**

ئەویش گران و قورسە، وەک گەزگەزک[١٨] کە بەر لەش دەکەوێ ژانی لێ پەیدا دەکا.

**ژنە دەرگەوان:**

چۆنت پێ خۆشە وا هەڵی بگرە، ئەگەر قورس بوو لات ئەوا بانگم بکە، ئەوسا من دێم و شان دەدەمە بەری.

**کچەکە:**

خواحافیز. کارێ بە تۆ بکرێ، ئەوا بە منیش دەکرێ!

**ژنە دەرگەوان:**

دەبینین! بەڵام لەگەڵ هاورێ بچکۆلەکانمدا میهرەبان بە و لە دادوبێدادیان بۆژۆ مەبە.

(لە باریکە ڕێگەکەدا ون دەبێ)

(شانۆ تەواوێک تاریک دەبێت. دیمەنەکە لە خوارەوە دەگۆڕدرێت بەشێوەیەک کە زەیزەفونەکە گەڵای پێوە نامێنێ. خوودەڕووەکە شینەکە ڕەش هەڵدەگەڕێ و دەژاکێ، کاتێ کە هەمدیس ڕووناکی هەڵدەبێ، گەڵا سەوزەکان لە ئاسۆی باریکەڕێگەکەدا قاوەییەکی پایزانە دەنوێنن.)

**ئەفسەرەکە:**

(کاتێ کە شانۆ ڕووناک دەبێتەوە دێتە ژوورێ. ئێستا سەر و ڕیشی سپییە. جلکەکانی شڕوپڕن، ملیوانەکەی ڕەش و باریکە.

(١٨) nässla: گەزگەزگ، گزگزە، گەزنگ، گەزەنەک: گیایەکە کە بەر پێست بکەوێ ژانی لێ پەیدا دەکا. فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، هەژار موکریانی.



چەپکە گوڵەکە وەریو و تەنیا پەلکەکانی دەبینرێن. پیاسە دەکا)

هەموو شتەکان ئاماژەی ئەوە دەدەن هاوین تێ پەڕیوە و پایز بەڕێوەیە، بەو زەیزەفونەی ئەوێدا دەزانم و بەو خوودە ڕووەکەدا! (پیاسە دەکا) بەڵام پایز بەهاری منە، چونکە هەمدیس دەرگەی شانۆ دەکرێتەوە! ئیتر ئەوسا پێویستە ئەویش بێت! خانم تکایە، دەتوانم جارێ لەسەر ئەم کورسییە دانیشم!

**کچەکە:**

دانیشە هاوڕێم، من دەتوانم بەپێوە بم!

**ئەفسەرەکە:**

(دادەنیشێت)

ئەگەر کەمێک بنوستمایە باشتر بوو!

(بۆ چاوتروکانێک دەنوێ و ئیتر ڕادەپەڕێ و دەکەوێتە پیاسە، لەبەر دەرگەکەدا کە گوڵە چوارپەڕەکەی پێوەیە، ڕادەوەستێ و دەستی تێوە دەدا)

ئەم دەرگەیەی کە ناهێڵێت بەهیچ جۆرێک ئارام بم، ئاخۆ لەودیویەوە چی هەیە؟ دەبێ شتێکی لێ بێ!

(مۆسیقایەکی نزم بە ریتمی سەما، لە سەرەوە دەبیسترێت)

ئاوها! ئێستا ئیتر پرۆڤە دەستی پێ کرد! (شانۆ بە ڕووناکییەکی پرتە پرتکەر وەک ڕووناکی چرای زەریایی، ڕووناک دەبێتەوە) ئەوە چییە؟ (بەدوای ڕیتمی ڕووناکییە پرتە پرتکەرەکەدا، بە ئاوازەوە دەکەوێتە خوێندنەوە) ڕووناکی و تاریکی، ڕووناکی و تاریکی؟

**کچەکە:**

(لاسایی ئەو دەکاتەوە)

ڕۆژ و شەو، ڕۆژ و شەو! بەخشندەیەک [١٩] ی مەزن دەیەوێت چاوەڕوانیت کورت بکاتەوە! هەر لەبەرئەوەیە کە ڕۆژەکان رادەکەن و شەوەکان ڕاو دەنێن.

(ڕووناکییەکی جێگیر لەسەر شانۆ، پۆستەرچی: بە دارەتۆڕ و کەلوپەلی پۆستەر هەڵواسینەوە دێتە ژوورێ)

**ئەفسەرەکە:**

ئەوە پۆستەرچییە بەدارەتۆڕەوە، ئەرێ ڕاوەماسی باش بوو؟

**پۆستەرچی:**

ئا، هاوینەکەی گەرم و کەمێک درێژ بوو، هەڵبەت تۆڕەکە زۆر باش بوو، بەڵام زۆر بەو شێوەیە نا کە من مەزەندەم دەکرد.

**ئەفسەرەکە:**

(ددان بە وشەکاندا دەنێت)

بەو شێوەیە نا کە من مەزەندەم دەکرد! قسەیەکی نایابە! هیچ شتێک وا دەرنەچوو کە خۆم مەزەندەم دەکرد، لەبەرئەوەی بیر لە ئیش زیاترە، لە مەسەلەکە بالاترە. (پیاسە دەکا و چەپکە گوڵەکە بەدیوارەکاندا دەکێشێ بەشێوەیەک کە دوایین گەڵای لێ دەوەرێت)

**پۆستەرچی:**

ئەرێ هێشتا ئەو نەهاتووەتە خوارەوە؟

---

(١٩) Försyn وشەکە بەپیتی گەورە نووسراوە کە ئاماژەیە بەخوا. و.کوردی



**ئەفسەرەکە:**

نەء، هێشتا نا، بەڵام زوو بەزوو دێت! ئەرێ پۆستەرچی: دەزانێت چی لەودیو ئەم دەرگەیەوە هەیە؟

**پۆستەرچی:**

نەء، من قەت ئەو دەرگەیەم بە کراوەیی نەبینیوە.

**ئەفسەرەکە:**

من دەبێ تەلەفۆن بۆ ئاسنگەرێک بکەم بێت و بیکاتەوە!

(دەچێتە ژوورەوە بۆ لای تەلەفۆنەکە)

**پۆستەرچی:**

(پۆستەرێک هەڵدەواسێ و دەچێتە دەرەوە بۆ لای ڕاست)

**کچەکە:**

چ هەڵەیەک لە دارەتۆڕەکەدا هەیە؟

**پۆستەرچی:**

هەڵە؟ ئا، لە ڕاستیدا چ هەڵەیەکی تێدا نییە، بەڵام وەک ئەوە نییە کە من مەزەندەم دەکرد، هەربۆیە دڵخۆشییم هێندە پێی گەورە نەبوو.

**کچەکە:**

ئەدی چۆن مەزەندەی تۆڕەکەتان دەکرد؟

**پۆستەرچی:**

چۆن؟ ناتوانم بیڵێم.

**کچەکە:**

لێگەڕێ من پێت بڵێم، ئێوە مەزەندەی تۆڕەکەتان دەکرد کە

خۆی بەو جۆرە نییە! بەحیسابی ئێوە سەوز بێت، بەڵام ئەم سەوزە نا.

**پۆستەرچی:**

ئای خانم، تۆ ئەوە دەزانیت! تۆ هەموو شتێک دەزانیت، هەر لەبەرئەوەیە عالەم بە نیگەرانییەکانیانەوە پەنا بۆ ئێوە دێنن! جا ئەگەر حەزت کردبا جارێکیش گوێ بۆ من ڕادێریت.

**کچەکە:**

بەخۆشحاڵییەوە حەز دەکەم، وەرە ئێرە و دڵتان بکەنەوە.

(دەچێتە ناوەوە بۆ ژوورەکەی)

**پۆستەرچی:**

(لەدەرەوەی پەنجەرەکەدا ڕادەوەستێ و دەدوێ)

*

(هەمدیس تاریکاییەکی ڕەژووئاسا شانۆ دادەپۆشێت، پاشان ڕووناک دەبێتەوە، ئێستا زەیزەفونەکە سەوز هەڵدەگەڕێ و خوودەڕووەکەکە گوڵ دەکا، خۆر لە ئاسۆی باریکە ڕێگەکەدا لەسەر سەوزاییەکە پرشنگ دەدا).

**ئەفسەرەکە:**

(لە دەرەوە، ئێستا پیر و سەری سپی بووە، پیلاوەکانی هەلاهەلا و دڕاوە، پەلکەکانی چەپکە گوڵەکەی پێیە، دێت و دەچێ، خاووخلیچک وەک پیرەمێردێک. پۆستەرەکە دەخوێنێتەوە)

**کیژێکی بالێت:**

(لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)



**ئەفسەرەکە:**

ئاخۆ خاتوو ڤیکتۆریا ڕۆیشتووە؟

**کیژێکی بالێت:**

نەء، نەڕۆیشتووە!

**ئەفسەرەکە:**

کەواتە چاوەڕێ دەکەم! هەڵبەت بەو زووانە دێت؟

**کیژێکی بالێت:**

(جیدی)

بە دڵنیاییەوە دێت!

**ئەفسەرەکە:**

مەڕۆ ئێستا، ببینە چی لە پشت ئەم دەرگەیەوە هەیە، چونکە بەدوای ئاسنگەردا ناردوومە!

**کیژێکی بالێت:**

هەر زۆر خۆشە ببینیت ئەو دەرگەیە بکرێتەوە. ئەو دەرگەیە و ئەو کۆشکە گەشەکردووە، بەو کۆشکە گەشە سەندووە ئاشنایت؟

**ئەفسەرەکە:**

چی، من؟ خۆ من لەوێ زیندانی بووم!

**کیژێکی بالێت:**

نا، بەڕاست؟ ئەی بۆچی ئەو هەموو ئەسپەیان لەوێ هەبوو؟

**ئەفسەرەکە:**

بێگومان ئەوە گەورێکی کۆشک بووە.

**کیژێکی باڵێت:**

(بە ئازارەوە)

چەند گەمژەم! نەمتوانیوە لەوە بگەم!

**ئەندامێکی کۆرس**

(لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

**ئەفسەرەکە:**

ئاخۆ خاتوو ڤیکتۆریا ڕۆیشتووە؟

**ئەندامێکی کۆرس:**

(جیدی)

نەء، نەڕۆیشتووە! ئەو قەت ناڕوات!

**ئەفسەرەکە:**

ئەوە لەبەرئەوەیە خۆشی دەوێم! ئەم ئەندامەی کۆرس نابێ بڕوا تا ئاسنگەرەکە دێت و ئەم دەرگەیەی ئێرە دەکاتەوە.

**ئەندامێکی کۆرس:**

ئاه، دەرگەکە دەکرێتەوە! بەڕاست، چەند خۆشە! حەز دەکەم شتێک لە ژنە دەرگەوان بپرسم!

*

چپەگۆی شانۆ[٢٠]

(لای ڕاستەوە دێتە ژووریٚ)

---

(٢٠) Sufflör کەسێک کە لە کاتی نمایشێکی شانۆییدا دەقە شانۆییەکەی پێیە. لە دوای کۆلیسەکانەوە دادەنیشیٚ و هەر ئەکتەرێک دیالۆگەکەی بیر بچێتەوە. بەچرپە پێی دەڵێتەوە. و. کوردی



**ئەفسەرەکە:**

ئاخۆ خاتوو ڤیکتۆریا ڕۆیشتووە؟

**چپەگۆی شانۆ:**

نەء، ئەوەندەی من بزانم نەڕۆیشتووە!

**ئەفسەرەکە:**

دە سەیر! نەمگوت ئەو چاوەڕێم دەکا! مەڕۆ، لەبەرئەوەی دەرگەکە دەکرێتەوە.

**چپەگۆی شانۆ:**

کام دەرگە؟

**ئەفسەرەکە:**

بۆ چەند دەرگە هەیە؟

**چپەگۆی شانۆ:**

ئێستا زانیم، ئەو دەرگەیەی گوڵە چوارپەڕەکەی پێوەیە! بێگومان ناڕۆم! تەنیا دەمەوێ نەختێک دەمودۆ لەگەڵ ژنە دەرگەواندا بکەم!

*

(کیژەکەی باڵێت، ئەندامەکەی کۆرس، چپەگۆی شانۆ لە نزیک پۆستەرچییەوە و لە دەرەوەی پەنجەرەی ژنە دەرگەواندا کۆ دەبنەوە و بە نۆرە قسە لەگەڵ کچەکەدا دەکەن)

**وەستای شووشە:**

(لە دەروازەکەوە دێتە ژوورەوە)

**ئەفسەرەکە:**

ئەوە ئاسنگەرەکەیە؟

**وەستای شووشە:**

نەء، ئاسنگەرەکە میوانی هەیە، هەڵبەت وەستای شووشەش ئەم کارەی ئەوی پێ مەیسەر دەکرێت.

**ئەفسەرەکە:**

ئا، ڕاستە، بەڵام ئەڵماست پێیە؟

**وەستای شووشە:**

بێگومان! وەستای شووشە و ئەڵماسی پێ نەبێ، دەبێ چ جۆرە وەستایەک بێ[٢١]؟

**ئەفسەرەکە:**

هیچ! دەی با دەست بە ئیش بکەین! (دەست بەیەکدا دەماڵێت)

**هەمووان:**

(لە بازنەیەکدا بە دەوری دەرگەکەدا کۆ دەبنەوە)

**کۆرسەکان:**

(جلکی وەک ستـرانبـێـژانی ڕابەر[٢٢] یان لەبەردایە و ژنە فـیگورانت[٢٣] ەکـانیش وەک ژنەسـەمـاکـەران لـە ئایدا[٢٤] دا،

---

(٢١) ئەڵماس بەهۆی ڕەقییە نایابەکەیەوە، بۆ شووشەبڕین بەکار دەهێنرێ و یەکێکە لەو کەرستانەی کە ناکرێ وەستای شووشە پێی نەبێت.

(٢٢) Mästersangare ئەکتەرانی ئۆپێرای (سترانبێژانی ڕابەر لە نۆرینبێرگ)ی ڕیچارد ڤاگنەر. ساڵی ١٨٦٨.

(٢٣) Figurant ژنە سەماکەران لە ئەرکی گچکەتردا.

(٢٤) Aida ئۆپێرای ئایدا (١٨٧١) کاری Giuseppe Verdi.



لەلای ڕاستەوە پاڵ بە یەکترەوە دەنێن)

**ئەفسەرەکە:**

ئاسنگەر – یان وەستای شووشە – بە ئەرکی خۆت هەستە!

**وەستای شووشە:**

(بە ئەڵماسەکەوە دێتە پێشەوە)

**ئەفسەرەکە:**

ئەمە ساتەوەختێکە کە زۆر کەڕەت لە ژیانی مرۆڤدا دووبارە نابێتەوە، بۆیە هاوڕێیانی میهرەبان، داواتان لێ دەکەم کە ورد و تێڕامێنن.

*

**پۆلیس:**

(دێتە پێشەوە)

بە ناوی یاساوە من ڕێگە نادەم ئەو دەرگەیە بکرێتەوە!

**ئەفسەرەکە:**

ئای خوایە، چ شەڕێک تووشی مرۆڤ دەبێت کاتێ دەیەوێ شتێکی نوێ و گەورە بکات، بەڵام ئێمە کێشەکە دەبەینە دادگا، واتە لای پارێزەر. دەی جارێ با بزانین یاسا هەیە! دەی بەرەو لای پارێزەر!

*

(دیمەنەکە هەر لەو کاتەدا کە پەردە دەکرێتەوە، دەگۆڕدرێت و دەبێتە نووسینگەی پارێزەر، بەم شێوەیە: دەروازەکە جێگیرە و وەک دەروازەی پەرژینی نووسینگەکە، کە ڕێک بەسەر شانۆدا درێژ بووەتەوە، بەکار دەهێنرێت. ژوورەکەی ژنە دەرگەوان وەک

پەرژینی مێزی نووسینگەی پارێزەر دەمێنێتەوە، بەڵام لە دیوی پێشەوە دەکرێتەوە، زەیزەفونە بێ گەلاکە دەبێتە جلئاوێزی شەپقە و جل. تابلۆی پۆستەرەکە بەیاننامەی ڕەسمی و بڕیاری دادگای پێدا هەڵواسراوە، ئەو دەرگەیەی کە گوڵە چوار پەڕەکەی پێوەیە، ئێستا بووەتە دۆلابی دۆکیومێنت.

پارێزەرەکە بە جلوبەرگی فەرمیی و ملپێچی سپییەوەیە و لەلای چەپی دیوی دەرگەکەوە لەسەر مێزێکی پڕ لە کاخەز دانیشتووە. ڕوخساری عەزابی لێ دەبارێ، ڕوخساری وەک گەچ سپی بە چرچولۆچیی و سێبەری وەک تەرم وەنەوشەیییەوە، وی ناشیرینە و دەموچاوی پێچەوانەکەرەوەی هەموو جۆرە تاوان و بەدییەکە کە پیشەکەی ناچاری دەکات لێیان بکۆڵێتەوە.

لە دوو کاتبەکەی، یەکێکیان قۆڵێکی هەیە و ئەویتریشیان چاوێکی هەیە.

ئەو خەڵکەی کۆ بووبوونەوە تا ‹کردنەوەی دەرگەکە› ببینن لەوێ ماون، بەڵام ئێستا وەک بڵێی چاوەڕێی هاتنە ژوورەوە بن بۆ لای پارێزەرەکە، پێدەچێ هەمیشە هەر لەوێدا ڕاوەستابن. کچەکە ‹بە شاڵەکەوە› و ئەفسەرەکەیش لە لە نهۆمی یەکەمە.)

**پارێزەر:**

(بەرەو لای کچەکە دەچێتە پێش)

خوشکم پێم بڵێ دەکرێت ئەم شاڵەم بدەیتێ، لێرە لە ناوەوە هەڵی دەواسم تا ئەو کاتەی شۆمینەکە هەڵدەکەم، ئەوجا بە هەموو خەم و بەدبەختییەکانییەوە دەیسووتێنم.



**کچەکە:**

جارێ نا، برام، دەمەوێ یەکەم جار تەواو پڕ بێت، بەر لە هەموو شتێکیش من دەخوازم بتوانم هەموو ئازارەکانت، متمانە پێ بەخشینەکانت سەبارەت بە تاوان، گوناه، بەناحەق زیندانیکردن، بەدگۆیی، بەدناوکردن، کۆکەمەوە.

**پارێزەر:**

هاوڕێی بچکۆلانە، ئەدی شاڵەکەت ماوێتی پڕ بێت! بنۆڕە لەم دیوارانە، بزانە کاخەزەکانی بەو هەموو گوناهانە پیس نەبوون. لەم کاخەزانە بنۆڕە کە من تێیاندا حیکایەت لەبارەی ناهەقی دەنووسمەوە، لە من بنۆڕە، قەت کەسێک نایەت بۆ ئێرە زەردەخەنەی بێ، تەنیا نیگای تووڕە، ددانی جیڕەوە بوو، مشتی وێکهاتوو، هەر هەمووشیان تووڕەیی خۆیان، ئیرەیی و گومانی خۆیان بە مندا دەفیچقێنن، بنۆڕە، دەستەکانم ڕەشن و قەت پاک نابنەوە، بنۆڕە چۆن قڵیشاو و خوێناویین، هەرگیز جلک لە چەند ڕۆژێک زیاتر بەرگەم ناگرێ، چونکە لە تاوانی خەڵکانی تردا بۆگەن دەکەن، هەندێ جار گۆگرد[٢٥] لێرە لە ناوەوە دەکەمە دووکەڵ بەڵام سوودی نییە، لێرە دەنووم و تەنیا خەون بە تاوانەوە دەبینم، هەر ئێستا کەیسی قەتڵێکم لە دادگا هەیە. خراپ ناچێتە پێشێ، بەڵام دەزانیت لە هەمووی خراپتر چییە؟ لێککردنی ژن و مێردە! ئەوە وەک هاوار و بانگە لە ژێر ئەرز و لە سەرەوەی ئاسماندا، هاوار و بانگی خیانەت بەڕووی

(٢٥) Röka med svavel دووکەڵی گۆگردی سوتاو کە بۆ خاوێنکردنەوە و میکرۆب کوشتن بەکار دەهێنرێت.

ئەسڵی هێزدا، بەڕووی سەرچاوەی خێر و ئەڤیندا، ئیتر بنۆڕە، کاتێ کاخەزە تەنکەکان[٢٦] بە شێکایەتی دووقۆڵییان پڕ دەبێتەوە و دواجار کەسێکی زۆر میهرەبان یەکێک لەم دوو هاوسەرە بە تەنێ ببینێ، نوقورچێ لە گوێچکەی بگرێ و بە زەردەخەنەوە پرسیارە ساکارەکەی لێ بکا: هەر بەڕاست چیت هەیە بەرامبەر مێردەکەتان – یان ژنەکەتان – ئیتر پیاوەکە – یان ژنەکە – چ وەڵامێک شک نابات بیداتەوە و نازانێ هۆکەی چییە! جارێکیان – ئا جارێک کێشەکە لەسەر زەڵاتەیەک بوو، جارێکی تر لەسەر قسەیەک، زوربەی جاریش لەسەر هیچ. بەڵام من دەبێ پەژارە و ئازار هەڵگرم! بنۆڕە چیم لێ هاتووە! پێت وایە من بتوانم بەم ڕوخسارە تاوانبارانەیەمەوە خۆشەویستی ژنێک بەدەست بهێنم؟ ئەی پێت وایە کەسێک حەز بکات ببێتە هاوڕێم کە هەموو قەرزەکانی شار، قەرزی پارەی لەسەرە و دەبێ بیداتەوە. ئینسانبوون شتێکی بەسۆیە.

**کچەکە:**

ئینسان گوناحە!

**پارێزەر:**

وایە! ئەوە بۆ من مەتەڵە کە مرۆڤەکان چۆن دەژین! بە دوو هەزار کرۆنی داهاتەوە هاوسەرگیری دەکەن لە کاتێکدا خۆیان پێویستییان بە چوار هەزارە، بێگومان قەرز دەکەن، هەمووان قەرز دەکەن! ئیتر تا مردن بە کولەمەرگی و زگ هەڵگوشین

(٢٦) Pappersris جۆرێک کاخەزی تەنکە وەک کاخەزی جگەرە، جۆرە کاخەزێکی ئاوریشمینە و بۆ کاری شێوەکاری تایبەت بەکار دەهێرێت.



دەیگوزەرێنن، ئیتر ماڵەکە هەمیشە بەژێر قەرزەوەیە! ئەدی دواجار کێ ئەو قەرزانە دەداتەوە، دە پێم بڵێ، دەی!

**کچەکە:**

ئەو کەسەی دان دەداتە باڵندەکان[٢٧]!

**پارێزەر:**

ئا، بەڵام ئەی ئەگەر ئەو کەسەی دان دەداتە باڵندەکان بیەوێ بێتە خوارەوە بۆ سەر ئەرزەکەی و ببینێ منداڵە مرۆڤە داماوەکانی چۆن دەژین، ڕەنگە بەزەیی بیگرێت.

**کچەکە:**

ئینسان گوناحە!

**پارێزەر:**

ئا وایە، ئەوە ڕاستە! (بۆ ئەفسەرەکە) چیتان دەوێ؟

*

**ئەفسەرەکە:**

تەنیا دەمەوێ بپرسم ئاخۆ خاتوو ڤیکتۆریا ڕۆیشتووە؟

**پارێزەر:**

نەء، نەڕۆیشتووە، دەتوانن تەواو دڵنیا بن، بۆچی دەست لە دۆڵابەکەم دەدەن؟

**ئەفسەرەکە:**

پێم وابوو دەرگەکە زۆر لە... دەچێ...

(٢٧) ئاماژەیە بە Matteus 6:26.

**پارێزەر:**

ئاه نا، نا، نا!

(دەنگی لێدانی زەنگی کڵێسا دەبیسترێت)

*

**ئەفسەرەکە:**

ئاخۆ ئەوە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنە لە شار؟

**پارێزەر:**

نا، ئاهەنگی شەهادە بەخشینەوەیە، ئاهەنگی دوکتۆرا بەخشینەوە. منیش پلەوپایەم بەرز دەبێتەوە و دکتۆرام لە یاسادا پێ دەدرێت! ڕەنگبێ ئێوەیش حەز بکەن دوکتۆرایەکتان بدرێتێ و تاجەگوڵینەیەکتان لە پەلک و گەڵای درەختی غار پێ ببەخشرێ؟

**ئەفسەرەکە:**

ئاااااا. بۆ نا؟ ئەوە هەمیشە شتێکی کەمێک سەرگەرمکەر بووە.

**پارێزەر:**

ڕەنگە ئێمە دەسبەجێ بۆ ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیە بەڕێ کەوین؟ بڕۆ و خۆت بگۆڕە!

(ئەفسەرەکە دەچێتە دەرەوە، ئێستا شانۆ تاریک دەبێت، لەو میانەیەدا ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر شانۆ ڕوو دەدەن: پەرژینەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئێستا وەک نەردەی میحرابی کڵێسایەک بەکار دێت، تابلۆی پۆستەرەکە دەبێتە تابلۆی ژمارە



بۆ سروودی کڵێسایی، زەیزەفون – جلئاوێزەکە دەبێتە چلچرا، مێزی پارێزەر:ەکە دەبێتە مێزی بەجێهێنانی دوکتۆرا بەخشینەوە، ئەو دەرگەیەی کە گوڵە چوارپەڕەکەی پێوەیە دەچێتەوە سەر ژووری خۆگۆڕین و پاراستنی شمەکە پیرۆزەکانی کڵێسا[٢٨] . ئەندامانی کۆرسی ڕابەرانی گۆرانی دەبنە بۆنەڕێکخەران و گۆپاڵیان پێیە و ژنە فیگۆرانتەکانیش تاجەگوڵینەکانیان پێیە.

خەڵکەکانی تر وەک تەماشاکەر راوەستاون.

پاشینەی شانۆ بەرز دەبێتەوە و پاشینە تازەکە ئۆرگێکی گەورە بەرجەستە دەکا کە کلیلەکانی لە خوارەوەیەوە و ئاوێنەیەک بە سەرییەوەیە[٢٩] .

مۆسیقا دەبیسترێت! لە لاکانەوە، هەر چوار کۆلێژەکە: فەلسەفە، ئایینناسی، پزیشکی، یاسا.

(شانۆ بۆ ساتێک بەتاڵە.)

**بۆنەڕێکخەران:**

(لەلای ڕاستەوە)

ژنە فیگۆرانتەکان

---

(٢٨) Sakristia ژوورێکی گچکەیە بەتەنیشت میحرابی کڵێساوە بۆ خۆگۆڕینی قەشە و کاهینەکان و هەروەها شمەکە پیرۆزەکانیشی لێ هەڵ دەگیرێت. و.کوردی

(٢٩) ئۆرگانیست کە پشت لە کۆمەڵە ئاینییەکە دادەنیشێت، ئاوێنەیەک بەسەر ئۆرگەکەیەوەیەتی کە بەهۆیەوە دەتوانێ چالاکییەکانی سەر ئەڵتارەکە لە کڵێسادا ببینێت.

(لەدوايانەوە دێن و تاجـەگـوڵێنەيان بە دەسـتـەوەيە و بەرەو پێشەوە ڕايەڵيان كردووە.)

(سێ كەس كە دوكتۆرايان دەدرێتێ يەك لە دواى يەك، لەلاى چەپەوە دێنە پێشـەوە، لەلايەن ژنە فـيگۆرانتـەكـانەوە تاجـە گوڵێنەيان لەسەر دەكرێ و پاشان لاى ڕاستەوە دەچنە دەرێ)

**پارێزەر:**

(دەچێتە پێشەوە تا تاجەگوڵێنەى گەڵا و پەلكى درەختى غارى لەسەر بنرێت [٣٠]).

**ژنە فيگۆرانتەكان**

(خۆيان دوور دەخـەنەوە و ئامادە نين تاجـە گوڵێنە لەسـەر ئەو بنێن و دەچنە دەرەوە)

**پارێزەر:**

(دەلەرزێ، پاڵ بە كـۆڵەگـەيەكـەوە دەدات. هەمـوو دەچنە دەرێ، پارێزەر بە تەنيايە).

**كچەكە:**

(دێتە ژوورەوە، سەرپۆشێكى سپى بە سەر و شانەوەيە)

دەبينيت، ئەها من ئێستا شاڵەكەم شت، بەڵام بۆچى تۆ لێرەدا ڕاوەستاويت؟ ئەدى تاجە گوڵێنەكەت وەرنەگرت؟

**پارێزەر:**

نەء، شايانى نەبووم.

---

(٣٠) دوكتۆرا وەرگرێك لە ياسادا بەشێوەيەكى ئاسايى كڵاوى دوكتۆرا وەردەگرێت، دوكتۆرێكيش لە فەلسەفەدا، تاجە گوڵێنەى درەختى غار.



**كچەكە:**

بۆچى؟ لەبەرئەوەى تۆ كێشەى هەژارانت لە ئەستۆى خۆت گرتووە، قسەيەكى باشت بۆ تاوانباران كردووە، بارى سەرشانى گوناهبارانت سووك كردووە، مۆڵەتت بۆ حوكمدراوان وەرگرتووە، بێچارە خۆى ئينسان، ئەوان فريشتە نين، بەڵام گوناحن!

**پارێزەر:**

قسەى خراپ بە ئينسان مەڵێ، من بەرگريى لە كێشەكانيان دەكەم.

**كچەكە:**

(پاڵ بە ئۆرگەكەوە دەدات)

باشە بۆچى بەدەموچاوى هاوڕێى خۆياندا دەكێشن؟

**پارێزەر:**

هەر ئەوەندە دەفامن!

**كچەكە:**

دەى با ئەقڵيان ڕۆشن بكەينەوە! دەتەوێ، لەگەڵ مندا پێكەوە!

**پارێزەر:**

ئەوان چ ئەقڵ ڕۆشنكردنەوەيەكيان پێ قبوڵ نييە! ئۆف، ئەگەر دادوبێدادمان بگەيشتايە عەرشى خوا.

**كچەكە:**

دەگاتە عەرشى خوا! (لاى ئۆرگەكەوە دادەنيشێت) دەزانيت چى لەم ئاوێنەيەدا دەبينم؟ ڕاستبوونەوەى دنيا، ئا، لەبەرئەوەى بەرەو پشت بووەتەوە.

**پارێزەر:**

چۆن بەرەو پشت بووەتەوە؟

**کچەکە:**

کاتێ کە کۆپی کراوە.

**پارێزەر:**

بنۆڕە تۆ ئێستا وات گوت! کۆپی، من هەمیشە درکم بەوە کردووە کە ئەوە کۆپییەکی هەڵە بووە، کاتێک کەوتمە ئەوەی وێنە ئۆرگیناڵەکان[٣١] وەیاد بێنمەوە، ئیتر لە هەموو شتێک نائومێد بووم، خەڵکی بەمە دەڵێن بە کەم ڕازی نەبوون و وردە شووشەی شەیتان[٣٢] لە چاودا و ئیتر ئاوها تا دوایی.

**کچەکە:**

هەڵبەت شێواوە! بنۆڕە ئەم چوار کۆلیژە! ئەم حکوومەتە کۆمەڵگەپارێزە زەحمەت لەگەڵ هەر چواریاندا دەکێشێت: ئایینناسی، زانست لەبارەی خواوە، کە هەمیشە لەلایەن فەلسەفەوە هێرشی دەکرێتە سەر و مەسخەرەی پێ دەکرێت و تەنیا خۆی بە خودی حیکمەت دەزانێ[٣٣] ! پزیشکییش

(٣١) مەبەست لەو گریمانە پلاتۆنییەیە کە جیهانی هەستیی کۆپییەکی ناتەواوی جیهانی ئایدیا، واتە جیهانە ئۆرگیناڵەکەیە.

(٣٢) پێوەند بەچیرۆکەکەی هـ. سێ. ئەنارسن بەناوی Snedronningen، لەبارەی ئاوێنە ئەفسوناوییەکەی شەیتانەوەیە کە دەکەوێتە خوارەوە و دەیدا بەئەرزدا و پارچە پارچە دەبێ، وردە شووشە دەچێتە چاوی خەڵکییەوە بەشێوەیەک کە ئیتر هەموو شتێک شێواو و دزێو دەبینن.

(٣٣) فەلسەفە واتە: "خۆشەویستی بۆ حیکمەت" وشەکە گریکییە، filos واتە: هاوڕێ، sofia واتە: حیکمەت.



هەمیشە ململانێی فەلسەفە دەکا و ئایینناسییش بە زانست ناژمێرێ بەڵکو پێی دەڵێ خورافەتپەرستیی، پێکەوە لە کونسستۆریوم[٣٤] یێکدا دانیشتوون کە دەبێ گەنجەکان فێری ڕێزگرتن لە زانکۆ بکەن. ئەوە شێتخانەیە! داماو ئەو کەسەیە کە یەکەم جار ئاقڵ دەبێ!

**پارێزەر:**

یەکەم کەس کە تێدەگەن ئایینناسەکانن – کاتێ فەلسەفە دەخوێنن فێریان دەکا ئایینناسی قسەی قۆڕە، پاشان ئایینناسی فێریان دەکا فەلسەفە قسەی قۆڕە! دێوانەن، ها؟

**کچەکە:**

یاساش، خزمەتی هەموو شتێک دەکا، خزمەتی خۆی نەبێ!

**پارێزەر:**

عەدالەت کاتێ دەیەوێ دادوەریی بچەسپێنێ، دەبێتە بکوژی مرۆڤ، داد کە زۆر جار نادادیی دەکا!

**کچەکە:**

ئەی زارۆکی ئینسان، کەوابێ ئاوها خوومەکەتان لێ شێواوە
ئەی زارۆکی ئینسان! – وەرە و تاجە گوڵینەیەکم لێ وەربگرە،
تاجێک کە جوانتر لێت بێت!
(تاجە دڕکێک دەنێتە سەری ئەو
ئێستا مۆسیقات بۆ دەژەنم!

(٣٤) Konsistorium لێرەدا بەواتای بەڕێوەبەرایەتی یان ئەنجوومەنی زانکۆ دێت.

(لەلای ئۆرگەکەوە دادەنیشێت و ‹کیریێ[٣٥]› یەک دەژەنێ، بەڵام لەبری تۆنی مۆسیقا، دەنگی خەڵک دەبیسترێت)

**دەنگی منداڵان:**

ئەی ئەبەدیی! ئەی ئەبەدیی! (دوایین تۆن درێژ دەکرێتەوە)

**دەنگی ژنان:**

ڕوحممان پێ بکە! (دوایین تۆن درێژ دەکرێتەوە)

**دەنگی پیاوان:**

(تینۆر)

بۆ خـاتری ڕەحـمـەتت ڕزگـارمـان بکە! (دواین تۆن درێژ دەکرێتەوە)

**دەنگی پیاوان:**

(باس)

خوایە منداڵەکانت ببەخشە و ڕقت لێمان هەڵنەسێ!

*

**هەموو:**

ڕوحممان پێ بکە! بمانبیستە! بەزەیی بەرامبەر ئەو مردەنییانە بنوێنە، ئەی ئەبەدی، ئێمە لە تۆ دوورین؟ ئێمە لە قووڵاییەوەڕا هاوار دەکەین: بمانبەخشە! ئەی ئەبەدیی! باری سەر شانی منداڵەکانت قورس مەکە! بمانبیستە! بمانبیستە!

*

(سەر شانۆ تاریک دەبێ، کچەکە هەڵدەسێ، لە پارێزەر نزیک

(٣٥) Kyrie وشەیەکی گرێکییە. واتا: خوایە ڕوحممان پێ بکە.



دەبێتەوە. ئۆرگەکە لەمیانەی گۆڕینی ڕووناکییەوە دەبێتە ئەشکەوتی فینگال[٣٦]. زەریا بە شەپۆلی گەورە بەژێر کۆڵەگەکانی چیای ڕەشی بورکانیدا دەڕوا و تۆڕێکی دەنگیی لە هاژەی شەپۆل و وژەی با دروست دەکات.)

**پارێزەر:**

خوشکێ ، ئێمە لە کوێین؟

**کچەکە:**

چی دەبیستیت؟

**پارێزەر:**

دەبیستم چۆن دڵۆپەکان دەکەونە خوارەوە.

**کچەکە:**

ئەوە فرمێسکی خەڵکین کاتێ دەگرین، چی تر دەبیستیت؟

**پارێزەر:**

ئاخ هەڵکێشان و سکاڵاکردن و ناڵاندن و...

(٣٦) Fingalsgrotta ئەشکەوتێکی بەناوبانگە، نزیکەی ٣٥ مەتر بڵند و ١٢ مەتر پان و ٧٠ مەتر قووڵە، دەکوێتە دوورگەی ستافاوە لە ڕۆخی ڕۆژئاوای سکۆتلاند. لەمیانەی شکاندنی کۆڵەگە ڕەشە بورکانییە شاقووڵییە شەش دیوەکەی چیاکەوە دروستبووە و ئەو دواشی ڕژاوەتە زەریاوە. بناخەی ئەشکەوتەکە دەکەوێتە ژێر ئاستی زەریاوە. ئەشکەوتەکە بەزمانی گایلی پێی دەگوترێ: "Uaimh Binn” واتە ئەشکەوتی مۆسیقایی، ئەمەش بەهۆی ئەو نەغمە خۆشانەوە کە شەپۆڵەکان لە ئەشکەوتەکەدا دروستی دەکەن. گایلی زمانێکی کێلتییە و گایلەکان لە سکۆتلاند پێی دەپەیڤن.

**کچەکە:**

هاوار و دادوبێدادیی ئەو مردەنییانە گەیشتووەتە ئێرە، ئیتر ئەولاوەتر نییە. بەڵام ئەم دادوبێدادە ئەبەدییە بۆچی؟ ئاخۆ ژیان بێ بەرییە لە شتێک کە دڵی پێ خۆش بکرێت؟

**پارێزەر:**

با، خۆشەویستی، کە خۆشترین تاڵترینە! ژن وماڵ! باڵاترین و نزمترین!

**کچەکە:**

دەی با تاقی بکەمەوە!

**پارێزەر:**

لەگەڵ من؟

**کچەکە:**

لەگەڵ تۆ! تۆ شارەزای گابەرد و ئاستەنگەکانیت، بریا خۆمان لەوان بەدوور دەگرت!

**پارێزەر:**

من هەژارم!

**کچەکە:**

جا ئەوە چییە، ئەگەر تەنیا یەکترمان خۆش بوێت؟ نەختێک جوانیی هیچی تێ ناچێ!

**پارێزەر:**

ڕەنگبێ من دژی ئەو شتانە بم کە تۆ حەزت لێیانە.



**کچەکە:**

دەکرێ مرۆڤ بیانگونجێنێ.

**پارێزەر:**

ئەی ئەگەر خەمبار بووین؟

**کچەکە:**

ئەوسا منداڵەکە دێت و دڵخۆشییەک دەهێنێت بە دیاری کە هەمیشە نوێیە!

**پارێزەر:**

تۆ، تۆ منت دەوێ، منێکی هەژار و ناشیرین، سووکایەتیپێکراو و تڕۆکراو؟

**کچەکە:**

ئا، خۆزگە چارەنووسمان تێکەڵ دەکرد!

**پارێزەر:**

کەواتە دەی هیمەت!

پەردە

(ژوورێکی زۆر ساکار لە نێو نووسینگەی پارێزەردا. لای ڕاستەوە سیسەمێکی گەورەی دوو کەسیی لە ژێر پەردە کوللەدا، بەپاڵ پەنجەرەیەکەوە.

لای چەپەوە سۆپایەکی تەنەکە مەنجەڵێکی لەسەرە. کریستین: خەریکی سرێشکردنی پەنجەرەکەی ناوەوە[٣٧] یە.

لە پاشینەی شانۆدا دەرگە لەسەر نووسینگەکە کراوەتەوە، لە دەرەوە خەڵکانی هەژار دەبینرێن کە چاوەڕێی نۆرەی خۆیانن.)

**کریستین:**

من سرێشکاریی دەکەم، من سرێشکاریی دەکەم!

**کچەکە:**

(ڕەنگپەڕیو و ڕەقهەڵاتوو، لە پاڵ سۆپاکەدا دانیشتووە)

تۆ ناهێڵیت هەوا بێتە ژووریَ! ها ئەوا خنکام!

**کریستین:**

ئێستا تەنیا درزێکی بچووک ماوە!

**کچەکە:**

هەوا، هەوا، خۆ هەناسەم بۆ نادریَ!

**کریستین:**

من سرێشکاریی دەکەم، من سرێشکاریی دەکەم!

**پارێزەر:**

(لەبەر دەرگەکەدا ڕاوەستاوە و کاخەزێکی بە دەستەوەیە)

---

(٣٧) مەبەست لەو پەنجەرە تایبەتەیە کە زستانان دادەنرێت و قەلیشتەکانی بەشریتی سرێش دەئاخنرێت تا هەوای ساردی لێوە نەیەتە ژوورەوە.



ئەوە ڕاستە، کریستین: هەوای گەرم گرانە!

**کچەکە:**

ئۆه، پێ دەچێت زارمت بە سرێش سواخ دابێت!

**پارێزەر:**

منداڵەکە نوستووە؟

**کچەکە:**

بەڵێ، ئاخری!

**پارێزەر:**

(نەرم)

ئەم زریکەیە مشتەرییەکانم لێ دەتەکێننەوە!

**کچەکە:**

(بە میهرەبانیی)

ئەی چارە چییە؟

**پارێزەر:**

هیچ!

**کچەکە:**

با باڵەخانەیەکی گەورەتر بگرین!

**پارێزەر:**

ئاخر پارەمان نییە!

**کچەکە:**

ڕێم بدە پەنجەرەکە بکەمەوە، ئەم هەوا پیسە دەمخنکێنیَ؟

**پارێزەر:**

ئەوسا هەوا گەرمەکە دەچێتە دەرێ و ئێمەش سەرمامان دەبێ!

**کچەکە:**

شتێکی ناجۆرە! ئەی دەتوانین دەرەوە بە فڵچە خاوێن بکەینەوە؟

**پارێزەر:**

تۆ حەوسەڵەی خاوێنکردنەوەت نییە، هەروەها منیش، کریستینیش دەبێ سرێشکاریی بکا، دەبێ هەموو ماڵەکە سرێشکاریی بکا، درز بە درز، ساپیتەکە، ئەرزەکە، دیوارەکان!

**کچەکە:**

من خۆم بۆ هەژاریی ئامادە کردبوو بەڵام بۆ پیس و پۆخڵیی نا!

**پارێزەر:**

هەژاریی هەمیشە بەشێوەیەکی رێژەیی پیس و پۆخڵییە!

**کچەکە:**

ئەمە خەراپترە لەوەی کە بەخەون دەمبینی!

**پارێزەر:**

هێشتا خراپترینمان نەدیوە! هێشتا چێشت لە قازانەکەدا ماوە!

**کچەکە:**

بەڵام کام چێشت؟

**پارێزەر:**

کەلەرم هەرزانە، بەکەڵک و بەتامە!



**کچەکە:**

بۆ یەکێ حەزی لە کەلەرم بێ، منیش قێزم لێی دێتەوە!

**پارێزەر:**

بۆچی ئەمەت نەگوت؟

**کچەکە:**

لەبەرئەوەی خۆشم دەویستیت! دەمویست چێژی خۆم بکەمە قوربانت!

**پارێزەر:**

کەواتە دەبێ من چێژی خۆم بۆ کەلەرم بکەمە قوربانت! قوربانیدان دەبێ دوولایەنە بێت.

**کچەکە:**

ئەدی چی بخۆین؟ ماسی؟ بەڵام تۆ ڕقت لە ماسییە.

**پارێزەر:**

گرانیشە!

**کچەکە:**

ئەمە قورسترە لەوەی کە بیرم لێ دەکردەوە!

**پارێزەر:**

(بە میهرەبانییەوە)

دەبینیت چەند سەختە، منداڵەکەیش، کە دەبوو ببێتە ڕایەڵی پێکەوە گرێدانمان و بەرەکەتمان بدات، بووەتە هۆی وێرانیمان!

**کچەکە:**

ئازیزم! من لەم هەوایەدا دەمرم، لەم ژوورەدا دەمرم کە بەسەر

حەوشەی دواوەدا دەنۆڕێ، بە سەعاتگەلێکی بێ کۆتایی زریکەی ئەم منداڵەوە، بەبێ خەو، بەم خەڵکەی دەرەوەوە و ناڵاندنەکانیان، بەشەڕ و هەرایان و یەکتر گوناهبارکردنەکانیان، من دەبێ لێرە لە ناوەوە بمرم!

**پارێزەر:**

ئەی گوڵە بچکۆلەی نەگبەت، بێ ڕووناکی، بێ هەوا،...

**کچەکە:**

دەشڵێیت خەڵکانی تر هەن لە ژیانێکی دژوارتردا دەژین!

**پارێزەر:**

من یەکێکم لەم گەڕەکەدا کە ئیرەییم پێ دەبرێت!

**کچەکە:**

بارودۆخەکە هەمووی بەرگەدەگیرا ئەگەر تەنیا شتێک جوانییم لەم ماڵەدا شک ببردایە!

**پارێزەر:**

دەزانم مەبەستت لە گوڵێکە، بەتایبەتی گوڵە هێلیۆترۆپ(٣٨)، بەڵام ئەو گوڵە بە کرۆن و نیوێکە کە سێ لیتر شیر و چوار کاپێ(٣٩) پەتاتە دەکات.

**کچەکە:**

پێم خۆشە بێ شێو سەربنێمەوە، بەڵام گوڵەکەی خۆمم هەبێت.

---

(٣٨) Heliotrop جۆرە گوڵێکی بۆنخۆشی زینەتیی ڕەنگ بنەوشەیی و شینە، ناوەکەی گرێکییە، helios واتە خۆر، trepein واتە پێچ. ئەگەر گوڵێکی لەم جۆرە لەبەر پەنجەرەیەکدا دانرێت، پەلکەکانی بەرەو ڕووناکییەکە درێژ دەبن.

(٣٩) kappe پێوانەیەکی کۆنە بۆ قەبارە، یەک کاپی دەکاتە نزیکەی ٤،٦ لیتر.





**پارێزەر:**

جۆرە جوانییەک هەیە هیچی تێ ناچێت، نەبوونی ئەو جوانییە لە ماڵدا گەورەترین عەزابە بۆ کەسێک کە خاوەن زەینی جوانی بێت.

**کچەکە:**

چییە؟

**پارێزەر:**

ئەگەر بیڵێم، تووڕە دەبیت!

**کچەکە:**

ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین تووڕە نەبین!

**پارێزەر:**

ئێمە ڕێککەوتووین، هەموو شتێک دەکرێ، ئاگنێس، تەنیا ئەو کورتە تۆنە ڕەقانە نەبێت، دەزانیت کامانە دەڵێم؟ هێشتا نازانیت!

**کچەکە:**

ئێمە نابێت قەت ئەم تۆنانە ببیستین!

**پارێزەر:**

قەت ئەوەندەی پێوەندی بەمنەوە هەبێت!

**کچەکە:**

ئێستا بیڵێ!

**پارێزەر:**

ئا، کاتێ خۆم بە ماڵێکدا دەکەم، یەکەم جار تەماشای

پەردەکان دەکەم بزانم چۆن لای کونی هەڵواسینەکانییەوە شۆڕبوونەتەوە. (بەرەو لای پەردەی پەنجەرەکە دەچێتە پێشێ و ڕێکی دەخات) وەک گوریسێک یان وەک پەڕۆ کۆنێک وەستاوە، ئەوسا بەزوویی دەڕۆم، پاشان چاوێک بە کورسییەکاندا دەگێڕم، ئاخۆ ڕێک دانراون، ئەوسا دەمێنمەوە. (کورسییەک بە پاڵ دیوارەکەوە ڕێک دەخا).. پاشان لە مۆمەکانی ناو مۆمدانەکە دەنۆڕم، ئەگەر لار بووبێتنەوە ئەوە مانای ئەوەیە هەموو خانووەکە خوار وەستاوە)! مۆمێکی سەر نووسینگەکە ڕێک دەکاتەوە) ئەمە ئەو جوانییەیە، بنۆڕە هاوڕێی بچکۆلەم، ئەمە ئەو جوانییەیە کە هیچی تێ ناچێت!

**کچەکە:**

(ملی بەسەر سینگیدا شۆڕ دەکاتەوە).

ئاکسێل، ئەو تۆنە کورتانە بۆ ئاخافتن بەکار مەهێنە!

**پارێزەر:**

کورت نین!

**کچەکە:**

با، کورتن!

**پارێزەر:**

بنۆڕە، توو شەیتان!

**کچەکە:**

ئەمە چ زمانێکە؟

**پارێزەر:**

ئاگنێس، ببوورە، بەڵام من بەهۆی ئەم نارێکوپێکییەی تۆوە



ئازارێکی زۆر، هێندەی ئازارکێشانی تۆ بەهۆی پیس وپۆخڵییەوە دەچێژم! من نەمویراوە خۆم دەست وەربدەمە خاوێنکارییەوە، بۆ ئەوەی تۆ تووڕە نەبیت و وا بزانیت سەرزەنشتت دەکەم، ئۆفففف! ئێستا لەم قسانە ببینەوە؟

**کچەکە:**

زۆر زەحمەتە شووت کردبێت، ئەوە لە هەموو شتێک زەحمەتترە! پێم وایە مرۆڤ دەبێ فریشتە بێت!

**پارێزەر:**

ئا، منیش پێم وایە!

**کچەکە:**

من وای بۆ دەچم دوای ئەمە ڕقم لێت بێتەوە!

**پارێزەر:**

کەواتە نەفرەت لە خۆمان، بەڵام با بەر بە ڕق بگرین! من بەڵێن دەدەم هەرگیز لەمەولا هیچ ڕەخنەیەک لە خاوێنکارییەکە نەگرم، ئەگەرچی ئەوە بۆ من مایەی ئەشکەنجەشە!

**کچەکە:**

منیش کەلەرم دەخۆم ئەگەرچی ئەوە بۆ من کەسەرە.

**پارێزەر:**

واتە ژیانێکی پێکەوەیی لە کەسەردا! لەزەتی یەکێک عەزابە بۆ ئەویتر(٤٠)!

---

(٤٠) ئەمە ئیدیۆمە: مردنی کەسێک دەبێتە نانی کەسێکی تر.

**کچەکە:**

ئینسان گوناحە!

**پارێزەر:**

وای دەبینیت؟

**کچەکە:**

ئا، بەڵام توو ناوی خوا با خۆمان لە تاشە بەردەکان لادەین، کە ئێستا باش هەستیان پێ دەکەین!

**پارێزەر:**

با وا بکەین! ئێمە خەڵکانێکی مرۆڤ پەروەر و ڕووناکبیرین، هەڵبەت دەتوانین ببوورین و چاوپۆشی بکەین!

**کچەکە:**

هەڵبەت دەتوانین گاڵتەمان بە شتە بچووکەکان بێت!

**پارێزەر:**

ئێمە، تەنیا ئێمە توانای ئەوەمان هەیە، دەزانیت، ئەمڕۆ بەیانی لەبارەی، خوێندمەوە. ئەوە ڕۆژنامەکە کوا؟

**کچەکە:**

(شەرمنانە)

کام رۆژنامە؟

**پارێزەر:**

(توند)

بەشداریی ڕۆژنامەیەک زیاترم هەیە؟



**کچەکە:**

ئێستا زەردەخەنە بتگرێ و ڕەق قسە مەکە، ئاگرم بە ڕۆژنامەکەت خۆش کرد و...

**پارێزەر:**

نەفرەت!

**کچەکە:**

ئێستا زەردەخەنە بتگرێ.. ڕۆژنامەکەتم سووتاند، چونکە سووکایەتی بەو شتانە دەکرد کە لای من پیرۆزن.

**پارێزەر:**

چی لای من پیرۆز نییە! ئێ. (چەپڵە لێ دەدات، زۆر تووڕە) من دەبێ زەردەخەنە بمگرێ، دەبێ زەردەخەنە بمگرێ تا کاکیلەکانی دواوەم دیار بێ، من دەبێ ئینسانیی بم، بە بۆچوونەکانمەوە ڕاکەمە ژێر کورسییەکەوە و بۆ هەموو شتێک بڵێم بەڵێ، خۆ بدزمەوە و دووڕوو بم! بەڕاست ئێستا تۆ ڕۆژنامەکەمت سووتاند! بەڕاست؟ (پەردەکە دەخاتە سەر کۆڵەگەی سیسەمەکە) دە سەیر! ئێستا دەڕۆم و دەکەومە خاوێنکردنەوە تا تۆ تووڕە بیت، ئاگنێس، سووک و ئاسان ئەمە کارێکی مەحاڵە!

**کچەکە:**

ڕاستە وایە!

**پارێزەر:**

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ سەبرمان هەبێ، نەک لەبەر خاتری

گفتوبەڵێن، بەڵکو لەبەر منداڵەکە!

**کچەکە:**

ئەوە ڕاستە! لەبەر منداڵەکە! ئاه! ئاه! پێویستە سەبرمان هەبێ.

**پارێزەر:**

ئێستاش من دەبێ بچمە دەرەوە بۆ لای مشتەرییەکانم! گوێت لێیە، ئەوانە لە بێ حەوسەڵەییدا غەڵبەغەڵبییانە تا یەکتر کەلەپاچە بکەن، ببنە مایەی سزای پارە و زیندان بۆ یەکتر. ڕوحگەلێکی نابەختەوەر.

**کچەکە:**

داماوینە، هەی خەڵکانی داماو! ئەم سرێشکەرەش!

(لە نائومێدییەکی بێدەنگدا، لارەمل دەوەستێ)

**کریستین:**

من سرێشکاریی دەکەم، من سرێشکاریی دەکەم!

**پارێزەر:**

(لای دەرگەکەوە ڕادەوەستێ و شڵەژاوانە خەریکی قفڵی دەرگەکەیە)

**کچەکە:**

ئۆو، قفڵەکە چۆن دەجیرێنێ، دەڵێی ئیسپرینگەکانی دڵم بادەدەیت.

**پارێزەر:**

بای دەدەم، بای دەدەم...



**کچەکە:**

وا مەکە!

**پارێزەر:**

بای دەدەم!

**کچەکە:**

نا!

**پارێزەر:**

من...

*

**ئەفسەرەکە:**

(لە ناو نووسینگەکەوە، قفڵەکە دەگرێ)

بە یارمەتی!

**پارێزەر:**

(قفڵەکە بەردەدات)

فەرموو! چونکە دوکتۆرات پێ بەخشراوە!

**ئەفسەرەکە:**

ئێستا هەموو ژیان بە هی خۆم دەزانم! هەموو دەرگەکانم لە ڕوودا کراوەن، بەسەر پارناس(٤١) دا هەڵزنام، تاجە گوڵینەم

(٤١) Parnassos لە parnass ەوە هاتووە، چیای پیرۆزی گریکلاند، ماڵی ئاپۆللۆ و مۆزەخانەکان، لە مانای میتافۆرییدا، ئەو پلاتفۆرمەیە کە تاجە گوڵینەی پەلک و گەڵای درەختی غار، سیبمبوڵی بەهای دوکتۆرا لە کۆلێژی فەلسەفەی، لێ دابەش دەکرێت.

بردەوە، نەمریی، شانازی، هەموو شتێک هی خۆمە!

**پارێزەر:**

ئەدی بە چی دەژین؟

**ئەفسەرەکە:**

بە چی دەژیم؟

**پارێزەر:**

خۆ دەبێ ماڵ و جلوبەرگ و خۆراکتان هەبێ؟

**ئەفسەرەکە:**

ئەوانە هەمیشە دەست دەکەون ئەگەر مرۆڤ کەسێک شک بەرێت خۆشی بوێت!

**پارێزەر:**

دەشێ وا بێ! دەشێ وا بێ! کریستین سەرێشکاریی بکە! سەرێشکاریی بکە! تا ئەوانە نەتوانن هەناسە بدەن! (بە سەرلەقاندنەوە، لە دواوە دەچێتە دەرێ)

**کریستین:**

من سەرێشکاریی دەکەم، من سەرێشکاریی دەکەم! تا ئەوان نەتوانن هەناسە بدەن!

*

**ئەفسەرەکە:**

ئێستا لەگەڵم دێیت؟

**کچەکە:**

هەر ئێستا؟ بەڵام بۆ کوێ؟



**ئەفسەرەکە:**

بۆ فاگێرڤیک[٤٢]! لەوێ هاوینە، لەوێ هەتاوە، لەوێ گەنجیی هەیە، منداڵ و گوڵ هەن، ستران و سەما، ئاهەنگ و قریوەی شادمانیی هەن!

**کچەکە:**

دەی حەز دەکەم بڕۆم بۆ ئەوێ!

**ئەفسەرەکە:**

وەرە!

**پارێزەر:**

(دیسان دێتە ژوورەوە)

ئێستا من بۆ یەکەم دۆزەخم دەگەڕێمەوە، ئەمەیان دووەم دۆزەخم بوو، دۆزەخە گەورەکەیان بوو! خۆشترینیان دۆزەخەکە گەورەکەیانە، سەیر، دیسان تەوقەکانی قژی لەسەر ئەرزەکە فڕێ داون. (لەسەر ئەرزەکە کۆیان دەکاتەوە)

**ئەفسەرەکە:**

بڕوانە، تەوقەکانی قژیشی دۆزینەوە!

**پارێزەر:**

دیسانەوە؟ تەماشای ئەمە بکە! دوو لای هەیە، بەڵام یەک دەرزی! ئەمە دووانە، بەڵام یەکێکە! کە ڕاستی دەکەمەوە دەبێتە یەک دانە! دەیچەمێنمەوە، دەبێتە دووان، بەبێ ئەوەی لە یەک دانەیی خۆی بکەوێ! ئەمە ئەوە دەگەیەنێ: ئەو دووانە یەکێکن،

---

(٤٢) Fagervik کەنداوی فاگێر.

بەڵام ئەگەر من ئا لێرەدا بیپسێنم! ئەوجا ئەمانە دووان دوون.

(تەوقەکە دەپسێنێ و پارچەکانی تووڕدەدا)

**ئەفسەرەکە:**

ئەو، هەموو ئەو شتانەی بینین، بەڵام مرۆڤ بەر لەوەی بتوانێ بپسێنرێ، دەبێ لاکان لەیەک جیا بکاتەوە! لێکیان نزیک بخاتەوە، خۆی دەگرێت!

**پارێزەر:**

خۆ ئەگەر تەریب بن، ئەوا قەت بەیەک ناگەن، نە خۆی دەگرێت و نە دەپسێت.

**ئەفسەرەکە:**

تەوقە لە هەموو شتە خوڵقێنراوەکانی تر کامڵترە! هێڵێکی ڕاست بە دوو تەریبەوە.

**پارێزەر:**

قفڵێک کە دادەخرێ وەختی کراوەییەتی.

**ئەفسەر:**

پرچێک بە پەخشیی دەبەسترێت، بە پەخشیی دەمێنێتەوە کاتێک کە بەستراوە.

**پارێزەر:**

بەو دەرگەیە دەچێت، کە دایدەخەم دەیکەمەوە، ڕاست و ڕەوان لەسەر گازی پشت، بۆ تۆ، ئاگنێس.

(دەچێتە دەرەوە و دەرگەکە دادەخات)

*



**کچەکە:**

کەواتە ئاوها؟

(گۆڕانکاری دیمەن: سیسەمەکە لەگەڵ پەردە کوللەکەیدا دەگۆڕێت بە چادر، سۆپا تەنەکەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە، پاشینەی شانۆ بەرز دەبێتەوە، لەلای ڕاستی پێشەوە چیایەکی سووتاو بە خەلەنگ[٤٣] ی سوور و کۆتەرەداری ڕەش – سپیی دوای ئاگرکەوتنەوەی دارستانەوە، پشتیری سووری بەراز و خانۆچکە[٤٤]. لە خوارەوە: جومناستیگایەکی کراوەی میکانیکی هەیە بۆ خەڵکانی نەخۆش کە لەوێ نەخۆشەکان بە ئامێرگەلێک جومناستیک دەکەن کە لە ئامێری ئەشکەنجەدان دەچن.

لای چەپی پاشینەی شانۆوە بەشێک لە هۆدەگەلی کراوەی ساختمانی قەرەنتینە[٤٥] هەیە بە فڕن و شوورای کورە و هێڵی بۆری.

لە ناوەڕاستدا تەنگەیەک هەیە، پاشینەی شانۆ کەنار زەریایەکی گەڵادارە بە ئێسکلەوە، بە ئاڵا ڕازاوەتەوە، کە لەوێدا بەلەمی سپی لەنگەریان گرتووە، هەندێکیان بە چارۆکەی

(٤٣) Ljung خەلەنگ، ڕووەکێکی ناسکی بچووکی هەمیشە سەوزە کە گوڵی لە چەشنی زەنگوڵە بەڕەنگی جیاوازی هەیە. فەرهەنگی سویدی – کوردی... ڕێبوار ڕەشید.

(٤٤) Uthus مەبەست لە خانوویەکی بچووکی ناو گوندە کە بۆ شتی لابەلایی بەکار دەهێنرێ نەک بۆ نیشتەجێ بوون.

(٤٥) Karantan جێگەیەکە بۆ هێشتنەوەی خەڵک و تەریکخستنیان.

هەڵدراوەوە و هەندێکیشیان بێ چارۆکە. ڤێلای گچکەی ئیتالی، پاڤیۆن[٤٦] ، دوکانۆچکە[٤٧] ، پەیکەرگەلی مەرمەڕیی لە کەنار زەریا لە نێو گەڵای درەختەکانەوە بەرچاو دەکەون.)

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

(جلکی وەک قولەڕەشی لەبەردایە، بە کەنار زەریادا دەڕوات)

**ئەفسەرەکە:**

(دەچێتە پێشەوە و تەوقەی لەگەڵ دەکات)

نا، ئۆردسترۆم ئاوا! ئەوە لێرە گیرسایتەوە؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

ئا، لێرە!

**ئەفسەرەکە:**

ئاخۆ ئێرە فاگێرڤیکە؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

نەء، ڕێک لە سەرەوەیە، ئێرە سکامسیوند[٤٨]ە!

**ئەفسەرەکە:**

کەواتە ئێمە بە هەڵە هاتووین!

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

ئێمە؟ ناتەوێ بە یەکترمان بناسێنیت؟

(٤٦) Paviljong لاخانوو، خانووی بچووک، زڕە خانوو.

(٤٧) Kiosk پێ دەچێت مەبەست لە قەحپەخانە بێت.

(٤٨) Skamsund تەنگەی شەرم یان تەنگەی شەرمەزاری. و. کوردی



**ئەفسەرەکە:**

نا، ئەوە ناگونجێت! (نیوە بەرز) هەڵبەت ئەمە کچەکەی ئیندرا خۆیەتی!

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

کچەکەی ئیندرا؟ من وام زانی خودی وارونا[٤٩] یە! باشە تۆ سەرت نەسوڕماوە کە من ڕوخسارم ڕەشە.

**ئەفسەرەکە:**

کوڕم، من پەنجا ساڵم پڕ کردووەتەوە، پیاو چیتر لەوەندە زیاتر سەری ناسوڕمێ! من یەکسەر بۆ ئەوە چووم کە تۆ ئەم ئێوارەیە بۆ دەمامکە ئاهەنگ دەچیت.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

هەر تەواو ڕاستە! هیوادارم ئێوەش بێن؟

**ئەفسەرەکە:**

بە دڵنیاییەوە، چونکە لێرە، ئێرە دڵڕفێن نییە، ئەرێ چ جۆرە خەڵکانێک لێرە دەژین؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

لێرە ئەوانەی نەخۆشن دەژین، ئا لەوێش ئەوانەی ساغن دەژین!

**ئەفسەرەکە:**

ئەگەر وابێ، ئێرە تەنیا هەژارانی لێن؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

نەء، مناڵەکەم، ئەمانەی ئێرە دەوڵەمەندن! بنۆڕە ئەوەی سەر

(٤٩) Waruna خوایەکی هیندییە، پاسەوانی نەزمی جیهان.

تەختی ئازاردان! ئەوە جگەرێکی زۆری قازی بە دونبەڵانەوە خواردووە و شەراب(٥٠) ێکی زۆری خواردووەتەوە کە ئیتر قاچوقولی بووەتە داری ڕەق و ڕووتەڵ(٥١)!

**ئەفسەرەکە:**

داری ڕەق و ڕووتەڵ؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

قاچوقولی بووەتە داری ڕەق و ڕووتەڵ! ئەوەی لەسەر گیووتین(٥٢) مکەش ڕاکشاوە، ئەوەندە هێنێسی(٥٣) خواردووەتەوە کە دەبێ بڕبڕەی پشتی ڕاست بکرێتەوە!

**ئەفسەرەکە:**

قەت ئەمەش باش نییە!

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

وەکو تر هەموو ئەوانەی لەم بەرەوە دەژین بەدبەختییەکیان هەیە و دەیشارنەوە! بۆ نموونە، بنۆڕە ئەو زەلامەی کە دێت!

(پیرەمێردێکی شیکپۆش لەسەر کورسییەکی پێچکەدار دەهێنرێت و لەلایەن کەسێکی تەمەن شەست ساڵەی لەڕ و درێو و نازفرۆشەوە چاوساخی دەکرێت کە دواین مۆدی جلکی پۆشیوە و ‹هاوڕێ› یەکی تەمەن چل ساڵان مەیلی بۆی هەیە).

---

(٥٠) bourgogne جۆرە شەڕابێکی فەڕانسییە.

(٥١) Masur مەبەست لە دارێکی ڕەق و گرێ گرێ و ڕووتەڵە.

(٥٢) giljotin ئامێرێکە بۆ ئێعدامکردن لە ڕێگەی سەربەڕاندنەوە، لە فەرەنسا باوی بووە.

(٥٣) Hennessy لە باشترین جۆری کۆنیاکی فەڕەنسییە.



**ئەفسەرەکە:**

خۆ ئەوە مێجەرە! هاوپۆلەکەمانە؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

دۆن جوانە! چاوت لێیە، ئەو هێشتا عاشقی تارماییەکەی تەنیشتییەتی. نابینێ کە ئەو ژنە پیر بووە، کە ئەو ژنە ناشیرینە، خاینە، زاڵمە.

**ئەفسەرەکە:**

ئیتر ئەمە عیشقە! قەت لەو بڕوایەدا نەبووم کە ئەم زوو زەوق هەستاوە، ئاوها قووڵ و جیدی عیشق بکات.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

تۆ، بۆچوونێکی جوانت هەیە.

**ئەفسەرەکە:**

من خۆم عاشقی ڤیکتۆریام، هەتا ئێستاش ئەمسەر و ئەوسەری ڕاڕەوەکە دەکەم و چاوەڕێیم.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

ئەوە تۆیت ڕاڕەوەکە تەی دەکەیت؟

**ئەفسەرەکە:**

ئا خۆمم!

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

باشە، هێشتا دەرگەکەتان نەکردووەتەوە؟

**ئەفسەرەکە:**

نەء، هێشتا کێشەکەمان لە دادگایە، پۆستەرچی بەدارەتۆڕەوە

چووەتە دەرەوە، بۆیە شایەتییدانەکەی دواخراوە، هاوکات وەستای شووشە، ئەو پەنجەرانەی کۆشکەکەی گرتووەتە شووشە کە نیو نهۆم گەشەی کردووە، ئەمساڵ هەر تەواو ساڵێکی نائاسایی خۆش بوو، گەرم و شێدار بوو.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گەرما زۆرەی لێرە لە ناوەوە لای من هەبووە، لەلای ئێوە نەبووە!

**ئەفسەرەکە:**

ئەدی گەرمای فڕنەکانت چەندە؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

کاتێک تاعونێکی گومانلێکراو خاوێن بکەینەوە، ئەوا شەست پلەمان دەوێت.

**ئەفسەرەکە:**

بۆ تاعون هەمدیس بڵاو بووەتەوە؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە**

بۆ نازانیت؟

**ئەفسەرەکە:**

بەڵێ دەزانم، بەڵام من زۆر جار ئەو شتەم بیر دەچێتەوە کە دەیزانم.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

زۆر جاران خۆزگە دەخوازم توانای بیرچوونەوەم هەبایە، بە زۆرییش خۆم بیرچووبایەتەوە، هەربۆیە لە دووی ئاهەنگی





دەمامکبازی و پۆشاکبازی و فەرتەنەبازیی[٥٤] م.

**ئەفسەرەکە:**

ئەدی، تۆ خەریکی چیت کەواتە؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

ئەگەر باسی بکەم ئەوا دەڵێن کابرا خۆی هەڵدەکێشێ، بێدەنگیش بم بە ساختەچی بانگم دەکەن.

**ئەفسەرەکە:**

هەر لەبەرئەوە دەموچاوی خۆت ڕەش کردووە؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

ئا! کەمێک ڕەشتر لە خۆم.

**ئەفسەرەکە:**

ئەوە کێیە وا دێت؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

ئاه، ئەوە شاعیرێکە، گەرماوێکی قوڕ[٥٥]ی دەوێت.

(شاعیر دێتە ژوورەوە، تەماشای ئاسمان دەکا و سەتڵێک قوڕی پێیە)

**ئەفسەرەکە:**

خوایە! دەبوو گەرماوی ڕووناکی و گەرماوی هەوای بویستایە.

---

(٥٤) Sällskapsspektakel لێرەدا مەبەست لە نمایشێکی ئاماتۆرییانەی شانۆییە.

(٥٥) gyttjebab شێلان بەقوڕ و پاشان ئاو بەخۆداکردن، جۆرە چارەسەرێکە بۆ نەخۆشی ڕۆماتیسمە.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

نا، ئەو هەمیشە لە بڵندترین فەزاکاندایە بەجۆرێک کە تامەزرۆیی بۆ قوڕ هەیە، قوڕ پێستی وەک پێستی بەراز ڕەق کردووە، خۆی لە قوڕاوەکەدا دەگەوزێنێ، پاشان هەست بە چزووی مێشەکەرانە ناکات.

**ئەفسەرەکە:**

ئەم دنیایە، دنیایەکی سەیرە بەشتی دژبەیەک!

*

**شاعیر:**

(بە نەشئەوە)

پتای [٥٦] خواوەند ئینسانی لەسەر ئیستیوانەیەکی سیرامیک، بە تراشکارێک (بە گومانەوە) یان بەلاملێیدا بەهەر شتێکی تر دروست کرد، (بە نەشئەوە). پەیکەرساز شاکارە کەم و زۆر نەمرەکەی لە قوڕ دروست دەکات. (بە گومانەوە) کە زوربەی جار زبڵە! (بە نەشئەوە) بەقوڕ، ئەوانە بۆ دۆلابی خۆراکمەنی دروست دەکرێن، وەک مەنجەڵی پێویست، کەرەستەگەلێک کە بەناوێکی هاوبەش پێیان دەوترێت گۆزە و دەفر، (بە گومانەوە) دەنا شتێکی زۆر کەم بەلامەوە مەبەستە بزانم چییان پێ دەگوترێت! (بە نەشئەوە) ئەوە قوڕە! کاتێ ڕوون دەبێتەوە پێی دەگوترێت قوڕاو –ئەوە بواری پسپۆڕیی خۆمە!– (هاوار دەکا) لینا!

*

(٥٦) ptah خواوەندێکی میسرییە، پێیان وابووە جیهانی خوڵقاندووە و پارێزەری هونەرمەند و وەستایانە.



**لینا:**

(بە سەتڵێکەوە دێتە ژوورەوە)

**شاعیر:**

لینا خۆت پیشانی خاتوو ئاگنێس بدە! ئەو لە دە ساڵ لەمەوبەرەوە تۆی ناسی کە هێشتا گەنج و دڵخۆش و دەکرێ بڵێین کیژێکی جوان بوویت، سەیرکە ئێستا چیت لێ هاتووە! پێنج منداڵ، ڕەتان، قیژە، برسێتیی، لێدان! بنۆڕە ئەو جوانییە چۆن بەسەرچووە، چۆن شادمانیی لە ژێر بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکەکاندا ڕەویوەتەوە، کە دەبوو ئەو شادمانییە ناوەکییەی پێ ببەخشیایە کە بە هێڵە هارمۆنییەکانی ڕوخسار و پشکۆی خامۆشی چاو گوزارشت لەخۆی دەکات.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

(دەستی دەنێتە سەر زاری شاعیر)

دەم داخە، دەم داخە!

**شاعیر:**

هەمووان وا دەڵێن! کە مرۆڤ بێدەنگیش دەبێ، دەڵێن: بدوێ! ئەوانە خەڵکانێکن کە هیچیان لەگەڵ ناکرێ.

*

**کچەکە:**

(دەچێتە پێشەوە بۆ لای لینا)

گلەوگازندەی خۆت بکە!

**لینا:**

نا، ناوێرم، لەبەرئەوەی خراپترم بەسەردێت.

**کچەکە:**

ئەوە کێیە ئەوەندە زاڵمە؟

**لینا:**

ناوێرم بیڵێم، چونکە ئەگەر بیڵێم لێدان دەخۆم.

**شاعیر:**

ئیتر ئاوهایە، بەڵام من دەبێ باسی بکەم تەنانەت ئەگەر قولەڕەشەکە چی ددانم هەن لە زارمیان هەڵوەرێنێ، من دەبێ باسی ئەوە بکەم کە ئەمە هەندێ جار نادادوەرانەیە. ئاگنێس، ئەی کیژی خواوەند، گوێت لە دەنگی مۆسیقا و سەمایە لە سەرەوە لە گردەکە؟ باشە! ئەوە خوشکەکەی لینا:یە کە لەو شارەی تێیدا بزر بووبوو، بۆ ماڵەوە گەڕاوەتەوە، تێ دەگەیت. ئێستا گوێلکە دابەستەکە سەردەبردرێت[٥٧]، بەڵام لینا:، کە لە ماڵەوە ماوەتەوە، دەبێ بە سەتڵەکەوە بڕوا و خۆراک بداتە بەرازەکان [٥٨] .

**کچەکە:**

شادیی دەکەوێتە ماڵ، چونکە کیژەی سەرلێشێواو وازی لە ڕێی خراپە هێناوە، نەک تەنیا لەبەرئەوەی بۆ ماڵەوە گەڕاوەتەوە، سەرنج بدە.

(٥٧) ئاماژەیە بۆ Lukas 15 ، لە بارەی گەڕانەوەی کوڕە لاسارەکە.

(٥٨) لێکچواندنە لەگەڵ کوڕە لاسارەکەدا کە دەیگێڕێتەوە چۆن دواجار ناچار بووە ببێتە شوانی بەراز و بەو کارە خۆی بژێنێ. لە سکامسیوندیش لینای ئابڕوومەند حۆراک دەداتە بەرازەکان.



**شاعیر:**

بەڵام دەی هەموو ئێوارەیەک سەما و زیافەت بۆ ئەم کچە کرێکارە ئابڕوومەندە ئامادە بکە، کە پێی نەناوەتە گومڕاییەوە، بۆی بکە، ئەوان بۆی ناکەن، بۆ ئەوەی کاتێ لینا دەستبەتاڵ دەبێت، بچێت بۆ کڵێسا و خۆی سەرزەنشت بکا، چونکە کەسێکی کامڵ نییە، ئایا ئەمە ڕەوایە؟

**کچەکە:**

وەڵامدانەوەی پرسیارەکانتان زۆر قورسە، چونکە چەندان شت هەن کە پێشبینی ناکرێن.

**شاعیر:**

خەلیفە هارونە ڕەشید [٥٩] یش هەر وای دەبینی! بێ جووڵە لەسەر عەرشەکەی دادەنیشت و قەت لەو سەرەوە تەماشای نەدەکرد کە لە خوارەوە چ باسە! دواجار دادوبێدادی خەڵک گەییە گوێ بەرزەکانی. ئەوسا لە ڕۆژێکی خۆشدا هاتە خوارەوە، بەشێوەیەک کە نەناسرێتەوە، خۆی گۆڕی و بێ سرتە خۆی کرد بەنێو حەشاماتی خەڵکدا تا بزانێ وەزعی عەدالەت چۆنە.

**کچەکە:**

هەڵبەت خۆ پێتان وا نییە کە من هارونە ڕەشید بم؟

(٥٩) Kalifen, Harun Den Rättradige خەلیفە هارون ڕەشید ٧٦٦– ٨٠٩، لە ساڵی ٧٨٦دا بووەتە خەلیفەی بەغدا، لە حەکایەتگەلی (هەزار و یەک شەو)دا، باس لەم خەلیفەیە دەکرێت کە چۆن لە قلافەتی بازرگانیدا خۆی دەگۆڕێ و دەچێتە ناو خەڵکی بەغدا تا لە ژیان و گوزەرانیان ئاگەدار بێ.

**ئەفسەرەکە:**

لێگەڕێن با باسی شتێکی تر بکەین، وا میوان هات.

(بەلەمێکی سپی لە شێوەی هەژدیهادا و بە چارۆکەیەکی ئاوریشمی شینی ڕووناکەوە لەسەر کۆڵەگەی ئاڵتون(٦٠) و بورجی زێڕین بەئالآیەکی باریک و سێگوشەی سوورەوە لەلای چەپەوە لە تەنگەکەوە دێتە پێشێ. لەسەر سوکانەکە و دەست لە نێوقەدی یەکتردا، ئەم و ئەو دانیشتوون.)

بنۆڕە، بەختەوەری تەواو، کامەرانیی بێ سنوور، قریوەی جحێڵانەی ئەڤین.

(شانۆ ڕووناک دەبێتەوە)

*

**ئەو (کوڕ):**

(لە بەلەمەکەدا هەڵدەسێ و گۆرانی دەڵێ)

سڵاوت لێ بێ ئەی کەنداوی شۆخ
کە لەوێ جحێڵییم بەهارەکانی خۆی بینین
کە لەوێ من یەکەمین خەونە گوڵگوڵییەکانی خۆم بینین
ئەوەتا وا دێمەوە
وەک ئەوسا تەنیا نیم

---

(٦٠) مەبەست لە "سەدەف"ێکە، بەلەمێکی چارۆکەداری گچکەتر لە جۆری ڤیکینگە بەسەری هەژدیهاوە، لای دەمی بەلەمەکە و کۆڵەگەی چارۆکەوە، چارۆگەیەکی لاکێشەیی بەکۆڵەگەوە هەیە بەگۆشەیەکی ڕێک ڕووە و بورجەکە.



ئەی دارستانگەلی گچەکە و کەنداوگەل
ئەی ئاسمان و زەریا
سڵاوی لێ بکەن!
لە ئەڤینەکەم، لە بووکەکەم!
لە خۆر و لە ژیانەکەم

(ئالآکان لە لەنگەرگاکانی فاگێرڤیک سڵاو دەکەن، دەسەسڕی سپی لە ڤێلا و کەنارەکانەوە ڕادەوەشێنرێن و نۆتەدەنگێک بە چەنگ(٦١) گەل و ڤیۆلینگەل بەسەر تەنگەکەدا دەزرنگێتەوە)

**شاعیر:**

بنۆڕە چ ڕووناکییەکیان لێوە پرشنگ دەدا، گوێت لێیە چۆن بەسەر تەنگەکەدا دەزرنگێتەوە! ئیرۆس(٦٢).

**ئەفسەرەکە:**

ئەوە ڤیکتۆریایە!

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

باشە، جا دوایی؟

**ئەفسەرەکە:**

ئەوە ڤیکتۆریای خۆیەتی، منیش ڤیکتۆریای خۆمم هەیە! ئەوەی من، کەس بۆی نییە ببینێت، ئێستا ئالآی قەرەنتینە بڵندکە، من تۆڕەکە دادەگرم.

---

(٦١) چەنگ: قیسارە.
(٦٢) Eros خواوەندی ئەڤین لە میتۆلۆجیای گریکیدا.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

(ئاڵایەکی زەرد ڕادەوەشێنێ)

**ئەفسەرەکە:**

(گوریسێک ڕادەکێشێ کە ئاراستەی بەلەمەکە ڕوو دەکاتە سکامسیوند)

بەرەو ئێرە!

(ئەم و ئەو ‹کوڕ و کچ› ئێستا لەو دیمەنە ترسێنەرە ئاگەدار دەبن و ترسی خۆیان دەردەبڕن)

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

بەڵێ بەڵێ! ئەمە خەرجی تێ دەچێت، بەڵام دەبێ هەمووان، هەموو ئەوانەی لە ناوچە بە پەتاتووشبووەکانەوە هاتوون، بۆ ئێرە بێن.

**شاعیر:**

بیر بکەرەوە، مرۆڤ دوو کەس ببینێ کە لە عەشقدا یەکیان گرتبێ و بتوانێ بەو شێوەیە قسان بکا، بتوانێ بەو تەرزە ڕەفتار بکا! دەستیان بۆ نەبەیت، دەست بۆ ئەڤین نەبەیت، ئەوە تاوانی گەورەیە! بێچارە خۆمان! هەموو جوانیی بۆ خوارەوە، بۆ خوارەوە بۆ ناو قوڕ.

(ئەم و ئەو پێ دەنێنە وشکانی، خەمگین و شەرمەزارن)

**ئەو (کوڕ):**

بێچارە خۆمان، چیمان کردووە؟



**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

مەرج نییە مرۆڤ شتێکی کردبێ ئەوجا گرفتاری ناخۆشییە بچووکەکانی ژیان بێت!

**ئەم (کچ):**

شادمانی و بەختەوەری زۆر کورتن.

**ئەو (کوڕ):**

دەبێ چەندێک لێرە بمێنینەوە؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

چل ڕۆژ و شەو(٦٣)!

**ئەم (کچ):**

ئەوجا باشترە خۆمان لە زەریاچەی نوقووم بکەین.

**ئەو (کوڕ):**

لێرە، لە نێو کێوی سووتاو و گەوڕی بەرازدا بژین؟

**شاعیر:**

ئەڤین هەموو شتێک دەبەزێنێ، تەنانەت دووکەڵی گۆگرد و

---

(٦٣) چل ڕۆژ و شەو: لە لایەک ئاماژەیە بەوشەی قەرەنتینە Karantän (quarante) کە واتای چل دەگەیەنێ، لە لایەکی تر ئاماژەیە بۆ ڕۆژووگرتنی مووسا لە بیاباندا ٢ Mosebok ٣٤:٢٨ " چل شەو و چل ڕۆژ، چ نانی نەخوارد و چ ئاوێکی نەخواردەوە"، هەروەها ئاماژەیە بۆ ڕۆژووی عیسا کە هەمان ماوە بەڕۆژوو بووە. بەگوێرەی بڕیارەکانی قەرەنتینەش، لە بەیاننامەیەکی فەرمیی و لە ١٤ی یولی ساڵی ١٨٩٣دا، هەر کەشتییەک گومانی هەبوونی پەتای تاعونی لێ کرابێ، ماوەی چل و هەشت سەعات ڕاگیراوە، ئەگەر گومانەکە بەڕاست دەرچووبێت، ئەوا بۆ خاوێنکردنەوەی پێنج ڕۆژ ڕاگیراوە.

ئەسیدی کاربۆل[٦٤] یش.

*

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

(کوورەکە دادەگیرسێنێ، بڵێسەی شینی گۆگرد بەرز دەبێتەوە)

ئێستا گۆگردەکە دادەگیرسێنم، فەرموون بچنە ژوورەوە.

**ئەو (کچ):**

ئاھ، جلکە شینەکەم ڕەنگەکەی دەڕوات.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

دەبێتە سپی، گوڵە سوورەکانیشت دەبنە سپی،

**ئەم (کوڕ):**

گۆناکانیشت! بۆ چل ڕۆژ!

**ئەو (کچ):**

(بۆ ئەفسەرەکە) ئەمە دڵخۆشت دەکا.

**ئەفسەرەکە:**

نا، دڵخۆشم ناکا! ڕاستە بەختەوەری تۆ بووبووە خەم و پەژارەی من، بەڵام قەیدی ناکا، من ئێستا بڕوانامەی دوکتۆرام پێ بەخشراوە و لەوێ لە سەرەوە وەک مامۆستا[٦٥] دامەزراوم.

(٦٤) svavelrök och karbol دووکەڵی گۆگرد تا کۆتاییی سەدەی حەڤدە وەک دەرمانێک بۆ خاوێنکردنەوە بەکار هێنراوە و ئەسیدی کاربۆلیش شتێک دوورتر.

(٦٥) لە تێکستەکەدا Kondition بەکار هاتووە، کە لێرەدا مەبەست لە informatorە و واتە مامۆستایەکی پیاو کە خێزانێک بۆ فێرکردنی منداڵەکانیان ڕای دەگرن. و. کوردی



هۆهۆ یایا! لە پایزیشدا لە قوتابخانەیەکدا جێگەیەکم دەدرێتێ، لەگەڵ کوڕاندا دەرس دەخوێنم، هەمان ئەو دەرسانە دەخوێنم کە خۆم لە منداڵیمدا، لە تەواوی تافی گەنجیمدا خوێندوومن، ئێستایش دەبێت هەمان ئەو دەرسانە لە تەمەنی پیاویی و دواجار هەموو تافی پیریمدا بخوێنم، هەمان دەرس: دوو کەڕەت دوو دەکاتە چەند؟ چەند کەڕەت دوو دەکاتە چوار؟ تا ئیتر بۆ خۆم خانەنشین دەبم، دەتوانم بێ ئیش بێم و بچم و چاوەڕێی ژەمەکانی قاوەڵتی و ڕۆژنامە بکەم، تا پاشان بەرەو کوورەی سووتاندنی تەرمم دەبەن و دەسووتێنرێم، ئێوە خانەنشینتان لێرە لە دەرەوە نییە؟ هەڵبەت ئەمە دوای دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار، خراپترین شتە، دەست دەکەیتەوە بە خوێندن، کاتێ دوکتۆراشت پێ دەدرێت، هەمان پرسیار دەکەیتەوە تا دەمریت.

(پیرەمێردێک دەستی لەسەر پشتێتی و لەوێوە تێ دەپەڕێ)

بنۆڕە ئەو خانەنشینە کە ئیتر سەری لەگوێ قەبر دەلەرزێ، هەڵبەت ئەوە کاپتنێک بووە کە قەت نەبووەتە مێجەر، یان کاتبی دادگا بووە و نەبووەتە یاریدەدەری قازی، خەڵک زۆر بانگ دەکەن و کەمیان لێ هەڵدەبژێردرێن، ئەوە دەڕوا و چاوەڕێی بەرچایی دەکا.

**خانەنشین:**

نەء، چاوەڕێی ڕۆژنامە دەکەم! ڕۆژنامەی بەیانیان.

**ئەفسەرەکە:**

تەمەنی پەنجا و چوار ساڵە، ڕەنگە بیست و پێنج ساڵی تریش

بژی و چاوەڕێی ژەمەکانی خواردن و ڕۆژنامە بکات، ئایا ئەمە ترسناک نییە؟

**خانەنشین:**

بڵێ چ شتێک ترسناک نییە؟ بڵێ، بڵێ، بڵێ؟

**ئەفسەرەکە:**

ئا، ئەوە بڵێ کە دەتوانیت! ئێستا من دەبێ لەگەڵ کوڕاندا بخوێنم، دوو کەڕەت دوو: چوار، چەند کەڕەت دوو دەکاتە چوار؟

(نائومێدانە دەست بە سەرییەوە دەگرێ)

ئۆه ڤیکتۆریا، خۆشم ویست و لەبەرئەوە گەورەترین بەختەوەریم لەسەر ئەم زەوییە بۆ دەخواست، ئێستا ئەو بەختەوەرە، گەورەترین بەختەوەرییەک کە مەزەندەی بکا، ئەوجا منیش عەزاب دەچێژم، عەزاب، عەزاب.

*

**ئەو (کچ):**

دەکرێ من بەختەوەر بم کاتێک دەبینم تۆ عەزاب دەچێژیت؟ چۆن دەتوانیت ئاوها بیر بکەیتەوە؟ ڕەنگبێ ئەوە ئازارەکەت هێور بکاتەوە کە ببینیت چل شەو و چل ڕۆژ لێرەدا زیندانیی بم؟ بڵێ، ئەگەر ئەوە ئازارەکەت هێور دەکاتەوە؟

**ئەفسەرەکە:**

ئا و نەء! ناتوانم لەزەت بەرم کاتێ تۆ ئازار دەچێژیت! ئاه!

**ئەو (کچ):**

ئەی لەو باوەڕەدایت بتوانرێ بەختەوەریی من لەسەر خەم و پەژارەی تۆ ڕۆبنرێت؟



**ئەفسەرەکە:**

ئێمە هەموو گوناحین، هەموو پێکرا! ئاه!

**هەموو:**

(دەست بەرەو ئاسمان ڕایەڵ دەکەن و قیژەیەکی بەسۆ دەکەن کە لە نۆتەدەنگێکی ناهارمۆنیک دەچێت)

ئاه!

**کچەکە:**

ئەی ئەزەلیی، بیانبیستە، ژیان سەختە، ئینسان گوناحە.

**هەموو:**

(وەک پێشوو)

ئاه!

*

(شانۆ بۆ ساتێک تاریکونووتەک دەبێت و ئێستاکانێ هەمووان دوور دەکەونەوە یاخۆ جێگۆڕکێ دەکەن. کاتێ هەمدیس شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، کەناری سکامسیوند لە پاشینەی شانۆدا دەبینرێت، بەڵام لە سێبەردا. تەنگەکە دەکەوێتە ناوەڕاستەوە و فاگێرڤیک لە پێشەوە، هەردووکیان تەواو ڕووناکن.

لای ڕاستەوە سووچی گازینۆیەک بە پەنجەرەی کراوەوە، لە ناوەوە دوو کەس دەبینرێت سەما دەکەن. لە دەرەوە لەسەر سندوقێکی گەورە سێ کچی پاکیزە دانیشتوون، دەستیان لە نێوقەدی یەکدییەوە ئاڵاندووە و تەماشای سەماکە دەکەن. لەسەر پێبلیکانەی گازینۆکە سەکۆیەک هەیە کە ‹ ئیدیت›ی دزێو›، بە سەری ڕووت و غەمگین و قژێکی زۆر ژاکاوەوە

دانیشتووە. پیانۆیەکی ئاوەڵا لە بەردەمی دایە.
لای چەپەوە خانوویەکی زەردی لە دار دروستکراو.
دوو منداڵی جلکی هاوینە پۆش، لە دەرەوە تۆپ تۆپێن دەکەن.
لە پێشی پاشینەی شانۆدا لەنگەرگەیەک بە بەلەمی سپییەوە هەیە، ئەستووندەکی ئاڵاکان، ئاڵایان پێوەیە، لە دەرەوە لە تەنگەکەدا کەشتییەکی سپی جەنگیی، کەشتییەکی چارۆکەیی دوو دەکەڵی بە دەلاقەی تۆپخانەوە.
بەڵام هەموو دیمەنەکە زستانییە و بەفر لەسەر درەختە لە گەڵا ڕووتەوەبووەکان و لەسەر ئەرز نیشتووە.
کچەکە و ئەفسەرەکە دێنە ژوورەوە.)

*

**کچەکە:**

ئەمە ئارامیی و بەختەوەرییە لە ساتی پشوودا! دەست لە کار هەڵگیراوە، هەموو ڕۆژێک ئاهەنگ، خەڵکی جلکی پشوویان لەبەردایە، هەر لە ئێوارەوە مۆسیقا و سەما. (بۆ پاکیزەکان) مناڵینە ئەوە بۆ ناچنە ژوورەوە و سەما بکەن؟

**پاکیزە:**

ئێمە؟

**ئەفسەرەکە:**

خۆ ئەوانە کارەکەرن.

**کچەکە:**

ڕاستە، بەڵام ئیدیت بۆچی لەبری ئەوەی لەوێدا دانیشتووە ناچێ سەما بکات؟



**ئیدیت:**

(ڕوخساری لە نێو دەستەکانیدا حەشار دەدا)

**ئەفسەرەکە:**

پرسیاری لێ مەکە! سێ سەعاتە لەوێدا دانیشتووە بەبێ ئەوەی خوڵق بکرێ. (لە لای چەپەوە دەچێتە خانووە زەردەکەوە)

**کچەکە:**

چ خۆشییەکی بەدە.

**دایک:**

(دێتە دەرێ، بە ملی ڕووتەوە دەچێت بۆ لای ئیدیت)
بۆچی ناچیتە ژوورەوە وەک پێم گوتیت؟

**ئیدیت:**

لەبەرئەوەی... من ناتوانم خۆم بانگهێشتی سەما بکەم، چونکە ناشیرینم، من ئەوە دەزانم، هەروەها هەر لەبەر ئەوەشە کەس نایەوێ سەمام لەگەڵدا بکا، بەڵام من توانیومە ڕزگارم بێ لەوەی ئەوەم وەبیر بهێننەوە) دەکەوێتە ژەندن لەسەر پیانۆکە، سیباستیان باخ: توکاتا کون فوگا ژمارە ١٠)

تیمپۆیەکی خاو:



(ڤاڵسەکە یەکەم جار لە دەرەوەی هۆڵەکەوە بە نزمیی دەبیستریت، بەڵام وەک ئەوەی ململانێ لەگەڵ توکاتۆکەی باخ بکات، بەرز دەبێتەوە. ژەنینەکەی ئیدیت بەسەر دەنگی ڤاڵسەکەدا زاڵ دەبێ و بێدەنگی دەکات. میوانانی ئاهەنگی سەماکە لای دەرگەکەوە دەبینرێن و گوێیان بۆ ژەنینەکەی ڕادێراوە، هەمووان لەسەر شانۆن و هەناسەیان لەخۆ بڕیوە و گوێیان بۆ ڕادێراوە.)

**ئەفسەرێکی زەریاوان:**

(نێوقەدی ئالیس، کە یەکێکە لە میوانانی ئاهەنگەکە، دەگرێ و بەرەو خوار بۆ لەنگەرگەکەی دەبا)

وەرە، خێرا.

**ئیدیت:**

(ژەنینەکە ڕادەگرێت، هەڵدەستێ و نائومێدانە تەماشایان دەکات. وەک بە بەردبوویەک ڕادەوەستێ)

*

(دیوارەکانی خانووە زەردەکە بۆ سەرەوە لادەچن. سێ کورسی قوتابخانە دەبینرێن کە قوتابی کوڕیان لەسەر دانیشتوون، لە نێوانیاندا ئەفسەرەکە دەبینرێت کە دڕدۆنگ و نیگەران دانیشتووە. مامۆستا چاویلکە لە چاو، تەباشیر و دارحەیزەرانی پێیە، لە بەردەمیاندا ڕاوەستاوە.)

**مامۆستا:**

(بۆ ئەفسەرەکە)



چاکە، ڕۆڵەکەم، دەتوانیت پێم بڵێیت دوو کەڕەت دوو دەکاتە چەند؟

**ئەفسەرەکە:**

(هەر دانیشتووە، بە مێشک گوشینەوە بە دوای وەڵامدا دەگەڕێ، بەبێ ئەوەی وەڵام بدۆزێتەوە).

**مامۆستا:**

کە پرسیارت لێ دەکرێ دەبێ هەستیتە سەر پێ.

**ئەفسەرەکە:**

(ڕەنجاو، هەڵدەستێ)

دوو کەڕەت دوو... ئادەی با بزانم، دەکاتە دوو دوو!

**مامۆستا:**

بەڕاست، تۆ سەعیت نەکردووە.

**ئەفسەرەکە:**

(شەرمەزار)

با، کردوومە، بەڵام دەزانم چۆنە، بەڵام ناتوانم بیڵێم.

**مامۆستا:**

تۆ نیازتە شانی پیاکەیت، دەزانیت بەڵام ناتوانیت بیڵێیت. ڕەنگە من بتوانم یارمەتیت بدەم.

(قژی ئەفسەرەکە ڕادەکێشێت)

**ئەفسەرەکە:**

ئاه، ناجۆرە، ناخۆشە.

**مامۆستا:**

بەڵی ناخۆشە کە کوڕێکی ئاوها زل، بەهیمەت نەبێت.

**ئەفسەرەکە:**

(بە ئازارەوە)

کوڕێکی زل، ئا، من زلم، زۆر زلتر لەوانی ئەوێوە، من تەواو کامڵم، من قوتابخانەم تەواو کردووە. (وەک ئەوەی وەئاگا بووبێتەوە) من دوکتۆرام پێ بەخشراوە، باشە بۆچی لێرە دانیشتووم؟ ئەدی من دوکتۆرام پێ نەبەخشراوە؟

**مامۆستا:**

بەڵێ وایە، بەڵام تۆ دەبێ دانیشیت و خۆت کامڵ بکەیت، دەبێ کامڵ بیت، وا نییە؟

**ئەفسەرەکە:**

(دەست بە نێوچەوانییەوە دەگرێ)

با، وایە، مرۆڤ دەبێ کامڵ بێ، دوو کەڕەت دوو... دەکاتە دوو، ئەمەش بە بەڵگەیەکی هاوجۆریی دەسەلمێنم، بەڵگەیەک کە لە هەموو بەڵگەکان باوەڕپێکراوترە، ئێستا گوێ ڕادێرە، یەک کەڕەت یەک دەکاتە یەک، مانای وایە دوو کەڕەت دووش دەکاتە دوو! ئاخر ئەوەی بۆ ئەمیان دەگونجێ، بۆ ئەویتریشیان دەگونجێ.

**مامۆستا:**

بەڵگەکە تەواو لەگەڵ ڕێساکانی لۆجیکدا کۆکە، بەڵام وەڵامەکە ڕاست نییە.



**ئەفسەرەکە:**

ئەوەی لەگەڵ ڕێسای لۆجیکدا کۆک بی ناکرێ هەڵە بێ! دەی با تاقی بکەینەوە! یەک کەڕەت یەک یەک جارە، کەواتە دوو کەڕەت دوو دوو جارە.

**مامۆستا:**

تەواوێک ڕاستە بەگوێرەی بەڵگەی هاوجۆریی. بەڵام ئەدی یەک کەڕەت سێ دەکاتە چەند؟

**ئەفسەرەکە:**

سێ.

**مامۆستا:**

بەو شێوەیە، دوو کەڕەت سێش دەکاتە سێ!

**ئەفسەرەکە:**

(لە فیکرەوە دەچێ)

نەء، ناکرێ ئەوە ڕاست بێ، ناکرێ، مەگەر... (نائومێدانە دادەنیشێت) نا من هێشتا کامڵ نیم!

**مامۆستا:**

نەء، تۆ دەمێک نییە کامڵ نیت.

**ئەفسەرەکە:**

بەڵام ئەدی چەندێک دەبێ لێرە دانیشم؟

**مامۆستا:**

چەندێک لێرە؟ پێت وایە کات و شوێن هەن؟ وادانێ زەمەن هەیە، ئەدی دەتوانیت بڵێیت زەمەن چییە؟ دەی زەمەن چییە؟

**ئەفسەرەکە:**

زەمەن؟ (بیر دەکاتەوە) ناتوانم بیڵێم، بەڵام دەزانم چییە، بەهەمان شێوەی کە دەزانم دوو کەڕەت دوو دەکاتە چەند، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانم بیڵێم! ئەدی مامۆستا: دەتوانێ بڵێ زەمەن چییە؟

**مامۆستا:**

بێگومان دەتوانم!

**هەموو کوڕەکان:**

دەی!

**مامۆستا:**

زەمەن؟ ئا با بیر بکەمەوە! (بێ جووڵە ڕاوەستاوە و قامکی لەسەر کەپوویەتی) کاتێ ئێمە دەدوێین زەمەن هەڵدێ، واتە زەمەن شتێکە هەڵدێت کاتێ من دەدوێم.

**کوڕێک:**

(هەڵدەستێ)

ئێستا مامۆستا دەدوێ، کاتێکیش مامۆستا دەدوێ ئەوجا زەمەن هەڵدێ، دەی من هەڵدێم، کەواتە من زەمەنم! (هەڵدێ)

**مامۆستا:**

تەواو ڕاستە بەپێی یاساکانی لۆجیک.

**ئەفسەرەکە:**

خۆ گەر وابێ ئەوا یاساکانی لۆجیک هەڵەن، چونکە نیلس کە هەڵهات ناکرێ زەمەن بێ.



**مامۆستا:**

ئەمەش بەگوێرەی ڕێساکانی لۆجیک تەواو ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیە.

**ئەفسەرەکە:**

کەوایە لۆجیک هەڵەیە.

**مامۆستا:**

بەڕاستی لەوە دەچێت، بەڵام گەر لۆجیک هەڵە بێ ئەوا تەواوی جیهان هەڵەیە، ئیتر مانای وایە کە شەیتان خۆی دانیشتووە و فێری خەوش و چەوتیتان دەکا! ئەدی کەسێک نییە داوەتی پێکێکمان بکا، ئەوسا دەڕۆین و مەلە دەکەین.

**ئەفسەرەکە:**

ئەمەیە پۆستێریۆس پریوس[٦٦] یان جیهانێکی هەڵاوگێڕاو، چونکە ئەی پیرە پیاو، مرۆڤ یەکەم جار مەلە دەکا ئەوسا پێکی دوای مەلە هەڵدەدا.

**مامۆستا:**

نابێ دوکتۆر لەخۆبایی بێت.

**ئەفسەرەکە:**

ئەفسەر بێ زەحمەت، من ئەفسەرم، تێ ناگەم بۆچی لێرە دانیشتووم و لە نێو قوتابیاندا سەرزەنشت دەکرێم.

---

(٦٦) posterius prius زاروەیەکی لاتینییە، تێرمێکە لە لۆجیکی کلاسیکیدا، بەمانای پشتگوێخستنی بەڕێزهاتن لە ئەنجامگیرییەکدا.

**مامۆستا:**

(پەنجەی بەرز دەکاتەوە)

ئێمە دەبێ کامڵ بین.

*

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

(دێتە ژوورەوە)

قەرەنتینە دەست پێ دەکا!

**ئەفسەرەکە:**

ئەها تۆ کە لەوێدای، بە ئەقڵتدا دەچێ ئەو کابرایەی ئا لەوێدایە هەوڵ دەدا لەسەر کورسی قوتابخانە دانیشم لە کاتێکدا خۆم دوکتۆرام هەیە.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

باشە، بەڵام تۆ بۆچی بەرێگەی خۆتدا ناڕۆیت؟

**ئەفسەرەکە:**

دای بنێ، دەڕۆم! ئاخر خۆ ئەمەیش زۆر خۆش نییە.

**مامۆستا:**

نا، من پێم وایە! هەوڵ بدە.

**ئەفسەرەکە:**

(بۆ لێپرسراوی قەرەنتینە)

ڕزگارم کە! لە چاوەکانیم ڕزگار کە.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

بەس وەرە! وەرە و یارمەتیمان بدە لە سەمادا، ئێمە بەر لەوەی



تاعوون بڵاو بێتەوە، دەبێ سەما بکەین.

**ئەفسەرەکە:**

کەواتە کەشتییە چارۆکەدارە دوو دەکەڵییەکە دەڕوات؟

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

یەکەم جار کەشتییەکە دەڕوات، ئەوجا بێگومان دەبێتە شیوەن.

**ئەفسەرەکە:**

هەمیشە شیوەن: کاتێک ئەو دێت و کاتێکیش دەڕوات! دەی با بڕۆین.

(دەچنە دەرێ، مامۆستا بەبێدەنگی لەسەر وانەکەی بەردەوامە)

*

(پاکیزەکان کە لەبەر پەنجەرەی هۆڵی سەمادا ڕاوەستابوون، بە خەمباری دەچنە خوارەوە بۆ نێو لەنگەرگاکە، ئیدیت کە بە وشکهەڵگەڕاوی لای پیانۆکەوە دانیشتبوو، دوایان دەکەوێ)

**کچەکە:**

(بۆ ئەفسەر)

کەواتە ئینسانێکی بەختەوەر چییە لەم بەهەشتەدا نییە؟

**ئەفسەرەکە:**

با، بووک و زاوایەک کە تازە هاوسەرگیرییان کردبێ، گوێیان بۆ ڕادێرە.

*

(دوو تازە بووک و زاواکە دێنە ژوورەوە)

**پیاوەکە:**

(بۆ ژنەکەی)

بەختەوەریم هێند وا بێ سنوورە کە حەزم دەکرد بمرم.

**ژنەکە:**

ئەدی بۆ؟

**پیاوەکە:**

چونکە لە نێوجەرگەی بەختەوەریدا تۆوی بەدبەختی شین دەبێ، وەک بڵێسەی ئاگر خۆی دەخوات، ناتوانێ تا ئەبەد خۆش بێت، بەڵکو دەبێ دامرکێتەوە، ئەم هەستە سەرەتاییە بە کۆتایی، بەختەوەری لە بەرزترین ترۆپکیدا وێران دەکا.

**ژنەکە:**

دە با هەر ئێستا پێکەوە بمرین.

**پیاوەکە:**

مردن؟ دەی باشە، چونکە من لە بەختەوەری دەترسم! لەو کەڵەکبازە دەترسم.

(بەرەو زەریاچەکە دەڕۆن)

*

**کچەکە:**

(بۆ ئەفسەر)

ژیان بەسۆیە، ئینسان گوناحە.

**ئەفسەرەکە:**

کوڕە لەوە بنوارە کە دێت! ئەوە کەسێکە کە لەم ناوچەیەدا لەنێو



مردەنییەکاندا زۆرترین ئیرەیی پێ دەبرێت.

(پیاوە کوێرەکە دەهێنرێتە ژوورەوە)

ئەو خاوەنی ئەم سەدان ڤێلا ئیتاڵییەیە، خاوەنی ئەم هەموو کەندڕۆ، کەنداو، کەنار، دارستان، ماسییەکانی ئاو، تەیرەکانی ئاسمان و نێچیرەکانی دارستانە. ئەم هەزاران خەڵکە کرێچی ئەون و خۆر بەسەر زەریاکانیدا هەڵدێ و بەسەر وشکانییەکانیدا ئاوا دەبێ.

**کچەکە:**

ئێ باشە، ئەویش دادوبێدادییەتی؟

**ئەفسەرەکە:**

ئا، بیانوویشی هەیە، چونکە ناتوانێ ببینێ.

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

ئەو کوێرە.

**کچەکە:**

ئەوێک کە زۆرترین ئیرەیی پێ دەبرێت.

**ئەفسەرەکە:**

ئەو ئێستا کەشتییە چارۆکەدارە دوو دەکەڵییەکە کە کوڕەکەی تێدایە، دەبینێ دەکەوێتە ڕێ!

*

**پیاوە کوێرەکە:**

من نابینم، بەڵام دەژنەوم! دەژنەوم کە چۆن چەنگاڵی لەنگەرەکە قوڕی بن زەریا پەنجورەک دەکا وەک کاتێ کە مرۆڤ چەنگاڵی

قولاپ لە ماسییەک گیر دەکا و دڵی لە قوڕگییەوە بۆ سەرەوە دێت! کوڕەکەم، کوڕە تاقانەکەم بەو زەریا فراوانەدا بەرەو وڵاتێکی بێگانە سەفەر دەکات، من تەنیا دەتوانم بە خایلەکانم لەگەڵیدا بڕۆم، ئێستا من گوێم لە سیرکەی زنجیرەکەیە و، شتێک کە وەک جلکی شۆردراو بە تەنافەوە دەشەکێتەوە و تەپەتەپی دێت، ڕەنگە دەسەسڕی تەڕ بن، هەروەها گوێم لێیە چۆن دەنگی لووشکەلووشک و هەنسکدان دێ وەک ئەو کاتانەی کە مرۆڤ دەگری، ڕەنگیشە پرژەی شەپۆلە گچکەکان بێ کە خۆی بە مەمسەلی کەشتییەکەدا دەدا یاخۆ ڕەنگە کیژەکان بن لە کەنار، ئەوانە جێ هێڵراون، کەس نییە دڵنەوایییان بکا. جارێکیان لە منداڵێکم پرسی، بۆچی زەریا سوێرە، منداڵەکە کە باوکی لە سەفەرێکی درێژ بوو، وەڵامی دامەوە، زەریا سوێرە لەبەرئەوەی زەریاوانەکان زۆر دەگرین. لێم پرسی: باشە بۆچی زەریاوانەکان زۆر دەگرین؟ وەڵامی دامەوە، ئا، لەبەرئەوەی دەبێ ئەوان هەمیشە سەفەر بۆ دوور بکەن، هەر لەبەرئەوەش ئەوان هەمیشە دەسەسڕەکانیان لە سەرەوە لەسەر دەکەڵەکان وشک دەکەنەوە! زیاتر لێم پرسی: ئەدی مرۆڤ بۆچی دەگری کاتێ خەمبارە؟ وەڵامی دامەوە: ئا، چونکە ناوبەناو دەبێ شووشەی چاو بشۆردرێت تا مرۆڤ ڕۆشنتر ببینێت.

(کەشتییە دوو دەکەڵییەکە چارۆکەی هەڵداوە و دوور دەکەوێتەوە، کیژەکان لە کەنار دەسەسڕەکانیان ڕادەوەشێنن و تاوناتاوێک فرمێسکەکانیان وشک دەکەنەوە. ئێستا لە شوێنی ئاماژەوە لە دەکەڵە گەورەکەوە ئاماژەی ‹ بەڵێ › بەرز دەبێتەوە، تۆپێکی سوور لە ڕووبەرێکی سپیدا! ئالیس لە وەڵامدا بە



خۆشییەوە دەست ڕادەوەشێنێ)

**کچەکە:**

(بۆ ئەفسەرەکە:)

ئەو ئاڵایە مانای چییە؟

**ئەفسەرەکە:**

یانی ‹ بەڵێ ›. ‹ وشەی بەڵێ › یّ لیوتێنانت[٦٧] ه بە سوور، سوور وەک خوێنی دڵ، لەسەر پەردەی شینی ئاسمان کێشراوە.

**کچەکە:**

ئەدی ‹ نەء › چۆن چۆنییە؟

**ئەفسەرەکە:**

شینە وەک خوێنی بۆگەنی ناو ئەو دەمارە شینانە، بەڵام بنۆڕە ئالیس چ خۆشییەکییەتی؟

**کچەکە:**

ئێدیتیش چ گریانێکێتی.

**پیاوە کوێرەکە:**

یەکتر دەبینن و جوێ دەبنەوە! جوێ دەبنەوە و یەکتر دەبینن! ئەمە ژیانە، من دایکیم بینی، ئیتر ڕۆیشت، کوڕەکەم بۆ مایەوە، ئێستاش وا ڕۆیشت.

**کچەکە:**

هەڵبەت هەمدیس دێتەوە.

(٦٧) Iöjtnant: ئەفسەری پلە نزم، ستوان.

**پیاوە کوێرەکە:**

ئەوە کێیە کە لەگەڵمدا دەدوێت؟ من پێشتر گوێم لەم دەنگە بووە، لە خەونەکانمدا، لە گەنجیمدا کاتێ پشووی هاوین دەستی پێ دەکرد، لەو ساتەدا کە تازە ژنم هێنا بوو، کە منداڵەکەم لە دایک بوو، هەموو کاتێک کە ژیان زەردەخەنەی کردبێ من گوێم لەم دەنگە بووە، وەک وژەی هەڵکردنی شنە لە باشوورەوە، وەک نەغمەی چەنگێک لە سەرەوە، وەک کاتێک کە بەرجەستەی فریشتەیەک دەکەم لە شەوی لەدایکبووندا سڵاو لە مەسیح دەکا[٦٨].

*

**پارێزەر:**

(دێتە ژوورەوە، دەچێت بۆ لای پیاوە کوێرەکە و بە گوێیدا دەچرپێنێ)

**پیاوە کوێرەکە:**

بەڕاست؟

**پارێزەر:**

ئا، وابوو (دەچێت بۆ لای کچەکە) ئێستا تۆ زۆرترین شتت بینی، بەڵام خراپترینیانت تاقی نەکردووەتەوە.

**کچەکە:**

دەبێ خراپترینیان چی بێ؟

(٦٨) ئاماژەیە بۆ وشەکانی فریشتەکە بۆ شوانەکان لەبارەی مژدەدان بۆ لەدایکبوونی مەسیح. Lukas 2:10 -11



**پارێزەر:**

دووبارەبوونەوە، سەرلەنوێ دووبارە کردنەوە، بگەڕێوە دواوە! ببێتە دەرس بۆت[٦٩] وەرە!

**کچەکە:**

بۆ کوێ؟

**پارێزەر:**

بۆ ئەرکەکانت!

**کچەکە:**

کام ئەرک؟

**پارێزەر:**

هەموو شتێک کە لێیان دەترسیت، هەموو شتێک کە حەزیان پێ ناکەیت و دەبێ بیانکەیت! ئەوەی کە دەسبەردار بیت، درێخی بکەیت، بەبێ پێویست بوون بە هەر شتێک دەرەقەت بێیت، لە هەموو شتێکی ناشادی بەخش، نەفرەتئامێز، بەسۆ تێ پەڕێنیت.

**کچەکە:**

ئەرکی خۆش نییە؟

**پارێزەر:**

دەبنە ئەرکی خۆش کاتێ جێبەجێ دەکرێن.

(٦٩) Gentagelsen ئاماژەیە بۆ ناونیشانی کتێبەکەی سۆرێن کیێرکێگارد "Gjentagelsen" کە لە ساڵی ١٨٤٣دا نووسراوە، بەڵام ئەو چەمکە لە فەلسەفەی کیێرکێگارددا ناوەڕۆکێکی جیاواز و کەمتر نێگەتیڤی هەیە.

**کچەکە:**

کاتێ کە چیتر نەبن، بەو شێوەیە ئەرک هەمیشە ناخۆشە! ئەدی خۆشەکەیان کامەیە؟

**پارێزەر:**

خۆشەکەیان، گوناهە.

**کچەکە:**

گوناه؟

**پارێزەر:**

ئەوەی کە سزای بەدواوەیە! بەڵێ! گەر ڕۆژ و ئێوارەیەکم خۆش بێ ئەوا ڕۆژی دواتر خەمێکی دۆزەخییانە دام دەگرێ و ویژدانم ئازارم دەدات.

**کچەکە:**

سەیرە!

**پارێزەر:**

ئا، بەیانی بە ژانە سەرەوە وەئاگا دێمەوە و ئیتر بێگومان دووبارەبوونەوەکە، دووبارەبوونەوە هەڵاوگێڕاوەکە دەست پێ دەکات. بەو شێوەیە، هەموو ئەو شتانەی کە ئێوارەی دوێنێ جوان و خۆش و بەتام بوون، ئەمڕۆ بەیانی وەک شتی ناشیرین و نەفرەتئامێز و گەوجانە لە یادەوەریمدا خۆیان بەرجەستە دەکەن. هەروەک ئەوەی خۆشیی بۆگەن بکا و شادمانیی برمێ. ئەوەی خەڵکی پێی دەڵێن سەرکەوتن، هەمیشە سەرەتایەکە بۆ بەدبەختیی داهاتوو. ئەو سەرکەوتنانەی من لە ژیانمدا بەدەستم هێناون بوونەتە دارمانم. ئاخر مرۆڤ ترسێکی



غەریزی لە سەرکەوتنی خەڵکانی تر هەیە، پێیان وایە ئەوە ناعەدالەتیی چارەنووسە کە کەڵک بە یەکێک دەگەیەنێ، هەر بۆیە لەمیانەی خلۆرکردنەوەی بەرد لە ڕێگەکەدا، هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو هاوسەنگییە دەدەن. گەر بەهرەت هەبێ شتێکی ترسناکە، چونکە دەکرێ مرۆڤ بە ئاسانی لە برسا بمرێت، بەهەرحاڵ، بۆ ئەرکەکانت بگەڕێوە یاخۆ دەتدەم بە دادگا و ئێمە بەهەر سێ دامەزراوەی دادگادا تێ دەپەڕین(٧٠)، یەک، دوو، سێ.

**کچەکە:**

بگەڕێمەوە؟ بۆ لای زۆپا تەنەکەکە بە مەنجەڵە کەلەرمەکەی سەرییەوە، بۆ لای پەڕۆپاتاڵی منداڵەکە.

**پارێزەر:**

ئا! ئەمڕۆ ڕۆژی گەورەی جلک شتنە. لەبەرئەوەی دەبێ هەموو دەسەسڕەکان بشۆین.

**کچەکە:**

ئۆه، دەبێ هەمدیس تێهەڵچمەوە؟

**پارێزەر:**

هەموو ژیان تەنیا تێ هەڵچوونەوەیە، تەماشای مامۆستا بکە لە ناوەوە، دوێنێ بەڵگەنامەی دوکتۆرای پێ بەخشرا، تاجەگوڵینەی وەرگرت و تۆپی بۆ تەقێنرا، بە پارناس(٧١) دا

(٧٠) مەبەست لە پرۆسێدووری تەڵاقدانە: ١- هۆشداردان لە بەردەم قەشەدا، ٢- هۆشداردان لە بەردەم ئەنجوومەنی کڵێسادا، ٣- دانوستان لە بەردەم دادگای بەراییدا کە دەکرێ بڕیاری جیابوونەوەی ژن و مێردەکە بدات.

(٧١) Parnass بڵندترین ئاستی ئەدەبیات کە تەنیا شاعیرانی بەرجەستە دەیگەنێ.

هەڵزنا و پادشایەتی ئامێزی پێدا کرد، ئەمڕۆش هەمدیس دەچێتەوە قوتابخانە، دەپرسێ دوو کەڕەت دوو دەکاتە چەند، ئیتر تا مردن خەریکی ئەمە دەبێ، بەهەرحاڵ، بۆ ماڵەکەت بگەڕێوە!

**کچەکە:**

مردنم پێ خۆشترە.

**پارێزەر:**

مردن؟ مرۆڤ شتێکی ئاوای بۆ نییە، لەبەرئەوەی ئەوە شتێکی ئابڕووبەرانەیە، تا ئاستێک کە لاشەکەی سووکایەتی پێ دەکرێت، پاشانیش مرۆڤ بەهەشتیی نابێت! ئەوە گوناهی مەزنە(٧٢).

**کچەکە:**

ئاسان نییە مرۆڤبوون.

*

**هەموو:**

ئافەرین!

*

**کچەکە:**

من ناگەڕێمەوە بۆ سووکایەتیی و پیس و پۆخڵیی لەگەڵ تۆدا، دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ سەرەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی

(٧٢) بەگوێرەی ئیدیا دێرینەکان خۆکوژان لە دۆزەخدا عەزاب دەچێژن، تا ساڵی ١٨٦٤ هەوڵدان بۆ خۆکوشتن سزای بەدواوە بووە، بەر لە ساڵی ١٨٩٤ کە یاسای بەخاکسپاردنی تێدا دەرچوو، دەبوو لاشەی کەسێکی خۆکوژ بەبێ زەنگ لێدان و سروود و دوای ڕێورەسمێکی کورت بەخاک بسپێردرێت.



هاتووم، بەڵام یەکەم جار دەبێ دەرگەکە بکرێتەوە تا لە نهێنییەکە بگەم، من دەمەوێ دەرگەکە بکرێتەوە.

**پارێزەر:**

کەواتە تۆ دەبێ بە جێگەپێکانتا بگەڕێیتەوە، بە هەمان ڕێگەدا بگەڕێوە، بەرگەی هەموو شتە قێزەوەنەکانی دادگایی کردنەکە بگرە، بەرگەی هەمدیس تێهەڵچوونەوە، هەمدیس نووسینەوە، هەمدیس دووبارەبوونەوەکان بگرە.

**کچەکە:**

دەی با وابێ، بەڵام من دەبێ یەکەم جار بچمە دەرەوە بۆ ناو تەنیایی و ئەرزە قاقڕەکان تا خۆم بدۆزمەوە، بە هیوای دیدار.

(بۆ شاعیرەکە) وەرە لەگەڵم.

**هاواری ناڵەناڵ:**

(لە پاشینەی شانۆوە، لە دوورەوە)

ئۆه، ئێمە! ئۆه، ئێمە! ئۆه، ئێمە!

**کچەکە:**

ئەوە چییە؟

**پارێزەر:**

ئەوانە بەدبەختەکانی سکامسیوندن.

**کچەکە:**

بۆچی ئەمڕۆ ئەوانە دادوبێدادیانە؟

**پارێزەر:**

لەبەرئەوەی خۆر لێرە پرشنگ دەدا، لەبەرئەوەی مۆسیقا لێرەیە،

سەما لێرەیە، گەنجیی لێرەیە! ئیتر ئەوان قووڵتر هەست بەسۆی عەزابەکانیان دەکەن.

**کچەکە:**

ئێمە پێویستە ڕزگاریان بکەین.

**پارێزەر:**

هەوڵ بدە، کەڕەتێکیان کەسێک هات ڕزگاریان بکات، بەڵام بە خاچدا هەڵیان واسی!

**کچەکە:**

لەلایەن کێوە؟

**پارێزەر:**

لەلایەن ڕاست بیرکەرەوەکانەوە.

**کچەکە:**

ئەوانە کێن؟

**پارێزەر:**

تۆ هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان ناناسیت. کەواتە دەبێ بیانناسیت.

**کچەکە:**

ئەوانەن کە قایل نەبوون بۆنەی دوکتۆرا بەخشینەوەت بۆ ساز بدەن؟

**پارێزەر:**

ئا!



**کچەکە:**

کەواتە دەیانناسم!

(کەنارێک لە زەریای ناوەڕاست. لای چەپی پێشی شانۆوە شورایەکی سپی دەبینرێت کە بە ژووروویەوە دار پرتەقاڵی بە بەر، پڕ ڕووانە وەدیارکەوتوون. لە پاشینەی شانۆدا ڤێلا و گازینۆ بە بەر هەیوانەوە. لەلای ڕاستەوە ئەمبارێک لە خەڵووزی بەردین بە دوو عارەبانەی دەستییەوە. لە پاشینەی شانۆدا، لای ڕاستەوە بەشێک لە زەریای شین.

دوو خەڵووزهەڵگری تا نێوقەد ڕووت، دەموچاو ڕەش، دەستوپل ڕەش و بەشە ڕووتەکانی جەستەیان ڕەش، هەریەکەیان بە نائومێدی لە عارەبانەکەی خۆیدا دانیشتووە.)

(کچەکە و پارێزەر لە پاشینەی شانۆدان)

**کچەکە:**

ئەمە بەهەشتە!

**خەڵووزهەڵگری ١:**

ئەمە دۆزەخە!

**خەڵووزهەڵگری ٢:**

لە دارستان پلەی گەرما چل و هەشتە.

**خەڵووزهەڵگری ١:**

بچینە گۆمەکەوە؟

**خەڵووزهەڵگری ٢:**

ئاخر پۆلیس دێت، بۆمان نییە لێرە مەلە بکەین،

**خەڵووزهەڵگری ١:**

مرۆڤ ناتوانێ میوەیەک لە درەختەکە بکاتەوە؟

**خەڵووزهەڵگری ٢:**

نەء، ئاخر پۆلیس دێت.

**خەڵووز هەڵگری ١:**

بەڵام من ناتوانم لەم گەرمایەدا کار بکەم، هەموو شتێک جێ دێڵم.

**خەڵووزهەڵگری ٢:**

ئەوسا پۆلیس دێن و دەتگرن! (وچان) وەکوتر بەبێ خواردن دەبیت.

**خەڵووزهەڵگری ١:**

بەبێ خواردن؟ ئێمە کە زۆرترین کار دەکەین، کەمترین خۆراک دەخۆین، دەوڵەمەندەکانیش کە هیچ شتێک ناکەن زۆرترینیان پێ دەبڕێ، ئاخۆ مرۆڤ نابێ – بەبێ ئەوەی زۆر لە حەقیقەت نزیک بێتەوە – پێ لەسەر ئەوە دابگرێ کە ئەمە دادوەرانە نییە؟ ئەدی کچی خواوەند تۆ چ دەڵێیت؟

**کچەکە:**

من وەڵامم پێ نییە، بەڵام پێم بڵێ، چیت کردووە کە ئاوها ڕەش داگەڕاویت و گوزەرانت هێندە سەختە؟

**خەڵووزهەڵگری ١:**

چیمان کردووە؟ ئێمە لە دایک و باوکێکی هەژار و تا ڕادەیەک خەراپ کەوتووینەتەوە، ڕەنگە دوو جار سزا درابین!



**کچەکە:**

سزا درابن؟

**خەڵووزهەڵگری ١:**

ئا، ئەوانەی سزا نەدراون لە سەرەوە لە گازینۆکە دانیشتوون و هەشت جۆر خواردن بە شەرابەوە دەخۆن.

**کچەکە:**

(بۆ پارێزەر)

ئەرێ بڵێی ئەوە ڕاست بێت؟

**پارێزەر:**

بە شێوەیەکی گشتی، ئا!

**کچەکە:**

مەبەستت ئەوەیە کە هەموو کەسێک جارێک لە جاران هەڵوێستێکی جوانی نواندبێ شایستەی زیندان بووە؟

**پارێزەر:**

ئا!

**کچەکە:**

تەنانەت تۆش؟

**پارێزەر:**

ئا!

**کچەکە:**

ئایا ڕاستە کە ئەو داماوانە بۆیان نییە لێرە لە زەریادا مەلە بکەن؟

**پارێزەر:**

ئا، تەنانەت بە جلیشەوە بۆیان نییە، تەنیا ئەوانە لە کۆڵ پارەدان بوونەتەوە کە بەتەمابوون خۆیان بخنکێنن. بەڵام ئەوانە لە سەرەوە لە بنکەی پۆلیس دارکاری دەکرێن.

**کچەکە:**

ئەدی ناتوانن بچنە دەرەوەی گوند، لەو دەشت و دەرە مەلە بکەن؟

**پارێزەر:**

دەشت و دەر نییە، هەمووی پەرژین کراوە،

**کچەکە:**

مەبەستم لە دەرەوە، لە شوێنی ئازاددا،

**پارێزەر:**

چ شوێنێکی ئازاد نییە، هەمووی گیراوە،

**کچەکە:**

تەنانەت زەریاش، ئەو زەریا بەرفراوانەش؟

**پارێزەر:**

هەر هەمووی، بۆت نییە بە کەشتییەک بەزەریادا بڕۆیت و پێ بخەیتە وشکانی تا ناوت تۆمار نەکرێ و پارە نەدەیت. جوانە!

**کچەکە:**

ئەمە بەهەشت نییە.

**پارێزەر:**

نا، بەهەشت نییە.



**کچەکە:**

باشە بۆچی مرۆڤ شتێک ناکەن تا گوزەرانیان باشتر بکەن؟

**پارێزەر:**

با دەیکەن، بەڵام هەموو ئەوانەی هەوڵ دەدەن بارودۆخەکە باشتر بکەن سەر لە زیندان یان شێتخانە دەهێننە دەرێ.

**کچەکە:**

کێ لە زیندانیان دەنێ؟

**پارێزەر:**

هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان، هەموو بە ئابڕووەکان.

**کچەکە:**

کێ لە شێتخانەیان دەنێ؟

**پارێزەر:**

نائومێدی خۆیان بەوەی کە ئیتر هەوڵ و تێکۆشانیان بێ هیوا دەبینن!

**کچەکە:**

ئەدی کەس بیری بۆ ئەوە نەچووە کە دەشێ بە هۆی ڕێساگەلی نهێنییەوە ئەم بارودۆخە بەم جۆرە بێت؟

**پارێزەر:**

با، ئەوانەی بارودۆخیان باشە، هەمیشە ئاوها بیر دەکەنەوە،

**کچەکە:**

هەموو شتێک باشە وەک ئەوەی کە هەیە؟

*

**خەڵووزهەڵگری ١:**

سەرباقی ئەوەش ئێمە بناخەی کۆمەڵگەین، ئەگەر ئێوە خەڵووزتان بۆ نەیەت ئەوا تەباخی مۆبەقەکانتان، زۆپای باڵەخانەکانتان دەکوژێتەوە، مەکینەی کارگەکان لە کار دەکەون، ڕووناکی شەقامەکان، دووکانەکان و ماڵەکان خامۆش دەبن: تاریکیی و سەرما بەسەرتانا دادێت، هەربۆیە ئێمە ئارەقەی دۆزەخ دەردەدەین تا ئەو خەڵووزە ڕەشە هەڵگرین، پاداشتی ئەو خزمەتەمان چییە؟

**پارێزەر:**

(بۆ کچەکە)

یارمەتییان بدە! (وچان) ناکرێ بۆ هەمووان وەک یەک بگوزەرێت، من ئەوە دەزانم، بەڵام دەکرێ هەمووان تا ئەم ڕادەیەش یەکسان نەبن؟

*

(جەناب و خانم بەسەر شانۆدا دەڕۆن)

**خانم:**

دێیت و دەستێک یاری بکەین؟

**جەناب:**

نەء، دەبێ کەمێک بڕۆم تا فراوینم پێ بخورێت.

*

**خەڵووزهەڵگری ١:**

تا فراوینی پێ بخورێت،



**خەڵووزهەڵگری ٢:**

تا فراوینی.

منداڵەکان

(دێنە ژوورەوە، کاتێ ئەو کۆڵهەڵگرە ڕەشانە دەبینن، لە ترسدا دەقیژێنن)

*

**خەڵووزهەڵگری ١:**

کە دەمانبینن دەقیژێنن! دەقیژێنن...

**خەڵووزهەڵگری ٢:**

پەنا بە شەیتان! وا چاکە دەسبەجێ سەکۆی ڕیسواگە[٧٣] کە ئامادەکەین و بکەوینە نەشتەرگەریی ئەم جەستە داڕزاوە.

**خەڵووزهەڵگری ١:**

پەنا بە شەیتان، منیش هەر وا دەڵێم! نەفرەت.

*

**پارێزەر:**

(بۆ کچەکە)

هەڵبەت ئەمە دێوانەییە! مرۆڤەکان هێند بەد نین، بەڵکو...

**کچەکە:**

بەڵکو...؟

(٧٣) لە تێکستەکەدا Schavott بەکار هاتووە کە مەبەست لێی جۆرێک سەکۆیە بۆ پیشاندانی تاوانباران بۆ خەڵک و لەسێدارەدانی بەمەرگ سزادراوان، و. کوردی.

**پارێزەر:**

بەڵکو دەوڵەت..

**کچەکە:**

(ڕوخساری دەشارێتەوە و دەڕوات)

ئەمە بەهەشت نییە.

**خەڵووزهەڵگرەکان:**

نەخێر، ئەمە دۆزەخە، وایە!

پەردە

(ئەشکەوتی فینگال. شەپۆلگەلی درێژ و سەوز بەکاوەخۆ خۆیان لە ئەشکەوتەکە دەدەن، لە پێشی شانۆدا نیشانەیەکی دەنگیی[٧٤] بە سوور ڕەنگکراو بەسەر شەپۆلەکەوە جۆلانە دەکا، هەڵبەت بەبێ ئەوەی نیشانەکە دەنگی لێوە بێت، پێشان لە جێگەیەکی زانراودایە.)

مۆسیقای با

مۆسیقای شەپۆل

کچەکە و شاعیر

*

**شاعیر:**

بۆ کوێت هێناوم؟

(٧٤) Ljudboj نیشانەیەکی زەریاییە کە لەمیانەی دەنگێکی تایبەتییەوە سیگناڵی ئاگەدارکردنەوە دەدا، ئەم ئامێرە یان بەگوڕی شەپۆلەکان یاخۆ بە گاز ئیش دەکات.



**کچەکە:**

بۆ دوور لە ژاوەژاو و ناڵەناڵی منداڵەکانی ئینسان، بۆ لای گەورەترین زەریای جیهان، بۆ ئەم ئەشکەوتە کە ئێمە ناومان ناوە گوێی ئیندرا، چونکە دەڵێن کیژی ئاسمان لێرەدا گوێ لە دادوبێدادی ئەو خەڵکە مردەنییە ڕادەدێرێ.

**شاعیر:**

چۆن؟ لێرە؟

**کچەکە:**

نابینیت ئەم ئەشکەوتە چۆن وەک سەدەفێک ڕۆنراوە؟ با، دەیبینیت! ئەی نازانیت گوێچکەت وەک سەدەفێک دروست کراوە؟ دەزانیت، بەڵام بیرت لێ نەکردووەتەوە! (کچەکە سەدەفێک لە کەنار زەریا هەڵدەگرێتەوە) ئایا تۆ بە منداڵیی سەدەفێکت نەناوە بە گوێچکەتەوە و گوێت لە... گوێت لە وژەی خوێنی دڵی خۆت بووبێت، گوێت لە ژاوەژاوی غایلەکانت بووبێت لە مێشکتدا، گوێت لێ بووبێ کە هەزار خەوشی گچکە تاڵە داوی تەونی جەستەت دەدڕێنێ، لەو سەدەفە بچکۆلەیەدا گوێت لەمانە بووە، مەزەندە بکە ئەی دەبێ لەم گەورەیەیاندا گوێت لە چی بێت.

**شاعیر:**

(گوێی ڕادێراوە)

جگە لە وژەی با گوێم لە هیچ نییە.

**کچەکە:**

کەواتە من دەبمە تەرجومانیان، گوێ ڕادێرە! گوێ رادێرە لە

دادوبێدادی باکان.

(لەگەڵ مۆسیقایەکی نزمدا، بە بەرزیی دەخوێنێتەوە)

لەژێر هەوری ئاسماندا لە دایک بووین

هەورە برووسکەی ئیندرا ڕاوی ناین

بۆ خوارەوە، بەرەو ئەم ئەرزە تۆزوخۆڵاوییە

پێ و پلمان بە پووش و پەڵاش پیس بوو

دەبوو بەرگەی تەپوتۆزی ڕێگاکانی دەرەوەی شار بگرین

بەرگەی دووکەڵی شارەکان

بەرگەی بۆنی ناخۆشی هەناسە

بەرگەی بۆگەنی خۆراک و هەڵمی شەراب بگرین

خۆمان بەرز کردەوە بۆ دەرەوە

بەرەو زەریای بەرفراوان کشاین

تا سییەکانمان بە هەوا بدەین

باڵەکانمان ڕاوەشێنین و

پێ و پلمان بشۆین!

ئیندرا، ئەی گەورەی ئاسمان

بمانبیستە.

بمانبیستە کاتێک هەناسە هەڵدەکێشین!

ئەرز پاقژ نییە.

ژیان خۆش نییە.

مرۆڤەکان شەڕانگێز نین،



هەروەها چاکەخوازیش نین!

بەگوێرەی توانای خۆیان دەژین،

لەبەرەوە... ڕۆژەو ڕۆژ دەژین!

کوڕانی تۆز بە تۆزدا دەڕۆن

لە خۆڵ لە دایک بوون و بۆ خۆڵ دەگەڕێنەوە![٧٥]

پێ و پلێک کە پێی بڕۆیت قامکن

باڵ نین

تەپوتۆزاویی بوون

ئایا ئەوە خەتای ئەوانە

یان خەتای تۆ؟

**شاعیر:**

کەڕەتێکیان گوێم لەمە بووە،

**کچەکە:**

بێدەنگ، باکان هێشتا گۆرانی دەڵێن،

*

لەگەڵ مۆسیقایەکی نزمدا بە دەنگی بەرز دەخوێنێتەوە

---

(٧٥) ئاماژەیە بۆ ئەفسانەی خەلیقەت، 1 Mosebok ٢:٧ «وە خوای ئاسمان خەڵکی لە خۆڵی ئەرز دروست کرد» هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەو وشانەی کە خوا ئاراستەی ئادەمی کرد، 1Mosebok 3:19 «تۆ لە خۆڵیت و بۆ خۆڵ دەگەڕێیتەوە» ئەو وشانە لە ڕێورەسمی پێوەند بەخاکسپارندا دەگوترێن کاتێک قەشە خۆڵە بەسەر تابووتەکەدا دەکات: «تۆ لە خۆڵەوە هاتوویت، بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە»

ئێمە باکانین، زارۆکی هەواین
دادوبێدادی ئینسان دەگوێزینەوە
گوێت لە دەنگمانە،
ئێوارانی پایز لە لوولەی گوڵخەندا
لە دەمی فڕنگەلی بۆرەکدا
لە درزی پەنجەرەدا،
کاتێک کە باران لە دەرەوە،
لەسەر چینکۆی سەربانەکان دەگری
یان لە ئێوارانی زستاندا
لە دارستانی سەر بەبەفری سنەوبەردا
لە زەریای بەگێژەندا
گوێت لە ناڵە و سکاڵا بووە
لە چارۆکە و لە قەتاردا
ئەوە ئێمەین، باکانین
زارۆکی هەواین،
بەسینگی ئینساندا هاتووین،
ئەو نەغمانەی خەمیان فێر کردووین
لە ژووری نەخۆشخانەدا، لە گۆڕەپانی جەنگدا
بە زۆری لە ژووری منداڵاندا
کە ساوایانی تازە لەدایکبوو
لە حەیوەت ئازاری هەبوونیان



دەگرین، دەناڵێنن و دەزریکێنن.
ئەوە ئێمەین، باکانین
کە دەوژێنین و دەلوورێنین
بێچارە خۆمان! بێچارە خۆمان! بێچارەخۆمان!

*

**شاعیر:**

وا بزانم پێشتر ئەمەم بینیوە.

**کچەکە:**

وسس! شەپۆلەکان گۆرانی دەڵێن!
(لەگەڵ مۆسیقایەکی بێدەنگدا، بە دەنگی بەرز دەخوێنێتەوە)
ئەوە ئێمەین، شەپۆلەکانین
کە باکان ڕادەژەنین
تا بحەوێنەوە! ئێمەی شەپۆلەکان بێشکەین
تەڕین، سوێرین
وەک بڵێسەی ئاگرین
ئێمە بڵێسەی تەڕین
کوژێنەرەوەین، سووتێنەرین
پاککەرەوەین، شۆرەروەین
ئەفرێنەرین، منداڵخەرەوەین
ئێمە، ئێمە، شەپۆلەکانین
بۆ ئەوەی باکان بحەوێنەوە

ڕایان دەژەنین.

*

**کچەکە:**

شەپۆلە درۆزنینە و بێوەفاکان، هەموو شتێکی سەر ئەرز لە شەپۆلەکاندا ناسووتێ بەڵکو دەخنکێ. بنۆڕە، (کەڵەکەیەک ئەشغالی پیشان دەدات) بنۆڕە زەریا چی بەتاڵان بردووە و تێکوپێکی شکاندووە، تەنیا وێنەی ئەملا و لای پێشی ئەو کەشتییە غەرقبووانە(٧٦) ماوەتەوە و ناوەکانیشیان: عەدالەت، هاوڕێیەتی، ئاشتی زێڕین، ئومێد – ئەوە هەموو ئەوەیە کە لە ئومێد ماوەتەوە، لەو ئومێدە تەفرەدەرە! ئەستوندەکی لێواری بەلەم، سەوڵدان(٧٧)، ئاودەردەر(٧٨)! سەیری نیشانەی فریاکەوتنەکە، هەر فریای خۆی کەوتووە، بەڵام لێگەڕاوە دەستکورتەکان تیا بچن!

**شاعیر:**

(بەناو کەڵەکە ئەشغالەکەدا دەگەڕێ)

ئەو تەختەیەی کە ناوی کەشتی <عەدالەت> ی لەسەر نووسراوە لێرەدایە؟ هەمان ئەو کەشتییەی بەکوڕەکەی کابرای کوێرەوە لە فاگێرڤیکەوە ڕۆیشت! هەروەها دەسگیرانەکەی ئالیس، ئەڤینە نائومێدەکەی ئیدیتیش لە هەمان ئەو کەشتییەدا بوو.

---

(٧٦) galjonbilderna وێنەی لە دار تاشراویان هەڵکۆڵراو لەسەر هەردوو لای پێشی کەشتییە کۆنەکان.

(٧٧) artull پاڵپشتە و جێگەیەک لەسەر لێواری بەلەم کە سەوڵی تێدا هەڵدەگیرێت.

(٧٨) öskar لەگەنی بچووک کە ئاوی بەلەمی پێ دەردەدرێت.



**کچەکە:**

کابرای کوێر؟ فاگێرڤیک؟ دەکرێت ئەوە خەون بووبێ! دەسگیرانەکەی ئالیس، ئیدیتی درێو، سکامسیوند و قەرەنتینەکە، گۆگرد و کاربۆل، ڕێوڕەسمی دوکتۆرا بەخشینەوەکە لە کڵێسا، نووسینگەکەی پارێزەر، ڕاڕەوەکە و ڤیکتۆریا، کۆشکە گەشەسەندووەکە و ئەفسەرەکە، خەونم بەوانەوە بینیوە.

**شاعیر:**

من کەڕەتێک ئەوەم کردووەتە شیعر.

**کچەکە:**

کەواتە تۆ دەزانیت شیعر چییە.

**شاعیر:**

کەواتە دەزانم خەون چییە، ئەدی شیعر چییە؟

**کچەکە:**

واقیع نییە، بەڵام لە واقیع زیاترە، خەون نییە، بەڵام خەونە کە بە بێداریی دەبینرێ.

**شاعیر:**

زارۆکانی ئینسانیش وا دەزانن ئێمە تەنیا نمایش دەکەین... وا دەزانن تەنیا هەر هەڵدەبەستین و دادەهێنین.

**کچەکە:**

باشە وابێ هاوڕێم، ئەگینا ئیتر جیهان لە نەبوونی وزەی هاندا دەبووە وێرانە. هەمووان لەسەر پشت پاڵ دەکەوتن و

لە ئاسمانیان دەنۆڕی، کەس دەستی نەدەدایە گاسن و خاکەناز و ڕندە و قوڵینگ.

**شاعیر:**

ئەوە قسەی تۆیە ئەی کیژەکەی ئیندرا، تۆیەک کە نیوەت هی ئاسمانە.

**کچەکە:**

تۆ حەقی خۆتە سەرزەنشتم بکەیت، من لەم خوارەوە زۆرم پێ چوو، وەک تۆ لە گەرماوی قوڕدا خۆم شت، ئیتر ئەندێشەکانم نافڕن، باڵەکان قوڕیان پێوەیە، پێ و پلەکان خۆڵاوین.. منیش خۆم.. (باسکەکانی بڵند دەکات) من غەرق دەبم، غەرق دەبم، باوکە، ئەی خوای ئاسمان یارمەتیم بدە. (بێدەنگیی) من ئیتر وەڵامی نابیستم! ئیتر ئاتمۆسفار دەنگ لە لێوی ئەوەوە ناگەیەنێتە سەدەفی گوێچکەی من، ئیتر داوی زیویین پچڕا، بێچارە خۆم، من بە ئەرزەوە بەستراوم.

**شاعیر:**

بەتەمایت بەم زووانە هەڵکشێیت؟

**کچەکە:**

چەندێک زوو خۆڵەکە بسووتێنم، چونکە ئاوی ئۆقیانووسەکان ناتوانێ خاوێنم بکاتەوە، بۆ دەپرسیت؟

**شاعیر:**

لەبەرئەوەی... داوایەکم هەیە، داوانامەیەک...

**کچەکە:**

داوانامەی چیی...



**شاعیر:**

داوانامەی مرۆڤایەتی بۆ سەرداری جیهان، کە لەلایەن خەونبینێکەوە نووسراوە.

**کچەکە:**

دەگەیەنرێت لە لایەن...

**شاعیر:**

لەلایەن کیژەکەی ئیندراوە.

**کچەکە:**

دەتوانیت شیعرەکەت بڵێیت؟

**شاعیر:**

دەتوانم!

**کچەکە:**

دەی بیڵێ!

**شاعیر:**

خۆت باشتریت!

**کچەکە:**

من بیخوێنمەوە؟

**شاعیر:**

لە ئەندێشەمدا! یاخۆ لێرە! (چەند کاخەزێکی لوولکراوی دەداتێ).

**کچەکە:**

(کاخەزەکان وەردەگرێت، بەڵام شیعرەکە ئەزبەر دەخوێنێتەوە)

باشە، من دەیڵێم!

*

**کچەکە:**

‹ بۆچی تۆ لەگەڵ ئازاردا لە دایک بوویت،
بۆچی دایکت نارەحەت دەکەیت،
ئەی زارۆکی ئینسان، ئەمە لە کاتێکدا کە تۆ دەبێ
شادومانیی دایکایەتیی پێ ببەخشیت،
شادومانییەکی گەورەتر لە هەموو شادومانییەکان؟
بۆچی تۆ بۆ ژیان دێیت،
بۆچی سڵاو دەکەیت لە ڕووناکیی،
بە زریکەیەک لە شەڕانگێزیی و عەزابەوە؟
بۆچی بەدەم ژیانەوە پێ ناکەنیت،
ئەی زارۆکی ئینسان، ئاخر خەڵاتی ژیان
دەبێ خودی شادمانیی بێ؟
بۆچی ئێمە وەک ئاژەڵ لە دایک دەبین،
نەسەبمان دەچێتەوە سەر ڕیشەی ئاسمان و
بنەماڵەی بەشەر؟
ڕوح داوای جلکێکی تری کرد
جلکێک جیاواز لەم جلکە خوێناوی و چڵکنە!
دەبێ هاووێنەی خواوەند ددانەکان بگۆڕێ›
وسبە! ئەی لەخۆبایی، نابێ دروستکراو
ڕەخنە لە وەستاکەی بگرێ!
هێشتا مەتەڵی ژیان هەڵنەهاتووە!



‹ ئاوها ئەم پێشبڕکێی ڕۆیشتنە
دەستی پێ کرد..بەسەر دڕک، وشترالۆک[٧٩]، بەرددا،
جارێکیان بەرێگەیەکی خۆشدا ڕۆیشت
دەسبەجێ ئەو ڕێگەیەیان قەدەغە کرد
گوڵێک دەچنیت، خێرا!
تێ دەگەیت کە هی کەسێکی ترە،
ئەگەر پێویست بێ لەسەر گەشتەکەت بەردەوام بیت و
ڕێگەکە بە کێڵگەیەک دابخرێت
پێ بە بەروبوومی خەڵکی تردا دەنێیت،
پاشان خەڵکانی تریش پێ بە هی تۆدا
بۆ ئەوەی جیاوازییەکە کەمتر بکەنەوە!
هەموو شادمانییەک کە چێژت دەداتێ
دەبێتە مایەی خەمی خەڵکانی تر،
بەڵام خەمی خۆت چ شادمانییەک بەدوای خۆیدا ناهێنێ
چونکە ئەوە خەمە لەسەر خەم!
ئاوها گەشتەکەت دەچێتەوە سەر مردن
کە حەیفێک دەبێتە نانی خەڵکانی تر!›
ئەی کوڕی تۆزوخۆڵ... ئاوها بەتەمایت
لە مەزنتر لە هەمووان... نزیک ببیتەوە؟

---
(٧٩) Tistel شترالۆک، وشترخۆر... گوڵێکی پەمەیی کاڵی دڕکاوییە. و. کوردی.

**شاعیر:**

ئەدی کوڕی تۆزوخۆڵ چۆن دەتوانێ

وشەی ڕووناک، خاوێن، سووکەڵە بدۆزێتەوە

تا لەسەر ئەرزەوە هەڵگژێ.

ئەی زارۆکی خواوەند، حەز دەکەیت دادوبێدادمان

بگۆڕیتە سەر ئەو زوبانەی

کە خواوەند بە باشیی تێی دەگات؟

**کچەکە:**

ئا حەز دەکەم!

**شاعیر:**

(ئاماژە بۆ نیشانە زەریاییەکە دەکا)

ئەوە چییە کە لەوێدا سەر ئاو کەوتووە؟ نیشانەی زەریایە؟

**کچەکە:**

ئا!

**شاعیر:**

لە سییەک دەچێت بە کڵاوەی گەرووەوە.

**کچەکە:**

ئەوە پاسەوانی زەریایە، کاتێ مەترسییەک لە گۆڕێدا دەبێ، ئەو ستران دەچڕێ.

**شاعیر:**

من دەبینم کە زەریا هەڵدەچێ و گۆمەکان کەوتوونەتە ئەوەی بڕۆن.



**کچەکە:**

ئەوە هەمان شتە.

**شاعیر:**

بێچارە خۆمان! چ دەبینم؟ کەشتییەک، لە دەرەوەی تەنکاوەکەدا.

**کچەکە:**

دەبێ ئەوە کام کەشتی بێت؟

**شاعیر:**

پێم وایە کەشتی تارماییە.

**کچەکە:**

چییە؟

**شاعیر:**

هۆڵەندییە فڕیوەکەیە[٨٠].

**کچەکە:**

ئەو؟ بۆچی ئاوها قورس سزا درا، ئەی بۆچی نەهاتە وشکانی؟

**شاعیر:**

لەبەرئەوەی حەوت ژنی خیانەتکردەی هەبوو!

**کچەکە:**

دەبێ لەسەر ئەوە سزا بدرێت؟

---

(٨٠) Flygande Hollandaren مەبەست لە ئەفسانەی ئەو کاپتنە هۆڵەندییەیە کە بەهۆی کوفر و لەخۆباییبوونەوە حوکمدرا بەوەی کە دەبێ بەکەشتییەکەیەوە تا ڕۆژی قیامەت لە زەریادا سەرگەردان بێت.

**شاعیر:**

بەڵێ! هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان حوکمیاندا،

**کچەکە:**

جیهانێکی سەیرە،ئەدی چۆن دەکرێت لەو نەفرەتە ڕزگار بکرێت؟

**شاعیر:**

ڕزگـار بکرێت؟ هەڵبـەت دەبێ مـرۆڤ خـۆی لە ڕزگـارکـردنی بپارێزێ.

**کچەکە:**

بۆچی؟

**شاعیر:**

لەبەرئەوەی کە... نەء، ئەوە هۆڵەندییەکە نییە! ئەوە کەشتییەکی ئاسـایییـە کـە لێی قـەومـاوە! ئەدی بۆچی ئێـسـتـا نیـشـانە زەریایییـەکە نازیکێنێ؟ بنۆڕە زەریا هـەڵدەچێ، گۆمـەکە بەرز بووەتەوە، هـەر ئێـسـتـا ئێمـە لە ئەشکەوتەکـەدا گیـر دەخـۆین، ئێستا زەنگی کەشتییەکە لێ دەدات! هەر ئێستا وێنەیەکی تری ئەملا و لای پێشی کـەشـتـیـمـان دەست دەکـەوێت، ئەی نیشـانە زەریایییـەکە... بزیکێنە! بە ئەرکی خۆت وەک پاسەوان هـەستە، (نیشـانە زەریایییـەکە نۆتە دەنگێکی چوارینەیی پێنجینەیی – شـەشینەیی دەچڕێ کە لە دەنگی کپی سیگنـاڵی ڕێنوێنیکردنی کـەشتیی دەچێت لە تەمـومژدا) خزمـەتکارانی ناو کـەشتییـەکە ئاماژەمان بۆ دەدەن، بەڵام ئێمە وا خۆمان تیا دەچین!

**کچەکە:**

ڕزگارییت ناوێت؟



**شاعیر:**

با بێگومـان، بێگومـان دەمـەوێ، بەڵام ئێسـتـا نا، لەناو ئاویشـدا نا!

*

**خزمەتکارانی ناو کەشتی:**

(چوارینەیەک دەچڕن)

خوایە! ڕوحممان پێ بکە!




**شاعیر:**

ئێـسـتـا ئەوان هـاوار دەکـەن، زەریاش هـاوار دەکا، بەڵام کـەس گوێی لێ نییە.

**خزمەتکارانی ناو کەشتی:**

خوایە، ڕوحممان پێ بکە!

**کچەکە:**

ئەوە کێیە لە دەرەوە دێت؟

**شاعیر:**

بەسـەر ئاودا دەڕوات؟ ئەوە تەنیا کەسێکە کە بە ئاودا دەڕوات

ئەو پێترۆسی بەردەكێو نییە(٨١) ، چونكە وەک بەردێک غەرق دەبێ. (تیشكێكی شین بەسەر زەریاوە دەبینرێت)

**خزمەتكارانی ناو كەشتی:**

خوایە، ڕوحممان پێ بكە.

**كچەكە:**

ئەوە خۆیەتی؟

**شاعیر:**

ئەوە خۆیەتی، لە خاچ دراوە،

**كچەكە:**

بۆچی؟ پێم بڵێ بۆچی ئەو لە خاچ درا؟

**شاعیر:**

لەبەرئەوەی دەیویست خەڵک ڕزگار...

**كچەكە:**

كێ؟ من بیرم چووەتەوە! كێ ئەوی لە خاچ دا؟

**شاعیر:**

هەموو ڕاست بیركەرەوەكان!

**كچەكە:**

چ دنیایەكی سەیرە!

**شاعیر:**

زەریا هەڵدەچێ! تاریكیی هەڵدەكوتێتە سەرمان، زریانەكە زیاد دەكات.

---

(٨١) "وەک بەردێک ڕۆچوو" Matteus 14: 28-30



**خزماتكارانی ناو كەشتی:**

(هاوارێكی بەرز دەكەن)

**شاعیر:**

خزمەتكارانی ناو كەشتییەكە لە ترسدا دەقیژێنن، كەی ڕزگاركەرەكەیان دەبینن، ئێستایش ئەوان لە ترسی ڕزگاركەر، بەناو زەریادا ڕادەكەن.

**خزمەتكارانی ناو كەشتی:**

(هاوارێكی تری بەرز دەكەن)

**شاعیر:**

ئەوان ئێستا هاوار دەكەن لەبەرئەوەی ئیتر دەمرن! كاتێ لە دایک دەبن دەقیژێنن و كاتێكیش كە دەمرن هەر دەقیژێنن!

(شەپۆلە هەستاوەكان هەڕەشەی غەرقبوونیان لە ئەشكەوتەكەدا لێ دەكات)

**كچەكە:**

ئەگەر دڵنیا بوومایە كە ئەمە كەشتییەكە.

**شاعیر:**

لە ڕاستیدا... من پێم وا نییە ئەمە كەشتییەک بێت، ئەمە خانوویەكی دوو نهۆمە، بە درەختێک لە دەرەوەی و، بورجی تەلەفۆن كە دەگاتە هەور، ئەوە بورجی نوێی بابلە كە تەل دەنێرێتە ئاسمان تا پێوەندی لەگەڵ سەرەوەدا بگرێ.

**كچەكە:**

ڕۆڵە، خایلەی ئینسان پێویستی بە چ تەلێک نییە تا خۆی پێ

بگوێزێتەوە، نوێژی خواپەرستانە دزە دەکاتە دنیاکانەوە، بورجی بابل لە قەرەی ئەرکی وا نایەت، چونکە ئەگەر دەتەوێ هەڵبکوتیتە سەر ئاسمان، ئەوا بە نوێژەکانت هەڵی بکوتە سەر!

**شاعیر:**

نەء، ئەوە خانوو نییە، بورجی تەلەفۆن نییە، دەیبینیت؟

**کچەکە:**

تۆ چ دەبینیت؟

**شاعیر:**

من وشکەڤانییەک لە بەفردا دەبینم، وشکەڤانییەکی مەشق، هەتاوی زستان لەودیو کڵێسایەکی سەر یاڵەکەوە پرشنگ دەدات، بورجەکەش سێبەرە درێژەکەی لەسەر بەفرەکە هەڵخستووە، ئێستا هێزێک سەرباز بە مارشەوە بەسەر وشکەڤانییەکەدا دێن، بەسەر بورجەکەدا دێن، بەسەر بورجەکەدا سەردەکەون، ئێستا گەیشتوونەتە سەر خاچەکە، بەڵام من دڵم لێی داوە ئەوەی کە یەکەم کەس پێ بە کەڵەبابەکەدا دەنێت، دەبێ بمرێت، ئێستا ئەوان نزیک دەبنەوە، سەرگەورەکەیان کە لە پێشەوە دەڕوات، هاها! هەورێک بەسەر وشکەڤانییەکەدا دێت، هەڵبەت بە لای خۆردا تێ دەپەڕێت، ئێستا ئیتر هەموو شتێک بزر دەبێت، ئاوی هەورەکە ئاگری خۆر دەکوژێنێتەوە! ڕووناکی خۆر سێبەری بورجەکەی دروست کردووە، بەڵام سێبەری هەورەکە سێبەری بورجەکەی خنکاندووە.

(لەمیانەی ئەو قسانەی سەرەوەدا، دیمەنەکە بۆ ڕاڕەوی شانۆ دەگۆڕدرێت)



**کچەکە:**

(بۆ ژنە دەرگەوان)

هێشتا وەزیری داد نەهاتووە؟

**ژنە دەرگەوان:**

نەء!

**کچەکە:**

ئەی سەرۆکی کۆلیژەکان؟

**ژنە دەرگەوان:**

نەء!

**کچەکە:**

کەواتە بانگیان بکە، هەر ئێستا، چونکە دەرگەکە دەکرێتەوە،

**ژنە دەرگەوان:**

باشە ئەوە شتێکی ئەوەندە گرینگە؟

**کچەکە:**

ئا، گرینگە! چونکە گومان دەکرێ هەڵهێنانی مەتەڵی جیهان لەودیو ئەو دەرگەیەوە دانرابێ! بۆیە وەزیری داد و هەر چوار سەرۆکی کۆلیژەکان بانگ بکە.

**ژنە دەرگەوان:**

(فیکەیەک لێ دەدا)

**کچەکە:**

وەستای شووشەشت بە ئەڵماسەکەیەوە لە بیر نەچێت، دەنا کارەکەمان مەیسەر نابێت.

**خەڵکانی شانۆ:**

(وەک سەرەتای شانۆنامەکە، لەلای چەپەوە دێنە ژوورێ)

**ئەفسەرەکە:**

(لە پاشینەی شانۆوە دێتە ژوورەوە، پاڵتۆیەکی درێژی تا سەر ئەژنۆی لەبەردایە و کڵاوێکی بەرزی قووچەکیی لە سەردایە، چەپکێک گوڵی بەدەستەوەیە. لە شادمانییدا پرشنگ دەدات).

ڤیکتۆریا!

**ژنە دەرگەوان:**

هاکا خاتوو ڤیکتۆریا هات.

**ئەفسەرەکە:**

چاکە، گالیسکەکە چاوەڕوانە، مێز ئامادەیە، شەمپانیا نراوەتە سەهۆڵەوە، خانم، بۆم هەیە لەئامێزتان بگرم. (ژنە دەرکەوانەکە لە ئامێز دەگرێ) ڤیکتۆریا.

**دەنگێکی ژنانە لە سەرەوە:**

من لێرەم!

**ئەفسەرەکە:**

(دەکەوێتە هاتوچۆ)

چاکە! من چاوەڕێم!

*

**شاعیر:**

وا بزانم پێشتر ئەمەم بینیوە.



**کچەکە:**

منیش!

**شاعیر:**

ڕەنگبێ لە خەوندا بینیبێتم؟

**کچەکە:**

یان ڕەنگبێ بەشیعر نووسرابێ؟

**شاعیر:**

یان بەشیعر نووسرابێ

**کچەکە:**

کەواتە تۆ دەزانیت شیعر چییە!

**شاعیر:**

کەواتە دەزانم خەون چییە!

**کچەکە:**

وا بزانم پێشتر لە جێگەیەک یەکترمان بینیوە و ئەم قسانەمان کردووە!

**شاعیر:**

کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

**کچەکە:**

یان خەون!

**شاعیر:**

یان شیعر!

(وەزیری داد، سەرۆکی کۆلیژەکانی ئایینناسی، فەلسەفە، پزیشکی، مافناسی)

**وەزیری داد:**

هەڵبەت مەسەلە مەسەلەی دەرگەکەیە! ئەدی سەرۆکی کۆلیژی ئایینناسی ڕای چییە؟

**سەرۆکی کۆلیژی ئایینناسی:**

ڕام نییە، بەڵکو باوەڕم وایە، کرێدۆ[٨٢]

**سەرۆکی کۆلیژی فەلسەفە:**

من پێم وایە...

**سەرۆکی کۆلیژی پزیشکی:**

من دەزانم...

**سەرۆکی کۆلیژی مافناسی:**

من گومانم هەیە تا ئەوکاتەی بەڵگە و شایەت پەیدا دەکەم!

**وەزیری داد:**

ئێستا هەمدیس بەردەبنە یەکتری، یەکەم جار تۆ ئەی ئایینناس... باوەڕت چییە؟

**ئایینناس:**

من باوەڕم وایە کە ئەم دەرگەیە نابێ بکرێتەوە لەبەرئەوەی حەقیقەتگەلی ترسناکی حەشارداوە.

**فەیلەسووف:**

حەقیقەت هەرگیز ترسناک نییە.

---

(٨٢) Credo وشەیەکی لاتینییە، واتە باوەڕم وایە...



**پزیشک:**

حەقیقەت چییە[٨٣] ؟

**مافناس:**

حەقیقەت ئەوەیە کە بە دوو شایەت دەسەلمێنرێت!

**ئایینناس:**

یاسا شێوێنەرێک دەتوانێ بە دوو شایەتی قەڵب هەموو شتێک بسەلمێنێت[٨٤].

**فەیلەسووف:**

حەقیقەت حیکمەتە، حیکمەتیش کە مەعریفەیە خودی فەلسەفەیە، فەلسەفە زانستی زانستەکانە، مەعریفەی مەعریفەکانە، هەموو زانستەکانی تریش خزمەتکاری فەلسەفەن.

**پزیشک:**

تەنیا زانستێک هەبێ زانستی سروشتە، فەلسەفە زانست نییە، تەنیا ڕامانی بەتاڵە.

**ئایینناس:**

هەی ئافەرین!

**فەیلەسووف:**

(بۆ ئایینناس)

---

(٨٣) پرسیارێک کە پیلاتیوس لە مەسیحی کرد.

(٨٤) بەر لەو یاسایەی کە پێی دەگوترێت "هەڵسەنگاندنی بەڵگە" کە لە ساڵی ١٩٤٢ەوە کاری پێ کرا، دوو شایەت بەس بوون وەک بەڵگەی پێویست بۆ بڕیاردانی دادگا.

تۆ دەڵێیت هەی ئافەرین! بۆ تۆ خۆت چیت؟ تۆ تەواوێک دوژمنی میراتی زانستیت، تۆ دژی مەعریفەیت، تۆ جەهل و تاریکییت.

**پزیشک:**

هەی ئافەرین!

**ئایینناس:**

(بۆ پزیشک)

تۆ دەڵێیت هەی ئافەرین، تۆیەک کە ژێر زەرەبینێکی گەورەکەر ئەولاوەتر نابینیت، تۆیەک کە تەنیا باوەڕ بە هەستە فریودەرەکانت دەکەیت، بۆ نموونە بە چاوت، کە دەکرێت دووربین بێت، کورتبین بێت، کوێر بێت، لێڵ بێت، خێل بێت، یەکچاو بێت، ڕەنگکوێر بێت، سوورکوێر بێت، سەوزکوێر بێت،

**پزیشک:**

هەی گەمژە!

**ئایینناس:**

هەی کەرە!

(دەکەونە گیانی یەک)

**وەزیری داد:**

هێور بن! نابێ قەلەڕەشکە دەنووک لە چاوی قەلەڕەشکە بدات[٨٥]!

**فەیلەسووف:**

ئەگەر بڕیار بێت لە نێوان ئەم دووانە، لە نێوان ئایینناسی و

(٨٥) ئیدیۆمێکی زۆر کۆنی سویدییە، لای خۆمان دەگوترێت: قەل بە قەلی گوت ڕووت ڕەش بێت. و. کوردی.



پزیشکییدا یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوا هیچیان هەڵنابژێرم!

**مافناس:**

ئەگەر بڕیاریش بێت من وەک دادوەرێک دادگایی ئێوە هەرسێکتان بکەم، ئەوا چتاقتان تاوانبار دەکەم! خۆ ئێوە تەنانەت ناشتوانن لەسەر تاقە خاڵێکیش پێک بێن و قەتیش نەتانتوانیوە پێک بێن! دەی با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەکە! ئەدی وەزیری داد رای چییە سەبارەت بەم دەرگەیە و کردنەوەی؟

**وەزیری داد:**

ڕای من؟ من هیچ ڕایەکم نییە! من تەنیا لەلایەن حکوومەتەوە لە ئەنجومەنی زانکۆدا دانراوم تا ئێوە دەست و قاچی یەکتر نەشکێنن، لە کاتێکدا کە خەریکی پەروەردەکردنی گەنجانن! ڕای من؟ نەء من خۆم لە ڕا دەربڕین دەپارێزم. جارێک لە جاران هەندێک ڕام هەبوون، بەڵام دەستوبرد بەدرۆ خرانەوە، ڕاکان دەستوبرد بەدرۆ دەخرێنەوە، هەڵبەت لەلایەن نەیارانەوە! ڕەنگبێ بتوانین ئێستا دەرگەکە بکەینەوە، تەنانەت ئەگەر مەترسی ئەوەش هەبێ کە حەقیقەتگەلی ترسناکیش لەودیوییەوە هەبێت؟

**مافناس:**

حەقیقەت چییە؟ حەقیقەت چییە؟

**ئایینناس:**

من حەقیقەت و ژیانم [٨٦]

(٨٦) ئاماژەیە بەقسەکەی مەسیح بۆ تۆماسی ئاپۆستێل (شاگردی).

**فەیلەسووف:**

من مەعریفەی مەعریفەکانم،

**پزیشک:**

من زانستە تەواوەکەم...

**مافناس:**

من گومانم هەیە! (دەکەونە گیانی یەک)

*

**کچەکە:**

ئەی مامۆستای گەنجەکان، شەرمەزار خۆتان!

**مافناس:**

وەزیری داد، ئەی نوێنەری حکوومەت و سەرۆکی ئەنجوومەنی مامۆستایان، سزای یاسایی ئەم ژنە یاساشکێنە بدەن! ئەو بەئێوەی گوت شەرمەزار خۆتان، دەی ئەمە سووکایەتییە، هەروەها بە واتایەکی تەوساویی و گاڵتەبازانە ئێوەی بە مامۆستای گەنجەکان بانگ کرد، دەی ئەمەش بەدناو کردنە.

**کچەکە:**

ئەی گەنجانی داماو.

**مافناس:**

حەسرەت بۆ گەنجەکان هەڵدەکێشێ، ئەمە خەتابارکردنی ئێمەیە! جەنابی وەزیری داد، سزای ئەم یاساشکێنە بدە.

**کچەکە:**

بەڵێ، من ئێوە خەتابار دەکەم، ئێوە بە گشتیی، کە گومان و ناکۆکی لە زەینی گەنجەکاندا دەچێنن.



**مافناس:**

گوێت لێیە، ئەو خۆی گومان سەبارەت بە دەسەڵاتمان بەسەر گەنجەکاندا دەورووژێنێ و خەتاباریشمان دەکا کە ئێمە دردۆنگیی دەورووژێنین! ئایا ئەمە بەڵگەیەکی تاوانکارانە نییە؟ من ئەم پرسیارە ئاراستەی هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان دەکەم؟

*

**هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان:**

با، تاوانکارانەیە!

**مافناس:**

هەموو خەڵکە ڕاست بیرکەرەوەکان تاوانباریان کردیت! بە سەلامەتی بەدەسکەوتەکانتەوە بڕۆ! ئەگینا...

**کچەکە:**

دەسکەوتەکانم؟ دەنا؟ دەنا چیی؟

**مافناس:**

دەنا بەردباران دەکرێیت.

**شاعیر:**

یان لە خاچ دەدرێیت.

**کچەکە:**

من دەڕۆم! وەرە لەگەڵم، لە مەتەڵەکە دەگەیت.

**شاعیر:**

کام مەتەڵ؟

**کچەکە:**

مەبەستی چی بوو لە ‹دەسکەوتەکانم›؟

**شاعیر:**

ڕەنگە هیچ شتێک، ئەو شتە بووە کە ئێمە پێی دەڵێین قسە! ئەو قسەی کرد.

**کچەکە:**

بەڵام بەو قسەیە زۆر قووڵ سووکایەتی پێ کردم.

**شاعیر:**

هەڵبەت بۆیە ئەو قسەیەی کرد، خەڵکی ئاوهان.

*

**هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان:**

هێییی! دەرگەکە کرایەوە!

*

**وەزیری داد:**

چی لەودیو دەرگەکەوە حەشار دراوە؟

**وەستای شووشە:**

ناتوانم هیچ شتێک ببینم.

**وەزیری داد:**

ناتوانێ هیچ شتێک ببینێ، نا باوەڕ ناکەم! ئەی سەرۆک کۆلیژەکان! چی لەودیو دەرگەکەوە حەشار دراوە؟

**ئایینناس:**

هیچ! ئەمە هەڵهێنانی مەتەڵی جیهانە، خوا لە سەرەتادا لە هیچە ئاسمان و ئەرزی خوڵقاند.

**فەیلەسووف:**

لە هیچەوە بووە هیچ،



**پزیشک:**

قسەی قۆڕ، ئەوە هیچە،

**مافناس:**

من گومانم هەیە، ساختەیەک لەمەدا هەیە. پەنا بۆ ڕاست بیرکەرەوەکان دەبەم!

*

**کچەکە:**

(بۆ شاعیر) ئەو ڕاست بیرکەرەوانە کامانەن؟

**شاعیر:**

ئا، بڵێ، ئەو کەسەیە کە دەتوانێ! هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان بە زۆریی یەک کەسن، ئەمڕۆ منم و ئەوان منن، سبەینێ تۆ ئەوانیت و ئەوانیش تۆن! شتێکە کە مرۆڤی بۆ دادەمەزرێنرێت، یان ڕاستتر مرۆڤ خۆی بۆ دادەمەزرێنێ.

*

**هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان:**

هەڵیان خەڵەتاندین!

**وەزیری داد:**

کێ هەڵی خەڵەتاندن؟

**هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان:**

کچەکە!

**وەزیری داد:**

کچەکە حەز دەکا بفەرموێ پێمان بڵێ مەبەستی لەم دەرگە کردنەوەیە چی بوو؟

**کچەکە:**

نەء، هاوڕێیانی میهرەبان! ئەگەر بیڵێم باوەڕم پێ ناکەن!

**پزیشک:**

هەڵبەت هیچە!

**کچەکە:**

تۆ زانیت! بەڵام تێی نەگەیشتوویت!

**پزیشک:**

ئەوەی دەیڵێیت قسەی قۆڕە.

**هەموو:**

قسەی قۆڕ!

**کچەکە:**

(بۆ شاعیر) ئەوانە چەند گوناحن.

**شاعیر:**

بە ڕاستتە؟

**کچەکە:**

هەمیشە بە ڕاستمە!

**شاعیر:**

پێت وایە ئەو ڕاست بیرکەرەوانەش گوناحن؟

**کچەکە:**

ڕەنگە گوناحتر بن!

**شاعیر:**

ئەو چوار کۆلیژەش؟



**کچەکە:**

ئەوانیش کەمتر گوناحتر نین! چوار سەر، چوار ئەقڵ لە جەستەیەکدا! کێ ئەم دەعبایەی خوڵقاندووە؟

**هەموو:**

کچەکە وەڵام ناداتەوە!

**وەزیری داد:**

کەواتە لێی بدەن!

**کچەکە:**

من وەڵامم دایەوە!

**وەزیری داد:**

گوێتان لێیە وەڵام دەداتەوە!

**هەموو:**

لێی بدەن! وەڵام دەداتەوە!

**کچەکە:**

وەڵام بداتەوە یان وەڵام نەداتەوە، لێی بدەن! وەرە ئەی فاڵگرەوە، من دوور لێرە مەتەڵەکەت پێ دەڵێم، لە ئەرزە قاقڕەکاندا پێت دەڵێم تا کەس گوێی لێمان نەبێت! چونکە...

*

**پارێزەر:**

(دێتە پێشەوە، قۆڵی کچەکە دەگرێت)

ئەرکەکانی خۆی بیرچوونەوە؟

**کچەکە:**

ئۆف خوایە، نەء! بەڵام من ئەرکی گەورەترم هەیە.

**پارێزەر:**

ئەی منداڵەکەت؟

**کچەکە:**

منداڵەکەم؟ چییەتی؟

**پارێزەر:**

منداڵەکەت بەدواتا دەگری!

**کچەکە:**

منداڵەکەم! بێچارە خۆم، من بە ئەرزەوە بەستراوم! ئەمەیە کە سینگم دەهێنێتە ژان، ئەمە پەژارەیە، چییە؟

**پارێزەر:**

بۆ نازانیت؟

**کچەکە:**

نەء!

**پارێزەر:**

ئەوە کوڵی ویژدانە!

**کچەکە:**

ئەوە کوڵی ویژدانە؟

**پارێزەر:**

ئا! ئەوە دوای هەموو کەمتەرخەمییەک وەدیار دەکەوێ. دوای هەموو خۆشییەک، تەنانەت مەعسوومترین خۆشیش، ئەگەر خۆشییەک هەبێت مەعسووم بێت، بوونی خۆشییەکی ئاوها شتێکە جێگەی گومان، دوای هەر ئازارێک کە مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە پێی دەگات!



**کچەکە:**

چ هەتوانێک ناکرێت؟

**پارێزەر:**

با، یەک هەتوان! ئەویش ئەوەیە کە دەمودەست ئەرکەکە بەجێ بهێنێ.

**کچەکە:**

کاتێ وشەی ئەرک گۆ دەکەیت لە شەیتان دەچیت! بەڵام ئەدی ئەگەر کەسێک وەک من دوو ئەرکی هەبێت کە جێبەجێیان بکات؟

**پارێزەر:**

یەکەمیان بەجێ بێنێ و ئینجا ئەوی تریان!

**کچەکە:**

یەکەم جار گەورەترینەکەیان، لەبەرئەوە، بڕۆ ئاگات لە منداڵەکەم بێت، من دەبێ ئەرکەکەم بەجێ بێنم.

**پارێزەر:**

منداڵەکەت بیرت دەکات، ئایا دەزانیت ئینسانێک بۆ تۆ ئازار دەچێژێ؟

**کچەکە:**

ئێستا من دڵم ناڕەحەت بوو، بووە دووان و دوو کەرت بوو.

**پارێزەر:**

دەبینیت، ئەوە هاونەگونجانە بچکۆلەکانی ژیانە!

**کچەکە:**

ئاه، چ بەسۆیە!

**شاعیر:**

دەزانیت لەمیانەی بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکەمەوە، سەرنج بدە ئەرک، کە گەورەترین ئەرکە، چ خەم و وێرانییەکم بڵاو کردەوە. ئایا حەز ناکەیت دەستم بگریت.

**کچەکە:**

چۆن؟

**شاعیر:**

من باوکێکم هەبوو کە ئومێدی خۆی لەسەر من، وەک کوڕە تاقانەی ڕۆنابوو تا کاروکاسبییەکەی بەڕێوە بچێت، لە پەیمانگای بازرگانیی ڕام کرد، ئیتر باوکم لە خەم و خەفەتدا مرد. دایکم دەیویست بمکاتە کەسێکی ئیماندار، من نەمتوانی ببمە ئیماندار و ئیتر دەری کردم، هاوڕێیەکم هەبوو کە لە ساتەوەختە قورسەکانی تەنگانەدا یارمەتی دەدام، هاوڕێکەم وەک زاڵم لەگەڵ ئەو کەسانەدا ڕەفتاری دەکرد کە من قسەم بۆ دەکردن و گۆرانیم بۆ دەگوتن. ئیتر من دەبوو هاوڕێ و خێرخوازەکەم ئەفەرۆز بکەم تا ڕوحی خۆم قوتارکەم! لەوساوە من ئاسوودەییم نەبینیوە، خەڵکی بە بێ ئابڕوو و بەدفەڕ بانگیان دەکردم، ئیتر ئەوە سەبووری نەدەدامەوە کە ویژدانم بڵێ: تۆ لەسەر حەقیت، چونکە ساتی دوایی ویژدان دەیگوت: تۆ هەڵەیت. ژیان ئاوهایە.

*

**کچەکە:**

وەرە لەگەڵم بۆ بیابان!



**پارێزەر:**

ئەی منداڵەکەت!

**کچەکە:**

(ئاماژە بۆ هەموو ئامادەبووان دەکا)

ئەوانە منداڵەکانی منن! هەریەکەیان بە تەنیا کەسێکی میهرەبانە، بەڵام کاتێ بەیەکتری دەگەن ئەوا بەگژ یەکتردا دەچن و دەبنە شەیتان، ماڵئاوا.

(لە دەرەوەی کۆشکەکە، هەمان دیکۆری تابلۆی یەکەم. بەڵام ئەرزی پای بناخەی کۆشکەکە ئێستا بە گوڵ پۆشراوە < گوڵە گورگ خنکێن، ئەکۆنیتیۆم >. لەسەری سەرەوەی سەربانی کۆشکەکە و لەسەر لەمپاکە[٨٧] ، خونچەی گوڵە بەیبوونێک دەبینرێ کە لەوەدایە بپشکوێ، پەنجەرەکانی کۆشکەکە بە مۆم ڕووناک بوونەتەوە)

(کچەکە و شاعیر)

*

**کچەکە:**

ئەو ساتەوەختە دوور نییە کە من بە یارمەتی ئاگر هەمدیسان بە ئێتیردا هەڵدەگڕێمەوە، ئەمە ئەوەیە کە ئێوە پێی دەڵێن مردن و  بە ترسەوە لێی نزیک دەبنەوە.

**شاعیر:**

ترس لە نەناسراوەکە!

(٨٧) Lanternin شێوە چرا یان لامپایەکە کە بە سەریانی ساختمانێک یان بورجێکەوە دادەنرێت.

**کچەکە:**

ئەوەی کە ناسراوە!

**شاعیر:**

کێ دەیناسێت؟

**کچەکە:**

هەمووو! بۆچی باوەڕ بە پێغەمبەرەکانتان ناکەن؟

**شاعیر:**

پێغەمبەرەکان هەمیشە باوەڕ پێ نەکراو بوون، ئەوە بۆ وایە؟ «ئەگەر خوا ئاخافت، ئەدی بۆ خەڵکی باوەڕ ناکەن؟» دەسەڵاتە جێباوەڕەکەی دەبوو خۆ لەبەردا نەگیراو بووایە!

**کچەکە:**

تۆ هەمیشە خانەگومان بوویت؟

**شاعیر:**

نەء! من زۆر جار خاوەن دڵنیایی بووم، بەڵام دوای سەردەمێک ئەو دڵنیاییە نەما، وەک خەونێک کاتێک کە مرۆڤ بێدار دەبێتەوە!

**کچەکە:**

مرۆڤبوون ئاسان نییە!

**شاعیر:**

تۆ لەوە تێ دەگەیت و ددانی پێدا دەنێیت؟

**کچەکە:**

بەڵێ!

**شاعیر:**

گوێ بگرە، ئایا ئەوە ئیندرا نەبوو کە جارێکیان کوڕەکەی بۆ



خوارەوە بۆ ئێرە ڕەوانە کرد تا گوێ لە دادوبێدادی خەڵک ڕادێرێت؟

**کچەکە:**

با، ئەو بوو! ئەدی چۆن پێشوازی کرا؟

**شاعیر:**

ئەو چۆن ئەرکەکەی سەرشانی بەجێ هێنا؟ بە پرسیارێک وەڵامم دای تەوە.

**کچەکە:**

بە پرسیارێکی تر وەڵامت دەدەمەوە، دوای سەردانەکەی ئەو بۆ سەر زەوی ئایا بارودۆخی خەڵک باشتر بوو؟ ڕاستبێژانە وەڵامم بدەوە.

**شاعیر:**

باشتر بوو؟ با، نەختێک! زۆر نەختێک، بەڵام لەبری پرسیار: حەز دەکەیت مەتەڵەکەم پێ بڵێیت.

**کچەکە:**

ئا، بەڵام ئەوە چ کەڵکێکی هەیە؟ خۆ تۆ باوەڕم پێ ناکەیت!

**شاعیر:**

باوەڕ بە تۆ دەکەم، چونکە دەزانم تۆ کێیت!

**کچەکە:**

ئێ باشە، پێت دەڵێم!

لە بەرایی دنیادا بەر لەوەی هەتاو بکەوێت، براما، هێزی مەزنی خوایی، ڕۆیشت تا مایای دایکی دنیا بۆ زاووزێ فریو بدا. ئەم بەریەک کەوتنەی توخمی خوایی لەگەڵ توخمی ئەرزییدا،

گوناهی مەزن بوو. بەم شێوەیە دنیا و ژیان و خەڵک تەنیا تارماییيەکن، سەرابێکن، خەونەوێنەیەکن.

**شاعیر:**

خەونی من!

**کچەکە:**

خەونێکی ڕاستی، بەڵام بۆ ڕزگاربوون لە توخمی ئەرزیی، نەوەکانی براما بەدوای بێدرێخیی و عەزابدا دەگەڕێن، لەوێدا عەزاب وەک ڕزگارکارە، بەڵام ئەم تامەزرۆبوونە بۆ عەزاب لەگەڵ حەزی لەزەتکردن یان خۆشەویستیدا دژ دەوەستێتەوە، ئێستا لە مانای خۆشەویستی تێگەیشتیت، خۆشەویستیی، بڵندترین شادمانییەکان لە گەورەترین عەزابەکاندا، خۆشترین شت لە تاڵتریندا! ئێستا حاڵی بوویت ژن چییە؟ حاڵی بوویت کە ژن، لەمیانەی چ گوناه و مردنێکەوە خۆی بەژیاندا دەکات؟

**شاعیر:**

حاڵی بووم! ئەی دوایی...؟

**کچەکە:**

ئیتر تۆ خۆت ئەوە دەزانیت، شەڕ لە نێوان لەزەتی ئازار و عەزابی لەزەتدا، سارێژکەری خەم و خۆشیی لەزەت.[٨٨]

**شاعیر:**

واتە شەڕ؟

(٨٨) Vallusing مەبەست لە چێژی سێکسوالێیە، کەسێک کە بە دوای چێژی سێکسوالییدا دەگەڕێت. و. کوردی



**کچەکە:**

شەڕ لە نێوان دژەکاندا هێز بەرهەم دەهێنێ، وەک ئاگر و ئاو کە هێزی هەڵم دروست دەکەن.

**شاعیر:**

بەڵام ئەدی ئاشتی؟ ئاسوودەیی؟

**کچەکە:**

بێدەنگ، تۆ ئیتر بۆت نییە لەوە زیاتر پرسیار بکەیت و منیش بۆم نییە وەڵام بدەمەوە! ئەڵتارەکە بۆ قوربانییەکە ڕازێنراوەتەوە، گوڵەکان پاسەوانیی دەکەن، چراکان هەڵکراون، سەرچەفە سپییەکان بە پەنجەرەکانەوەن، چقڵی سنەوبەر لەبەر دەرگەکەیە.[٨٩]

**شاعیر:**

ئەمە بە ئارامیی دەڵێیت وەک ئەوەی چ عەزابێک بۆ تۆ بوونی نەبێت.

**کچەکە:**

نەبێت؟ من هەموو عەزابەکانی ئێوەم چەشتووە، سەدان جاریش، چونکە مەزەندەکانی من جوانترە.

**شاعیر:**

ئەدی خەمەکانت؟

**کچەکە:**

ئەی شاعیر، تۆ توانیوتە لە خەمەکانی خۆت بدوێیت کە پڕاوپڕ

(٨٩) ڕێوڕەسمێک کە لە ماڵێکی تازیەباردا ڕێک دەخرێت و لە مردنی کەسەکەوە تا بەخاکسپاردنی دەخایەنێت.

گوزارشتت لێ کردبێت، ئایا تاقە جارێک قسەت بووەتە چوارچێوەی ئەندێشەت؟[٩٠]

**شاعیر:**

تۆ ڕاست دەکەیت، نەء! من وەک کەڕ و لاڵێک بەبەردەم خۆمدا ڕۆیشتووم، کاتێک خەڵک بە سەرسامییەوە گوێیان لە گۆرانییەکانم ڕادێراوە، من خۆم ئەو گۆرانییەم وەک شتێکی ناقۆڵا بینیوە، بۆیە دەبینیت من هەمیشە کاتێک خەڵک پیایاندا هەڵداوم، شەرمم کردووە.

**کچەکە:**

دەشتەوێ کە من؟ لە چاوم بنۆڕە.

**شاعیر:**

بەرگەی نیگات ناگرم.

**کچەکە:**

ئەدی چۆن بەرگەی وشەکانم دەگریت ئەگەر من بە زوبانەکەی خۆم بدوێم.

**شاعیر:**

کەواتە بەرلەوەی بڕۆیت، پێم بڵێ: لە خوارەوە، چ شتێک لە هەموو شتەکانی تر زیاتر ئازاری دایت؟

**کچەکە:**

شتێکی وەک ئەوەی... کە هەبم، ئەوەی کە هەست بکەم چاوێک ڕوانینمی لاواز کردووە، کە گوێیەک بیستنمی تەمبەڵ کردووە،

(٩٠) گۆرانی شاعیر دەڵێت: هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم ... بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم. و. کوردی.



ئەوەی کە ئەندێشەم، ئەندێشە بەرئاوەڵە و ڕووناکەکەم لە پێچاوپێچی چەورایی ئەقڵدا شەتەک بدرێ. هەڵبەت تۆ مێشکێکت بینیوە، چ ڕێگەگەلێکی پێچاوپێچ، چ ڕێگەگەلێکی خشۆکیی.

**شاعیر:**

ئا، ئەوە بۆیە هەموو ڕاست بیرکەرەوەکان پێچاوپێچ بیردەکەنەوە.

**کچەکە:**

شەڕانگێز، هەمیشە شەڕانگێز، بەڵام ئێوە هەمووتان ئاوهان!

**شاعیر:**

ئەدی مرۆڤ چۆن دەتوانێ شتێکی تر بێت؟

**کچەکە:**

من ئێستا یەکەم جار تۆز و خۆڵ و قوڕ لە پێ و پلم دەپروێنم.

(پێڵاوەکانی دادەکەنێ و دەیانخاتە نێو ئاگرەکەوە)

*

**ژنە دەرگەوان:**

(دێتە ژوورەوە، شاڵەکەی دەخاتە نێو ئاگرەکەوە)

ڕەنگە منیش بۆم هەبێ شاڵەکەم بسووتێنم؟

(دەچێتە دەرەوە)

**ئەفسەرەکە:**

(دێتە ژوورەوە)

منیش گوڵە باخەکانم کە تەنیا دڕکەکانی ماون.

(دەچێتە دەرەوە)

**پۆستەرچی:**

(دێتە ژوورەوە)

با پۆستەرەکان بڕۆن، بەڵام تۆڕەکە هەرگیز!

(دەچێتە دەرەوە)

**وەستای شووشە:**

(دێتە ژوورەوە)

ئەی ئەڵماسەکە کە دەرگەکەت کردەوە، خواحافیز،

(دەچێتە دەرەوە)

**پارێزەر:**

(دێتە ژوورەوە)

پرۆتۆکۆڵی دادگاییەکە لەبارەی ڕیشی پاپا یان کەمبوونەوەی ئاوی سەرچاوەکانی ڕووباری گانگ[٩١] وە.

(دەچێتە دەرەوە)

**لێپرسراوی قەرەنتینە:**

(دێتە ژوورەوە)

کۆمەکێکی کەم لەو دەمامکە ڕەشەی کە بەبێ ویستی خۆم کردمییە قولەڕەش.

---

(٩١) نموونەیەکە بۆ مەسەلە ئەبەدییە ناکۆکیی ئامێزەکان. لە دوای ساڵی ١٧٠٠وە پاپاکان ڕیشیان نەدەهێشتەوە، شتێکی بێ ئاکام بوو کە دەمە دەمێ بکەیت لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ بەرلەوە پاپا ڕیشی هەبووە یان نا، ئەمەش بووە ئیدیۆم و قسەی نەستەق، سەبارەت بە کەمبوونەوەی ئاوی سەرچاوەکانی ڕووباری گانگ یش، لەبەرئەوەی سەرچاوەکانی ئاوەکە هێند زۆر بوون کە ئیدی دەکرا ناکۆکی لەسەر کەمبوونەوەی ئاوەکە تا ڕادەیەک بێ کۆتایی بێت.



(دەچێتە دەرەوە)

**ڤیکتۆریا:**

(دێتە ژوورەوە)

جوانییەکەم، خەمەکەم.

(دەچێتە دەرەوە)

**ئیدیت:**

(دێتە ژوورەوە)

دزێوییەکەم، خەمەکەم.

(دەچێتە دەرەوە)

**کوێرەکە:**

(دێتە ژوورەوە، دەست بە ئاگرەکەدا دەکات)

من دەستم بەرامبەر چاوم دەدەم!

(دەچێتە دەرەوە)

**دۆن جوان:**

(لەسەر عارەبانەی پێچکەدار دێتە ژوورەوە) ئەم و ئەو

**دۆن جوان:**

پێهەڵگرن، پێهەڵگرن، ژیان کورتە!

(لەگەڵ ئەوانی تردا دەچێتە دەرەوە)

*

**شاعیر:**

من خوێندوومەتەوە کاتێک ژیان لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە، هەموو شتێک و هەموو کەسێک بە تاقە ڕێپێوانێک هوروژم دێنن، ئایا ئەمە کۆتاییە؟

**کچەکە:**

بەڵێ، کۆتاییی منە، خواحافیز.

**شاعیر:**

ماڵئاواییەک بکە!

**کچەکە:**

نەء، ناتوانم! پێت وایە کە وشەکانی ئێوە ئەندێشەکانی ئێمەی پێ بگوترێ.

**ئاینناس:**

(دێتە ژوورەوە، توورە) من خوا حاشای لێ کردووم، خەڵکی ڕاویان ناوم، حکومەت دەسبەردارم بووە و برا پایەبەرزەکانم سووکایەتییان پێ کردووم! چۆن دەتوانم باوەڕ بێنم کاتێ کە هیچ کەسێک باوەڕ ناهێنێ. چۆن دەتوانم بەرگری لە خوایەک بکەم کە ئەوان بەرگری لە خوای خۆیان نەکەن؟ قسەی قۆڕە.

(کتێبێک فڕێدەداتە ئاگرەکەوە و دەڕوات)

**شاعیر:**

(کتێبەکە لە ئاگرەکە دەردەهێنێ)

دەزانیت ئەمە چییە؟ شەهیدنامەیە، ڕۆژژمێرێکە کە هەر ڕۆژێکی ساڵ شەهیدێکی لەخۆ گرتووە.

**کچەکە:**

شەهید؟

**شاعیر:**

بەڵێ، ئەوەی کە لەپێناو بیروباوەڕیدا ئەشکەنجە دەدرێت و دەکوژرێت.



**کچەکە:**

پێت وایە هەموو ئەو کەسانەی ئەشکەنجە دەدرێن، عەزاب دەچێژن و هەموو ئەوانەی کە دەکوژرێن هەست بە ئازار بکەن؟ ئەدی عەزاب لەدایکبوونە و مردنیش ڕزگارکارە.

**کریستین:**

(بە لێوارە کاخەزییەکانەوە)

من سریشکاریی دەکەم، سریشکاریی دەکەم تا ئەو کاتەی کە هیچ شتێک نامێنێ سریش بکرێت.

**شاعیر:**

ئەگەر خودی ئاسمانیش درز بەرێت، تۆ دەبێ هەوڵ بدەیت سریشی بکەیت، بڕۆ!

**کریستین:**

ئەدی چ پەنجەرەیەکی ناواخن لەوێ لە کۆشکەکە نییە؟

**شاعیر:**

نەء، نییە!

**کریستین:**

دەی کەواتە دەڕۆم!

(دەچێتە دەرەوە)

*

**کچەکە:**

ماڵئاواییمان بەڕێوەیە و کۆتایی نزیک دەبێتەوە
خواحافیز ئەی زارۆکی ئینسان، ئەی خەونبین
خواحافیز تۆ ئەی شاعیر: کە باشترین ژیان دەژی

بەباڵی شەکاوەوە بەسەر ئەرزدا دەسووڕێتەوە
جار بەجار لە خۆڵدا غەرق دەبێ
تا ئەوەی کە بە ئەسپایی بەری کەوتووە، پێیەوە نەنووسێت
......................................
ئێستاش کە من دەڕۆم، لە ساتی ماڵئاواییدا
کاتێ مرۆڤ دەبێ لە هاوڕێیەک، لە جێگەیەک جیا دەبێتەوە
ئەدی چۆن هەستی لەدەستدان بۆ شتێک دات دەگرێ کە مرۆڤ خۆشی ویستووە،
پەژیوانیش بۆ شتێک کە مرۆڤ شکاندوویەتی
ئاه، ئێستا من هەست بە عەزابی بوون دەکەم
ئاوهایە ئینسانبوون.
مرۆڤ تەنانەت تامەزرۆی ئەو شتەش دەبێت کە نرخی نەزانیوە
مرۆڤ تەنانەت لەو شتەش ژێوان دەبێ کە نەیشکاندووە
یەکێک دەیەوێ بڕوات، یەکێک دەیەوێ بمێنێتەوە
ئاوهایە کە هەردوو نیوەی دڵ هەریەکەی بەرەو ئاراستەی خۆی دەڕوا
هەستیش وەک بەژێر پێی ئەسپەوە بوون
بە ناکۆکی و ڕاڕایی و ناهارمۆنییەت دادەوەشێت
.........
خواحافیز! بە خوشک و براکانت بێژە کە لە یادما دەبن
بۆ ئەو شوێنەی کە ئێستا بۆی دەڕۆم
بە ناوی تۆوە، دادوبێدادیان بۆ عەرش دەبەم



چونکە، ئینسان گوناحە
خواحافیز!

(دەچێتە کۆشکەکە. مۆسیقا دەبیسترێت! پاشینەی شانۆ کۆشکە سووتاوەکە ڕووناک دەکاتەوە و ئێستا یەک دیوار لە ڕوخساری پرسیارکەرانە و خەمبارانە و بەدگومانانەی مرۆڤ وەدیار دەکەوێت، کاتێ کۆشکەکە دەسووتێ خونچەی گوڵەکە لەسەر سەربانەکە، دەپشکوێ و دەبێتە گوڵە بەیبوونێکی زەبەلاح.)

پەردە

# دەسپێکە نواندن

بۆ خەونە نمایشێک(*)

(پاشینەی شانۆ کڵاوەی هەور بەرجەستە دەکات کە لە چیای دارِماو دەچێ بە کۆشک و دارو پەردووی قەڵاوە.

کۆئەستێرەکانی شێر، پاکیژە و تەرازوو دەبینرێن، لە نێوانیاندا پلانێتی جۆپیتەر زۆر بەتین دەدرەوشێتەوە[1])

(*) وا پێدەچێ کە لە ساڵی ١٩٠٦ و لە مانگی سێپتێمبەردا ستریندیاری ئەم پاشکۆیەی بۆ «گەمە خوونێک» نووسیبێ و لە یەکەمین نمایشی شانۆنامەکەدا لە (شانۆی سوێدی) لە ١٧ی ئاپریلی ١٩٠٧دا پیشان دراوە. تێکستەکە بۆ دەسنووسە ئۆرگیناڵەکەی ستریندباری گەڕاوەتەوە و لە مۆزەی ستریندباریدا پارێزراوە.

(١) بەگوێرەی ئەستێرەناسیی دێرین چوار کۆئەستێرە لە بازنەی بورجە فەلەکییەکاندا هەن، ئەو ناوچەیەی کە لە باندێک دەچێت گەمارۆی گەشتی درۆزنینەی ساڵانەی خۆری بە دەوری ئاسماندا داوە. هەموو کۆئەستێرەیەک خاوەن جێگەیەکە کە پێی دەگوترێت خانوو، کە هاوبەرامبەرە لەگەڵ یەک لەسەر دوازدەی بازنەی بورجە فەلەکییەکان. خۆر لە ٢١ی مارتدا، کە شەو و ڕۆژ لە بەهاردا وەک یەکیان لێ دێت، دەچێتە یەکەمین خانوویەوە و لە ٢٣ی مارتدا، کە شەو و ڕۆژ لە بەهاردا وەک یەکیان لێ دێت، دەچێتە یەکەمین خانوویەوە و لە ٢٣ی تەمووزدا، دەچێتە پێنجەمین خانوو "بورجی شێر"ەوە، لەمیانەی چوونە نێو خانووەکانی پاکژە و تەرازووەوە، لەسەر گەشتەکەی بەردەوام دەبێت تا لە ٢٣ی سێپتێمبەردا، کە لە پایزدا درێژیی شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێ دێت، دەگاتە تەرازوو. ئەستێرەناسەکان پێیان وایە کە جۆپیتەر، بەختهێنەرە.



**کچەکەی ئیندرا:**

(لە سەری سەرەوەی هەورەکە ڕاوەستاوە)

**دەنگی ئیندرا:**

(لە سەرەوە)

کچێ ئەوە لە کوێی؟ لە کوێ؟

**کچی ئیندرا:**

لێرەم باوکە، لێرە!

**دەنگی ئیندرا:**

ڕۆڵە تۆ ڕێگەت بزر کردووە، ئاگات لەخۆت بێ نەکەویت، چۆن گەیشتوویتەتە ئەوێ؟

**کچەکەی ئیندرا:**

دوای درەوشەی برووسکە کەوتم لە ئێتیری بڵند

هەورێکم کردە واگۆنی سەفەر، بەڵام هەورەکە داچوو، وا ئێستاش سەفەرەکە بەرەو خوارەوەیە.

بڵێ ئەی ئیندرا، باوکی مەزن، من کەوتوومەتە چ ناوچەیەکەوە

هەواکەی توندە و بە زەحمەت هەناسەمان بۆ دەدرێت؟

**دەنگی ئیندرا:**

تۆ دنیای دووەمت جێ هێشتووە و چوویتەتە سێیەمەوە[2]،

(٢) بەگوێرەی میتۆلۆجیای هیندی، گەردوون لە سێ دنیا پێک هاتووە: ئاسمان: یەکەم دنیا، هەوا: دووەم دنیا، ئەرز: سێیەم دنیا. کچەکەی ئیندرا لە دنیای یەکەمەوە هات و بە دنیای دووەمدا تێپەڕی و لە ئەرز نزیک بووەوە.

تۆ لە خیوکرا(٣)ی ئەستێرەی بەیان(٤) دوورکەوتوویتەوە و
خۆت بە بازنەی هەڵماوی ئەرزدا کردووە، لەوێدا لە حەوتەمین
خانووی خۆردا هێمایەک دەستنیشان کە، ناوی تەرازووە، لەوێ
ئەستێرەی ڕۆژ(٥) دەکەوێتە پاڵ هاویەکیی پاییز(٦).
کاتێ کە درێژاییی شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێ دێت.

**کچەکەی ئیندرا:**

ناوی ئەرزت هێنا، ئایا ئەرز ئەو جیهانە تاریک و قورسەیە کە مانگ ڕووناکی دەکاتەوە؟

**دەنگی ئیندرا:**

ئەو چڕترین و قورسترین بەشەیە لە گۆکە کە لە فەزادا دەبزوێت.

**کچەکەی ئیندرا:**

بڵێ، ئەدی هەرگیز خۆر لەوێدا نادرەوشێتەوە؟

**دەنگی ئیندرا:**

بێگومان خۆر لەوێدا دەدرەوشێتەوە، بەڵام هەمیشە نا.

**کچەکەی ئیندرا:**

ئێستا هەورەکە درز دەبات، لەوێ لە خوارەوە دەبینم کە...

**دەنگی ئیندرا:**

ڕۆڵە چ دەبینیت؟

(٣) Cukra لە میتۆلۆجیای هیندیدا ناوی کەوکەبی ڤینۆسی فەرمانڕەوایە.
(٤) ناوی کەوکەبی ڤینۆسە کاتێک کە بەر لە هەتاوکەوتن لە ڕۆژهەڵاتدا دەبینرێت.
(٥) مەبەست لە خۆرە.
(٦) لە ٢٣ی سێپتێمبەردا درێژیی شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێ دێت.



**کچەکەی ئیندرا:**

دەبینم، ئەوێ جوانە... بە دارستانی سەوزەوە، بە ئاوی شینەوە، بە کوێستانی سپی و لەوەڕگای زەردەوە..

**دەنگی ئیندرا:**

بەڵێ جوانە وەک هەموو شتێکی تر کە براهما(٧) خوڵقاندوویەتی
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوێ جوانتر بوو
جارێکیان لە بەراییی زەمەندا، دوای ئەوەی شتێک ڕووی دا
بێنەزمیی لە مەدارەکەدا، ڕەنگە شتێکی تر
ڕابوونێک کە تاوانی بەدوادا هات، دەبوو بەری پێ بگیرێت..

**کچەکەی ئیندرا:**

ئێستا دەنگ دەبیستم لە خوارەوە، چ ڕەگەزێک لەوێ لە خوارەوە هەن؟

**دەنگی ئیندرا:**

دابەزە خوارەوە و ببینە، من بوختان بە منداڵەکانی ئەفرێنەر ناکەم، بەڵام ئەوەی تۆ لەم سەرەوە دەیبیستیت ئەوە زمانەکەیانە.

**کچەکەی ئیندرا:**

دەنگەکە لە... لەرینەوەکەی خۆش نییە.

**دەنگی ئیندرا:**

من ئەوە دەزانم! چونکە زوبانی دایکیان پێی دەگوترێت

(٧) Brahma لە میتۆلۆجیای هیندیدا، براهما هێزێکی خوایی لە ڕادەبەدەرە، لێرەدا وەک ئەفرێنەرێک دەخرێتە ڕوو.

شیکایەت. ئا! ڕەگەزێکی چاوبرسی و ناشکورن ئەو
خەڵکە زەمینییانە.

**کچەکەی ئیندرا:**

وا مەدوێ، من ئێستا قریوەی شادمانی دەبیستم
دەنگی گوللە و گرمە، پرشنگی لامپاکان دەبینم،
وا ئێستا زەنگەکان کەوتنە زرینگە، ئاگر داگیرسێنرا
هەزاران هەزار دەنگ
گۆرانی سوپاس و شوکرانەبژێریی بۆ ئاسمان دەچڕن
باوکە.. تۆ لە حوکمدانتا بەرامبەریان زۆر ڕەقیت.

**دەنگی ئیندرا:**

دابەزە خوارەوە و بە چاوی خۆت ببینە و بە گوێی خۆت ببیستە... پاشان بگەڕێوە و بۆم بگێڕەوە کە ئاخۆ دادوبێداد و ناڵەناڵیان چ بناخە و بیانوویەکی هەیە.

**کچەکەی ئیندرا:**

باشە، من بۆ ئەوێ دەچم، بەڵام باوکە لەگەڵم وەرە.

**دەنگی ئیندرا:**

نا، من لەوێ هەناسەم بۆ نادرێ.

**کچەکەی ئیندرا:**

ئێستا هەورەکە دادەچێ، هەناسە تەنگ دەبێ، خەریکە دەخنکێم
ئەمە هەوا نییە کە من هەناسەی پێ دەدەم، بەڵکو دووکەڵ و ئاوە



زۆر قورس، بەرەو خوارەوە، خواری خوارەوە کێشم دەکات
ئێستا بە باشی هەست بەملاولا لاربوونەوەی دەکەم
هەڵبەت ئەم سێیەمین دنیایە باشترینیان نییە.

**دەنگی ئیندرا:**

بێگومان باشترینیان نییە، بەڵام خراپترینیشیان نییە
ئەو دنیایە ناوی تۆزوخۆڵە، وەک دنیاکانی تر دەسووڕێتەوە
لەبەرئەوە خەڵکەکەی جاروبار دووچاری سەرەسووڕە دەبن
لە نێوان سنووری دێوانەیی و تێکچووندا
ئازا بە ڕۆڵەکەم، ئەمە تەنیا تاقیکردنەوەیەکە.

**کچەکەی ئیندرا:**

(لەسەر ئەژنۆ، لە کاتێکدا کە هەورەکە دادەبەزێ)
من ڕۆدەچم.

پەردە